# ڕۆچوون بەناخی هەڵبەستدا

ئەحمەد تاقانە

# ڕۆچوون بەناخی هەڵبەستدا

کۆمەڵێك وتار و لێکۆڵینەوە و وەرگێڕانە لەبارەی
شیعر و شاعیرە کوردە تازە و کۆنەکانەوە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

ئەحمەد تاقانە
ڕۆچوون بەناخی هەڵبەستدا
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٣٤
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١٨٢ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل . کوردستان کەیفی

ژێنك:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9933-487-04-1

پێڕست


پێشدەستییەك بۆ ئەم وتارانە ........ ٧
ڕواڵەتی هەڵبەستی نوێ ........ ٩
ڕۆچوون بەناو هەڵبەستدا – شێرکۆ بێکەس ........ ١٤
ڕۆچوون بەناو هەڵبەستدا ........ ١٦
پۆستەر... لە شیعردا ........ ٢٧
دەسکاریکردنی دەقی ئەدەبی ........ ٣٤
لەبارەی هەندێك لایەنی هونەریی شیعری نوێوە ........ ٤٢
هەڵبژاردە لە دیوانی ڕۆژی کوردستان ........ ٥٠
″زارا بادەدا″ و تەڕاتێنێکی سەربەخۆ ........ ٦٩
پایزی جاران و لێکۆڵینەوەیەکی تر ........ ٧٨
ئەمین فەیزی لەو سەرچاوانەدا کە دەستمان کەوتوون ........ ٩٠
خاڵصی ........ ١١٣
″محەمەد راسخ″ی شاعیری کەرکووکی ........ ١٢٣
عەبدوڵڵا جەودەت ........ ١٣٤
نابی ........ ١٤٦
وێنەیەك و پێنج شاعیر ........ ١٦٠
ژیانی کۆمەڵایەتی لە شیعری شێخ ڕەزای تاڵەبانی– دا ........ ١٦٧

# پێشدەستییەك بۆ ئەم وتارانە

خوێنەری ئازیز..

ئـەم وتـارانـەی لـە بـەردەستـتـانـدایـە، لـەمـاوەیـەکی دووراودوور، کە لـە درێژاییی سی ساڵ پتردا نووسراونەتەوە و بڵاو کراونەتەوە، بە بۆچوونی خۆشم و بە هـاندانی هـەندێك لە برادەرانیشم، لە دووتوێی بـەرگی کتێبێکدا بڵاو بکرێتەوە، سوودێکی دەبێت، کە هـەرچۆنێك بێت بـەشدارییەکی ئەوەندە ساڵەیە کە تێیدا بـەوپـەڕی دڵسۆزییەوە بەشێکی تـەمـەنی خۆم لـەم بوارەدا خەرج کردووە.

ئەم وتـار و لێکۆڵینـەوە و نیمچە لێکۆڵینـەوانـەی لێرەدا دەیبینن، لـەناو چوارچێوەیەکی باسوخواسی لەبارەی شیعر و شاعیرانی کوردی تازە و کۆندا خۆیان دەبیننەوە..

دیارە ئەم بـەرهـەمـانە زادەی (بەدرێژایی) ئەوەندە ساڵە بن، دەبێ گۆڕانی بیر و بۆچوونەکانی منیش و بەرەو پێشەوە چوونی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیمان بـەگشتییان پێوە دیار بن، هـەر بۆیە هـەوڵم داوە زۆر بە وردی شوێن و ڕێکەوت و ڕۆژی بڵاوکردنەوە، یان خوێندنەوەیان دەستنیشان بکەم و تۆمـار بکەم، دا لێکۆڵەرەوە و توێژەرەوەکان بتوانن ئەو لایـەنـانـەش بە بـەرچاوەوە بگرن، کە لـە هـەموو جیهانی پێشکەوتوو و پـەرەسـەندووشدا هـەر بـەو جۆرە بووە.

لەلای خۆمـان کەمکەمە لەوانەیە بکرێ و بڵێم خەریکە لێکۆڵینەوە و لێوردبوونەوەی پتەو و سەنگین سەر دەردەکەن و خۆیان دەنوێنن، جێی ئـومـێد و دڵـخـۆشیـیـە، وەکـی تـریش گـەلـێك جـاری وابـووە بـەنـاوی ئـەو لـێکـۆڵـینـەوانـەوە، وتـاری پـچـڕپـچـڕ و (نـاگشتگیر!!) دەنووسرێ و بڵاو دەکرێتەوە کە مـافی گەلێك کەسیان تێدا بەژێر لێوەوە دەکرێ و باسی

هەندێك بابەت و لایەن دەكرێ، كەچی كەسانێكی داهێنەری هەر ئەو بوارانە، بە هەر هۆیەكەوە بێ پشتگوێ دەخرێن.. جارجارەش لەوانەیە بۆمان هەبێ و بڵێین شەڕی بێدەنگیی لە بەرامبەردا بەرپا دەكرێ، كە لەبیر و ڕۆشنبیریدا كاری لەمە ناڕەواتر نەكراوە و ناكرێ.

بەهەرحاڵ ئەم وتارانەی ئێرە، ئەگەر بتوانن جێیەكی پەسند بگرن، دەبنە مایەی خۆشحاڵی و شانازیم، ئەگەر نا ئەوە هەوڵ و كۆششێكە، وەكو گوتم بە دڵسۆزییەوە ئەنجام دراوە و ویژدانی خۆم ئاسوودە كردووە.

ئەحمەد تاقانە

كەركووك ساڵی ٢٠٠٩

# ڕواڵەتی هەڵبەستی نوێ

لـەم دوایـیـیـەدا چـەنـد کـەسێك کـەوتـبـوونـە هـات و هـاوار و بـە نـاوی نوێخوازییەوە دەستیان بە قسەی زل زل کردبوو.

ئێمەی لاوانی وێژەدۆست، گەشەیەکی تازەمان کەوتە دڵەوە، بە هیوای ئەوەوە کە ڕێبازێکی تازە لە وێژەی کوردیدا سەر هەڵبدا. کەچی ماوەیەکی دوور بەسەر ئەو دەنگە دەنگ و مقۆمقۆیەدا تێپەڕی، بێ ئەوەی شتێکی نوێ لە بڵاو کراوەکانی ئەو کۆمەڵانەدا بەدی بکەین، ئەگەرچی تاقمێك لەو تاقمانە توانیبێتیان چەند کەسێك لە دەوروبەری خۆیاندا کۆبکەنەوە و خۆیان و کەمایەتییەك بەوە هەڵخەڵەتێنن کە گوایە پێشەوایەتیی تازەکردنەوە و داهێنان دەکەن و دامەزرێنەری ڕێبازێکی تازەن لە وێژەدا.

لەوانەیە هەندێك کەس بپرسن و بڵێن: چۆن ئەمانە شتی تازەیان نەداوە بە دەستەوە و هیچیان نەکردووە؟!.

بەر لە هەموو شتێك، دەبێ ئەوە بزانین کە بوێژی بەهرەمەند و توانا مەرج نییە دامەزرێنەری ڕێباز و ڕوانگەیەکی گشتیی نوێ بێت. چونکە ڕێبازی تایبەتی، دەبێ بناغەیەکی پتەو و ڕێڕەوێکی دیاریکراوی ئاشکرای هەبێ، ئەمەش بلیمەتێکی پێ دەوێ.

گۆڕان لە شیعردا – وەکو ئاشکرایە – لە دوولادا ڕوو دەدات، لە ڕواڵەت و لە ناوەرۆکدا، لێرەدا دەمەوێ تەنیا باسی ڕواڵەتی هەڵبەستی نوێ بکەم.

من لەو بڕوایەدا نیم کە گەنجانی نوێخوازی ئەمڕۆمان – یەکێکیان – توانیبێتیان لە ڕواڵەتی شیعریاندا گۆڕانێکی ئەوتۆ بێننە کایەوە.

بزووتنەوەی گۆڕینی شیعری کوردی لە مامۆستا نووری شێخ ساڵح و مامۆستا گۆران و برادەرەکانییانەوە دەستی پێ کرد. ئەوە بوو کێشی پەنجەیان زیندوو کردەوە و ئەم ڕێگەیەیان گرت و بە کێشی پەنجەی ڕێك،

گەلێ شیعر نووسرایەوە و ڕستەکانیان لە وشەی بێگانە ڕزگار کرد.

دوا بەدوای ئەوە – نەوەی پێش ئەم نەوەی ئێستایە کە داوای نوێخوازی دەکات – یاخیبوونێك هاتە کۆڕەوە.. لە پاش ئەوەی کە هەموو دێرەکانی شیعر لە ڕووی کێشەوە وەك یەك بوو، هەندێك لە بوێژان دەستیان بە تێکدانی ئەم یاسایە کرد و کێشی دیرە هۆنراویان تێك دا، بەڵام پێوەندییەکی گشتیی کێشی تێدا هەر مایەوە.. هەندێ دێر چوار بڕگەیی بوو، هەندێکی تر دوو ئەوەندە، یان سێ ئەوەندەی ئەو بوو... ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو هەڵبەستە کوردییانەی کە بە ئازاد ناو دەبرێن کێشێکی تایبەتیی گشتیی پەنجەییان هەیە، کە ئەوەش چوار بڕگەییە... ئا لەم جۆرە هەڵبەستانە، مامۆستا – کامەران موکری – لە ساڵی ١٩٥٧، لە لاپەڕە – ١٧ –ی دیوانی (ڕاستتر لە کۆمەڵە شیعری) – دیاری –دا، ئەی کچە شوان –ی بڵاو کردووەتەوە کە لە سەرەتاکەیدا دەڵێ:

ئەی کچە شوان

هەلالەیی

ئەی کەنیزەی کەژی کوێستان

بە شێنەیی

نەرم و نیان

بە ئاوازی شمشاڵەکەت

بە لەرەی لێوە ئاڵەکەت... هتد

لە بیرەوەریی کۆچی دواییی یازدەهەمینی پیرەمێردی نەمردا عەبدوڵڵا گۆران یادی پیرەمێردی بوێژی داناوە، کە ئەمە چەند دێرێکە لە سەرەتایەوە:

ئەم بەهارە

لەسەر گردی مامەیارە

بۆ یانزە جار،

نوێ گوڵاڵەی سووری بەهار

خوێنی ڕژایە سەر گیای سەوز

خوێن پەنگی خواردەوە، وەك حەوز...

لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە بڵێم کێ ئەم جۆرە هۆنراوەیەی بۆ یەکەم جار داهێنا، بەڵام ویستم تەنیا ئەوە ڕوون بکەمەوە کە ئەم جۆرە هەڵبەستە دەمێکە کەوتووەتە ناو وێژەی کوردییەوە.

مایەوە کۆمەڵە نووسراوی سێیەم.. ئەوەش ئەو پارچە نووسراوانەن کە بە ڕستەی کورت کورتی لە کێش و سەروا ڕزگار بووەوە نووسراوەتەوە. لەم دواییەدا – لەتیف هەڵمەت – بۆ یەکەم جار بەو جۆرەی نووسیبووەوە و بە هەڵبەستی تازەی داهێنراوی دانابوو. بۆ نموونە لە دیوانی – خواو شارە بچکۆلەکەمان – داو لە لاپەڕە – ٤٣ – دا، وشە سووتاوەکان دەبینین، تێیدا دەڵێ:

کپی و خامۆشی خۆڵەمێشێکی نەبینراو

لە دەلاقەی زامەکانەوە

هەناسەی ژیان لە ڕێگاکانا ئەدزێ

باوێشکی تاریکایی شەختەیەکی تەزیو و زبرە

ئەیەوێ ئەژنۆی مێژوو بشکێنێ

باڵی ئەم دارە شۆڕانە دامەوەشێنن... هتد.

هەر لە پاش ئەوەشەوە – شێرکۆ بێکەس – بەو جۆرەی نووسیبوو لەژێر ناوی – پەخشانی نوێ –دا بڵاوی کردبووەوە، بەلای منەوە یا بۆ ئەوە پەردەی پەخشانی نوێی بەسەر ئەو نووسراوەدا دادا بوو، بۆ ئەوەی

خەڵکەکە نەڵێن لاساییی – لەتیف هەڵمەت –ی کردووە، یانیش بۆ ئەوەی بە خەڵك بگەیەنێ کە ئەویش دەتوانێ شتی وا بنووسێ، بەڵام ئەوە پەخشانە.

ئەمەش چەند دێڕێك لە – لە زەردەپەڕی دوو ئێوارەدا –کەی، کە لە ڕۆژنامەی هاوکاری –ی ژمارە / ١١ی ساڵی دووەمدا بڵاو کراوەتەوە:

لە زەردەپەڕی ئێوارەیەکی

هەزار و نۆسەد و شەست و پێنجا:

کە خەمی ناکۆکیمان... لە ئەشکەوتی دەربەندەکەدا..

دەسکەنە ئەکرد.. تا.. ئەبوو

بە شاخی خەرمانێکی ڕەش و... کێوەکانی،

بەردەممانی.. دائەپۆشی!

لەو ئێوارەیەدا – تەتەرێکی کەڕ و لاڵ!...

کە لەناو تەم و دووکەڵی.. شارەوە.. هاتبوو

گەیشتە لامان... هتد.

ئەم نووسینانە، پەخشانی نوێ بێ یا هەڵبەستی سەربەستی نوێ بێ، هەر دوو کۆمەڵەکە هەر شێوازی – بەرەو ڕووناکی –ی ساڵی (١٩٤٦)ی مامۆستا (برایم ئەحمەد)ە، کە لە ژمارە پێنجی کۆواری گەلاوێژدا بڵاو کراوەتەوە... کە ئەمەش چەند دێڕێکییەتی:

لەناو جەرگی تاریکییەوە

دەست بە کەلەپچە و تەوق لە مل و زنجیر لە پێ

لە کانگای نەزانی و هەژاری و دیلییەوە

کەوتوومە ڕێ هاتووم بەرەو

ڕووناکی... هتد.

کەواتە، ئێمە هێشتا چاوەڕێی فۆرم و ڕواڵەتێکی تازەی هەڵبەستی کوردیی ئەم سەردەمەین!!

ڕۆژنامەی هاوکاری

ژ / ٣٥ – ٢ی تشرینی یەکەمی ١٩٧١

# ڕۆچوون بەناو هەڵبەستدا

**مایاکۆفسکی**



١

گـویٚ گـرن لـێم... دەنـگـم ئـەپـرژێـنـمـە چاوتانەوە
مۆمی چاوتـان لـە دەنگمـا دائەگیرسێنم
تـاریکیتـان... ئـەخۆمـەوە!
تـەنیـایـەکم... شۆستـەی شـەقامی نیوەشەو
لە مۆسکۆدا.. دەرم ئـەکات
چەق بـەستنتـان.. ڕاوم ئـەنێت
بیٚ جێییتـان.. داڵدەم ئـەدات
تـەنیـایـەکم.. هـەمووتـانم

٢

گویٚ گرن لێم.. گویٚ گرتنتـان وەك ڕەشەبـا هـەڵم ئـەکات
گویٚ گرتنتـان ڕوانینێکە، وشـەکانم بـەدیی ئـەکات
وشـەکانم.. سـەرمـایـانـە
سـەرمـایـانـە و هـەڵنـالـەرزن
- گویٚ گرن لێم هـەروەك گویٚ لە زەریـا ئـەگرن
تـەنیـایـەکم.. شـەوەکانتـان پـەنجـەرەی شیعرەکانمـە
ئـەیکەمـەوە.. تـا هـەنـاسـەی،

ئەستێرەکانتان هەڵمژم
تەنیایەکم (پاریس) لە دڵما ون بووە
تەنیایەکم.. هەمووتانم

٣

تەماشام کەن.. تەواو نابم:
ئەکوڵێم.. هەڵمم..
کە سارد بوومەوە بارانم
لە بەینی هەڵم و بارینا، لەدایك بوون،
شیعرەکانم

٤

من ئەمەوێ – مەحاڵ – بگرم
دەرگا لەسەر – گومان – داخەم

٥

ئەمجارەیان گەشتێك ئەکەم
تەنیاتان کات
لەگەڵ شەوێکا کۆچ ئەکەم
خەوتان لێ خات

١٩٧٢ – شێرکۆ بێکەس
لاپەڕە / ٣٩ی کۆواری بەیان – ژمارە (٢)ی ساڵی ١٩٧٢

# ڕۆچوون بەناو هەڵبەستدا

**سەرەتایەك:**

(مارك توین)ی نووسەری ئەمەریکایی، لە چیرۆکی (ئەفسانە)دا باسی ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێ: هونەرمەندێك هات و وێنەیەکی کێشا کە زۆر بە دڵی بوو، ئەوەندەی بە دڵ بوو.. بەسەر دیوارێکی هۆڵی ماڵەکەیدا هەڵی واسی و ئاوێنەیەکیشی لە بەرانبەر وێنەکەدا هەڵواسی.. بۆ ئەوەی ڕووی لە کام لایەك بوو وێنەکە ببینێ..

پشیلەیەك ئەم باسەی بیست و چووە مێشکییەوە کە ئەم شتە جوانە.. کاتێ چوو تەماشای کرد، بێگومان خۆی لەناو ئاوێنەکەدا بەرچاو کەوت، ئەم باسەی بۆ سەگ گێڕایەوە.. کە وێنەیەکی نایابی پشیلەیەك لە هۆڵی ماڵێکدا دانراوە.. سەگیش چوو تەماشای ئاوێنەکەی کردەوە و هەمیسان ئەویش وێنەی خۆی تێدا دیت.. بۆ یەکالاکردنەوەی ئەم دووبەرەکییەی نێوان پشیلە و سەگ، یەك بەدوای یەکدا مانگا و کەر و پڵنگیش چوون بۆ تەماشاکردن.. بەلام هەریەکەیان وێنەی خۆی دیت.

بەمجۆرە نووسەری چیرۆك، باسەکە بەرەو هونەر و ئەدەب دەباو دەڵێ: لە بەرهەمی هونەریدا تەماشاکەر، یان خوێنەر، هەر بەپێی بیر و باوەڕی خۆی و هۆش و هەستی خۆی بەرهەم دەبینێ...

لەم ڕۆژانەشدا کە ئەدەبی کوردی گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە و کەوتووەتە بارێکەوە کە ڕەمزێکی زۆری تێدا بەکار بهێنرێت و تاقیکردنەوەیەکی زۆری تەماویی تێدا بێ.. کەواتە هەر ئەوە مەبەستی چیرۆکەکەی (مارك توین) وەدی دێنێ..

دیارە ئەمەشم بۆیە وتووە بۆ ئەوەی بزانرێ کە ئەم نووسراوەی من، تەنیا بۆچوونی خۆمە و بەپێی تێگەیشتنی خۆم نووسیومە و ئەوە لێك

نادەمەوە کە، ئایا شاعیر لەگەڵ مندایە یان نا؟!

من دەڵێم هەڵبەستی (مایاکۆفسکی)ی (شێرکۆ بێکەس).. بەم جۆرەی خوارەوە دەبینم:

**وردەواڵە:**

هەر لە سەرەتای هەڵبەستەکەدا چاومان بەم ڕستەیە دەکەوێ: ″گوێ گرن لێم ″.. هتد. لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە کە: ئاخۆ باشتر ئەوە نەبوو بیوتایە: گوێم لێ بگرن؟ ئەم پرسیارە لەوانەیە بۆ یەکێك بشێ کە بە چاوێکی زمانەوانیی بەرتەسك تەماشای هەڵبەست بکات و هەموو هونەر و مەبەستێکی هونەری بیرکردنەوەی شاعیر بخاتە پشتگوێ و داوا لە شاعیر بکات فرمانی ڕستەکە دوابخات..

لەوانەشە بڵێ: نە مەبەست و نە کێشی ڕستەکەش لە ناواخنی هەڵبەستەکە ناگۆڕێ.. بەڵام لەلای من وانییە! من دەڵێم: ئەو کاتە هەردووکیان – مەبەست لە کێش و واتایە – دەگۆڕێ.. چۆن؟!

کە شاعیر دەڵێ: گوێ گرن لێم.. ″گوێ گرن ″ پێش ″ لێم ″ دەخات –

کە ڕاناوێکی تێدایە بۆ خۆی دەگەڕێتەوە – دەبێ ئەوە تێبگەین کە شاعیر مەبەستی هەرەبەرزی لەو ڕستەیەدا گوێگرتنی خەڵکەکەیە.. ئینجا لە پلەی دووەم ئەوە دەگەیەنێ کە دەیەوێت گوێ لە خۆی بگیرێ، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە شاعیر ″دەنگ″ەکەی، یەکسەر لە دوای ئەو ڕستەیە هێناوەتەوە کە دەڵێ: گوێ گرن لێم.. ″دەنگم″ ئەپرژێنمە چاوتانەوە.. نەك هەر ئەمە، بگرە لە دێری دووەمی هەڵبەستەکەدا دەڵێ:

مۆمی چاوتان لە ″ دەنگ ″ما دائەگیرسێنم.

بەڵام ئەم قسانەمان ئەوە ناگەیەنێ، لە هەڵبەستدا لەگەڵ ئەوەدا بین کە بێین و بە هەوەسی خۆمان ڕێزمان بخنکێنین.

بەلای کێشیشەوە.. ڕاستە لە هەردوو بارەکەدا کێشی ڕستەکە هەر ڕاستە... ئەگەر

بەپێی کێشی پەنجە و بەپێی پەنجەی پێوانەوە بێ...

بەڵام با بەپێی کێشی (عەرووز)ی عەرەبیش تەماشایەکی بکەین.. دەبینین ڕستەی هەڵبەستەکە کێشی (فاعیلاتون)ە، کە جۆرە مۆسیقایەکی تری هەیە، کەچی ڕستەکەی تر نایگرێتەوە، لەوانەشە شاعیر ئەو ئاهەنگ و دەنگەی بەلاوە خۆشتر بووبێ و بەم جۆرە و لەو شوێنەدا لە دەروونییەوە هەڵقووڵابێ.. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ بڵێم شاعیر کەوتووەتە دوای کێشی عەرووزی عەرەبییەوە.. لەوانەشە شاعیر تەنانەت کێشی عەرووز هەر نەزانێ.. ئەوەش لە شاعیرێتیی کەم ناکاتەوە – ئەگەر وەها بێت! – بەڵام ئێمە لە زەوقی گشتیی ناو هەڵبەستەکە دەکۆڵینەوە.. کەسیش ناتوانێ سنوور بۆ زەوقی شاعیر دانێ یا دروست بکا.. بەش بە حاڵی خۆم ئەگەر بیوتایە – گوێم لێ بگرن – تەنیا لەلایەن کێش و مۆسیقاوە – بەلامەوە جوانتر بوو.

هەروەها لە هەمان هەڵبەستدا لە دوو شوێندا شاعیر کێش دەکاتە قوربانی مەبەستی دەروونی و بیرکردنەوەی.. کە دەڵێ:

"دەنگم ئەپرژێنمە چاوتانەوە"، کە لەجیاتیی ئەوەی دوازدە بڕگەی دەنگی بێت، تەنیا دە بڕگەیە..

دیسانەوە لەو دێڕەدا کە دەڵێ:

"ئەکولێم.. هەڵمم" کە بەلای منەوە لەجیاتیی چوار بڕگە، پێنج بڕگەیە..

بەلای منەوە لە دووەمیاندا، لە گونجاندنی ئەو دێرە – بابڵێین – لەنگە، لەگەڵ (پاش و پێشی)یەوە لەناو هەڵبەستدا سەرکەوتووترە وەك ئەوەی لە یەکەمدا...

**ڕۆچوون بەناخی هەڵبەستدا:**

کە بە ناوەڕۆکی هۆنراوەکەدا دەگەڕێین، لە پێشدا گوێمان لە دەنگەکە دەبێ، یان بابڵێین گوێمان لە هەڵوێستی شاعیر دەبێ.. ئەو دەنگەی کە شاعیر دەیەوێ لەجیاتیی کراسەکەی یوسف بەسەر چاوی ئەم خەڵکەدا بپرژێنێ، بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوونی پەیدا بکەن و چاویان تیژتر بێت و مۆمی دامرکاوی ساردوسڕی بێفەڕی بینینیان داگیرسێنێتەوە. تەم و تاریکیی ناخیان دەخواتەوە.. دەیخواتەوە تا بکەونەوە بەرچاوڕوونی و بکەونە سەر ڕێگەی (بەرەو خۆر) تەکاندان و.. تەنیایەکە.. شۆستەی شەقامی.. یان با بڵێین ڕۆخی شەقامی نیوەشەوی تاریکی نهێنیی داپۆشی – ئەو شارە – دەری دەکا.. دەربەدەری دەکا.. کام شار؟! مۆسکۆ؟! وابزانم لێرەدا مۆسکۆ وەکو ڕەمزێك خۆی دەنوێنێ... لێرەدا یەخەی شاعیر ناگیرێ کە بۆچی بەتەنیا ناوی ئەم شارە دەبات.. چونکە هەڵبەستەکە خۆی هەر بەناوی شاعیری مۆسکۆییەوە.. یان دیسانەوە با بڵێین (مایاکۆفسکی)ی شاعیری (مۆسکۆ)یی کردووە بە ڕەمزی سەرەکی لەم هۆنراوەیەدا. کە شاعیر خۆی بەتەنیا دەزانێ و هەست بەوە دەکات کە لە خاکی خۆیدا ئاوارەیە و دەربەدەر، بێگومان ئەم خۆ بەتەنیازانینەی شاعیر پێوەندییەکی تەواوی بەباری دەروونی و بە هەڵوێستییەوە لە کۆمەڵدا هەیە... بە هەموو ئاڵۆزییەکییەوە.. بەڵام بەتایبەتی لە ڕۆژێکی وەکو ئێستادا، زۆر بە پێویستم نەزانی کە لەم لایەنەوە بدوێم.. پاشان شاعیر دێتە پێشەوە بۆ ئەوەی هۆی ئەو دەربەدەرییەمان بۆ دەربخات و بەم خەڵکە بڵێ: چەق بەستنتان، یان نەجووڵان و بەرەو پێشەوە نەچوونی ئێوە ئەوەیە کە من دەربەدەربم.. ئەو هۆیە من ڕاودەنێ.. بێگومان من لەگەڵ شاعیردا نیم لەم بارەیەوە.. چونکە هیچ بارێکی کۆمەڵگەکەمان لە وەستاندا نییە.. هەموو شتێك دەگۆڕێ و بەرەو پێشەوە دەچێ، وەکو چۆن لەمەوپێشیش هەروەها بووە..

دیسانەوە وێنەیەکی تری ئەم هۆیەمان بۆ دەهێنێ و دەڵێ: "بێ جێ ییتان"، دەربەدەریتان"داڵدەم ئەدا" بەڵام کام داڵدە؟ ئەگەر لە فەرهەنگی ناوەڕۆکی هۆنراوەکەدا بگەڕێین بۆ واتاکەی، دەبینین ئەو داڵدەیە.. داڵدەی پەژارە و پەنابەرێکی تەمەنخۆرە.. ئینجا دەنگەکەی بەرز دەبێتەوە و هاوار دەکات کە.. تەنیایەکە.. بەڵام هەموو خەڵك دەنوێنێ.. یان بەلای خۆیەوە لە جێی هەموو کەسێکەوە قسە دەکات.. لێرەدا.. وەستانێك و دووبارە چاوپێداخشاندنێکی تری گەرەکە.. بۆ ئەوەی لەسەر وشەی بێجێییتان ڕاوەستین و بڵێین کە ئەم وشەیە بە تەواوی جێی خۆی نەکردووەتەوە لە هەڵبەستەکەدا، چونکە کە شاعیر مەبەستی لە: "بێجێ یی" دەربەدەرییە.. کەچی ئەو وشەیە ئەو واتایە نابەخشێ.. بەتایبەتی لەم شوێنەدا کە گومانی تێدا نییە، مەبەستی شاعیر وشەیەکە بە پێچەوانەی مەبەستی داڵدە پەیداکردنەوە دەگرێتەوە..

هەمووشمان دەزانین کە (بێ جێ یی) ئەو کردار و قسانە دەگرێتەوە کە لە جێی خۆیاندا نەبن.

لەلایەکی ترەوە تەماشای بکەین دەبێ یەخەی شاعیر بگرینەوە بەتایبەتی چونکە یەکێکە لەوانەی تازەخوازی داوا دەکات.. کەچی لێرەدا هەر ئەو مەبەستانە دووبارە دەکاتەوە کە لەوەوپێش کردوونی، با لە بەرگی وێنەیەکی تریشدابن.. من کە دەخوێنمەوە:

چەق بەستنتان.. ڕاوم ئەنێت

بێ جێ ییتان.. داڵدەم دەدات..

شتێکی تازە نابینم.. چونکە تەنیا چەند وێنەیەکی دوو بەدوو دژ بە یەکی هێناوەتەوە کە لەمەوپێش وتوویەتی: گوێی لێ بگرن، لەو هەڵبەستەدا کە لە میهرەجانی شیعری کوردی لە کەرکووکدا لە مێژووی (٢١ – ٢٢)ی مارتی ١٩٧٢دا خوێندوویەتییەوە دەڵێ:

ئاوم.. ئاوم

ئاوی تینووم..[1]

ئاو خۆی تینوویەتیی خەڵك دەشكێنێ، بەڵام ئەم ئاوە خۆی تینووە، مەبەستیشمان لێرەدا لێكدانەوەی واتەیی نییە بە دوور و درێژی، بگرە تەنیا دەرخستنی دوو شتە دژ بە یەكەكەیە.. یان لە هەڵبەستی: سەرچۆپییەك لە سووتانا.. ئەم وێنانەمان بەرچاو دەكەوێتەوە:

شار: مزگەوتێكە منارەی ئەڕووخێنێ

شار: مەچەكێكە.. پەنجەكانی خۆی ڕاوئەنێ..[2]

بابێینەوە سەر ئەوەش كە دەڵێ: تەنیایەكم.. هەمووتانم.. نازانم چ جیاوازییەكی تێدایە لەگەڵ ئەوەی لە هەڵبەستی – خەمێكی سوور –یدا دەڵێ:

من دووكەڵی ئێسكی سووتێنراوی ئێوەم..[3]

***

گوێ گرن لێم.. بەڵێ گوێ لە شاعیر بگرن.. چونكە هەر ئەو گوێگرتنەیە كە هەروەكو ڕەشەبا هەڵی دەكات.. دەبێتە هۆی سەرەتای ڕەوتێكی تازە و بەگوڕ.. گوێ گرتنتان ڕوانین و سەرنجدانەوەیەكی وشەكانی ئەو ڕوانینە بەدی دەكات.. گوێ گرتنتان سەرەتای ئەو چاوكرانەوەیەتانە كە چاوی وشەكانی پێ دەكرێتەوە. وشەكانی سەرمایانە.. سەرمایانە چونكە گەلێ كەس هەن نایانەوێ بچنە ناوەڕۆكیانەوە و تێی بگەن و لێی بگەن.. دیسانەوە كارەساتی بەتەنیا مانەوەكەیە!. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وشەكانی هەڵناڵەرزن.. ترس و بیم نایانخاتە لەرزینەوە.

(گوێ گرن لێی..) هەروەكو چۆن گوێ لە دەریای بێ پەیی چین دەگرن.. هەروەكو گوێ بۆ دەنگی دەروونی خۆتان شل دەكەن..

تەنیایەكە.. شەوەزەنگ.. شەوەزەنگی كارەساتتان.. پەنجەرە و

دەلاقـەیـەکـی شیـعرەکـانییـەتـی.. دەیکـاتـەوە تـا هـەنـاسـەی ئـەستێرەکـانتـان هـەڵمژێ.. تـا دەنگـی بـەهرەمـەندانتـان ببیستێ.. تـەنیـایـەکە جیهـانێکـی وەکـو شـاری پـاریس لـەنـاو دڵیدا ون بووە، دڵی! ئـەوەندە گـەورە و پڕە، کـە ئـەم شـارە لـەنـاویدا جێی بووەتـەوە. بگـرە لـە سووچێکیدا مـاوەتـەوە و بزربووە.

تـەنیـایـە.. هـەمووتـانـە

لێرەدا... لـەگـەڵ نـەبوونی وێنـە و دەنگێکـی داهێنراوی ئـەوتۆ کـە بتوانێ سـەرنج و هـۆش و تـاسـەمـان ڕابکێشێ. ئـەو وێنـە دژ بـە یـەکـانـەی کـە لـە پـارچـەی یـەکـەمدا بـەرچـاومـان کـەوت، لێرەدا دیسـانـەوە دووبـارە دەکرێنـەوە، وەکـو (گـوێ گـرتنتـان ڕوانینێکـە) دیسـانـەوە کـە دەڵێ:

(سـەرمـایـانـە و هـەڵنـالـەرزن)

هـەرچـەندەش کـە ئـەمـەی دووەم لـە ڕواڵـەتدا لـە واتـایـەکـی تردا مـەلاس دراوە.

***

ئـەگـەر بشمـانـەوێ لـەلایـەکـی ترەوە سـەرنج لـەم (کـۆپلـە – بڕگـە)یـە بدەین، دەبینین کـە دەڵێ... تـەنیـایـەکم.. هـەمووتـانم.. ئـەوە دەگـەیـەنێ کـە هـەرچـەندە خـۆی تـاکێکـە بـەڵام ڕەنگدانـەوەی هـەمووتـانـە.. بـەرامبـەر بـەم وێنـەیـە، کـە دەڵێ: پـاریس لـە دڵمـا ون بووە... پـەنجـە بـۆ یـارەکـەی مـایـاکـۆفسکـی دەکێشێ کـە لـە (پـاریس)دا دەژیـا و بـەلای شـاعیرەوە یـارەکـەی و پـاریس تێکـەڵی یـەکتر بوون و هـەریـەك مـەبـەست دەگـەیـەنن و ئـەو (پـاریس)ەش (یـارەکـەی) دەگـەیـەنێ و لـەنـاو دڵیدا ون بووە... واتـە خـۆی و کـۆمـەڵی دەوروبـەری خـۆی و پـاریس و یـارەکـەی، دوو دوو ئـاوێتـەی یـەك دەکـات و سـۆفـیـیـانـە لـە سنووری کـات و شوێن دەردەپـەڕێ و هـەموو شتێك دەبێتـە دڵی و دڵیشی دەبێتـە کیشوەرێکـی بێ سنوور و بـاوەش بـە یـارەکـەیدا دەکـات.

(......؟!.):

تەماشام کەن.. تەواو نابم.. چۆن تەواو نابم.. چۆن تەواو نابێ؟ تەواو نابێ، ئەوەتا خۆی هۆی تەواو نەبوونەکەیمان پێ دەڵێ:

ئەکولێم.. هەڵمم..

کە سارد بوومەوە بارانم

لە بەینی هەڵم و بارینا، لە دایك بوون

شیعرەکانم..

وەکو وتراوە، مرۆڤ بە تاقیکردنەوەیەکدا تێدەپەڕێ و هەڵدەچێ و با بڵێین بە ئاسمانی خەیاڵدا دەچێ.. یان وەکو شاعیر دەڵێ دەبێتە هەڵم و بۆ ئاسمان دەچێ.. ئینجا سارد دەبێتەوە و دادەمرکێ و وەکو باران لەبان زەویدا دادەمرکێتەوە و لە دواییشدا ئەم ڕووداوانە دەبن بە بیرەوەرییەك کە ئەو بیرەوەرییە لە پاشاندا بەرهەمەکە دێنێتە کایەوە.. ئەمەش مەبەستی شاعیرە لێرەدا.

لێرەدا دەبێ نەختێك ژیرانە لە بەردەمی ئەم پارچەیەدا بووەستین و سەرنجێکی ئەم دوو دێرەی مەولەوی بدەین کە دەڵێ:

هۆرێزاو پێچ وەرد، دووی کوورەی دەروون

ئاو ئاوەرد، بەڵ هوون، نە دیدەی گەردوون

ڕێزا جــە سەردا، بــڵــێسەم کــەم بــی

ئەسباب تەحریر.. ئەی چەند فەرد جەم بی

واتە: لەبەر بێتاقەتی و زویریم، دووکەڵی دەروونم بەرز بووەوە و لوولی خوارد و ئاوی لە چاوی ئاسمان هێنا، بگرە خوێنی لێ هێنا، ئەم هۆنراوە ناسکە ئیشارەتە بۆ ئەوەی کە ئەم تەموومژەی لە زەوی بەرز دەبێتەوە و

دەبێتە هۆی باران بارین.. ئەو ئاوی گریانی ئاسمانە بەسەر کوورەی دڵما باری، بڵێسە و گەرمای دڵم کەم بووەوە و هۆی نووسینی ئەم چەند هۆنراوەیەم لە لا کۆبووەوە.[٤]

لێرەدا دەبینین کە شاعیر، هەر بەو وێنەیە و هەر بەو واتایەوە تاقیکردنەوەکەی خۆیمان پێ ڕادەگەیەنێ. کەواتە، ئایا ئەمە لێوەرگرتنە؟! یان کار لێکردنە؟! یان..؟!

بەلای منەوە لێوەرگرتنێکی زیرەکانەیە.. چونکە ئەگەر مەولەویی نەمر بۆ تاقیکردنەوەیەك بەکاری هێنابێ و بووبێتە هۆی نووسینەوەی چەند دێرێك بۆ بڕادەرێکی.. ئەمیان بۆ چەسپاندنی نەوەستانی و بەردەوامبوونی شیعرەکانی خۆی بەکاری هاوردووە.

کەواتە توانیویەتی تا ڕادەیەك! لە مۆرکی واتە گشتییەکەی مەولەوی دەری بکات و ڕەنگ و ڕوویەکی درامیی نوێی پێ بدات.

دیسانەوە دەتوانین بۆ ئەم وێنەیە، ئەم چوارینەی خەیام بهێنین کە شاعیری خوا لێخۆشبوو مامۆستا سەلام بەم جۆرە کردوویە بە کوردی:

لە هوشیاریما، شادیم مەحاڵ
وەك لە مەستیما، عەقڵم بەتاڵە
حاڵێکە بەینی مەستی و هوشیاری
بەندەی ئەو کەسەم، ئەو حاڵەی حاڵە..[٥]

دەبینین خەیام خۆی دەکا بە بەندەی ئەو کەسەی کە حاڵی حاڵێکە لە نێوان مەستی و هۆشیاریدایە.. یان با بڵێین (لە بەینی هەڵم و بارینا)، لە بەینی تاقیکردنەوە و هەڵچوون و دامرکانەوەدا.. بۆچی؟.. چونکە ئەو حاڵە کاتی هەرە باشی بەرهەمهێنانی ئەدەبی و هونەری و دەرکەوتنەوەیە.

من دەمەوێ (مەحاڵ) بگرم.. بەڵێ شاعیر دەیەوێ مەحاڵ بگرێ، ئەو

شتەی کە بەلای خەڵکەوە قەت نابێ و نایەتە دی تەنانەت خۆیشی لەوە دەچێ کە ئەو کارە بە مەحاڵ دابنێ... ئەم ئەدیەوێ بیهێنێتە دی... دەرگەی بەسەر – گومان –دا کراوە دابخات.

من نامەوێ لەبارەی سەرنجی فەلسەفییەوە لەم پارچەیە بدوێم... بەڵام بەکورتی، وا دیارە شاعیر.. ئەگەر لە بارە فەلسەفییەکەیەوە وەری بگرین.. بە چاوێکی (میسالی)یانەوە تەماشای شت دەکات و هەڵوێست دەنوێنێ...

ئەمجارەیان گەشتێك ئەکەم تەنیاتان کات...

شاعیر گەرەکییەتی ئەمجارە گەشتێك بکات... گەشتی شاعیریش هەر لەناو هەڵبەستدایە.. گەشتێکی وا بکات کە مەبەستە گەورەکەی ڕابگەیەنێ بە جۆرێك کە ئەو خەڵکەی مەبەستیەتی چیی تر پێویستییان پێی نەبێ.. پشت بەخۆیان ببەستن و بەم جۆرە بە بازووی خۆیان ئەو کارە ساز بکەن کە مەبەستیانە..

لەگەڵ شەوێکا کۆچ ئەکەم

خەوتان لێ خات!

بەڵێ: دەیەوێ بە کۆچکردنی خۆی، شەویش لەگەڵ خۆیدا ببات و لەناوی بەرێ.. کۆچێکی وا کە خۆشی بهێنێ و خەوی دڵنیایی و شادی ببێتە هۆگری ئەو خەڵکە..

لەلایەکی کەوە، کە بیرمان دەکەوێتەوە (مایاکۆفسکی)ی شاعیر لە کۆتاییدا خۆی کوشتووە... واتای شیعرەکە بەلایەکی ترماندا دەبات و... دەنگی شاعیرمان لە گوێدا دەزرینگێتەوە و دەڵێ: ئەوەتا (بە خۆکوشتنمەوە) کۆچ دەکەم و لەگەڵ شەوی ژین بەجێهێشتندا هەنگاو هەڵدەهێنم و.. ئێوەش بەبێ من.. منێك کە بوومەتە دەنگی ئێوە.. تەنیا دەکەون و.. ئەو شەوەی لەگەڵیدا کۆچ دەکەم خەوتان لێ دەخات.. شاعیر لەم دوا برگە شیعرییەیدا گەلێك سەرکەوتووە..

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

١- کۆواری بەیان (ژمارەی تایبەتی بەشیعر) - ژمارە (٨)ی ساڵی ١٩٧٣ - ل / ٢٣، ٢٤، ٢٥.

٢- ڕۆژنامەی برایەتی - ژمارە (١٢)ی - خولی چوارەم - پێنجشەممە - ١٠ / ٨ / ١٩٧٢ - ل / ٣.

هەڵبەستەکە - سەرچۆپییەك لە سووتانا - لە بنەڕەتدا - بڕگەیەکی - بەم جۆرەیە.

شار: دایکێکە..

شیری منداڵەکانی خۆی.. ئەڕژێنێ!

مەچەکێکە.. پەنجەکانی خۆی ڕاو ئەنێ

شار: چاوێکە

گلێنەی خۆی دەرئەهێنێ

مزگەوتێکە: منارەی خۆی ئەڕووخێنێ..

شار...

٣- خەمێکی سوور - هەڵبەستی شێرکۆ بێکەس - ڕۆژی کوردستان - ل / ٤٨ی ژمارە (١)ی حوزەیرانی ١٩٧١.

٤- دیوانی مەولەوی - لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس - چاپخانەی (النجاح) - بەغدا - ١٩٦١ - ل / ٦٦.

٥- ڕوباعییاتی خەیام - گۆڕینی: شێخ سەلام - چاپی دووەم - لە بڵاو کراوەکانی کتێبخانەی پیرەمێرد - چاپخانەی کامەران - سلێمانی - ل / ٢٣.

***

ڕۆژنامەی هاوکاری

ژ / ١٦٥ - ٤ / ٥ / ١٩٧٣

## پۆستەر... لە شیعردا

ڕۆژگار بەرەو پێشەوە چووە، ئاستی مرۆڤایەتی بەرز بووەتەوە.. ئەمە باسێکی بەڵگەنەویستە. ئەو خەڵکە پێویستییان بە بینین و بیستنی بەرهەمی جۆرەوجۆر هەیە... ئەم پێویستییە وا لە خەڵك دەکات کە نەتوانن کاتێکی زۆر و بەرفراوان بۆ لایەنێکی تایبەتی تەرخان بکەن. بەپێی ئەمە، بەرهەمهێنەران، دیارە کە ڕۆژ بەڕۆژ ئەمە زیاتر لێك دەدەنەوە و.. وەکو دەبینین هەوڵی ئەوە دەدەن کە بەرهەمەکانیان پوختتر و چڕتر و ڕێکتر بێت و بە کەمترین کەرەستە زۆرترین سوود بگەیەنن و... زووتر خۆیان بکەن بە دڵاندا و ئاسانتر بڵاوببنەوە.

لەلایەکی تریشەوە بەری ڕەنجی داهێنەران – هەموو داهێنەران – کار لەیەکتر دەکەن و... یەکتر بەرەو پێشەوە دەبەن و ئەو شارستانییە مرۆڤایەتییە پێکەوە دەنێن کە جێپەنجەی هەموو مرۆڤێکی دڵدار و بەهرەوەریی پێوە دیار دەبێت.

ئەم باسەی سەرەوە باڵ بەسەر هەموو سووچ و لایەکی ژیاندا دەکێشێت... شیعریش لایەکی ئەم ژیانە دەگرێتەوە.

دەبینین شاعیرێکی مەزنی وەك (لویس ئەراگۆن) زوو هەست بەمە دەکات و دەست لە شیعری ئاڵۆز و تەماوی و بە تویکڵ و درێژدادڕ هەڵدەگرێت و دەڵێت:

پێت گوتم: "واز لەم ئۆرکێسترا بە هاژەیە بهێنە
چونکە ئێستا گەلێك هەژاری وا هەن کە ناتوانن فەرهەنگ بکڕن
تا وشە و زاراوەکانتی پێ تێبگەن
حەزیان لە وشە ئاسایی و سادەکانە

ئەو وشانەی کە دەتوانن بە ئاسانی بیڵێنەوە..

لە وەڵامدا پێت دەڵێم، بە قسەت دەکەم

ئەوانە دەڵێمەوە کە هەموو زارێك دەیڵێتەوە...[١]

لە شیعری کوردیشدا ئەم دیاردەیە بەدی دەکرێت.. وەکو پارچە شیعرە خنجیلە بەناوبانگەکانی (کامەران موکری) و چەند پارچە شیعرێکی (جەمال شارباژێڕی) و (لەتیف هەڵمەت) و هەندێکی تریش.

وەنەبێت هەندێك لە شاعیرە کۆنە کلاسیکییەکانیش بەم جۆرە تاقیکردنەوانەدا ڕەت نەبووبن – با بەپێی ڕۆژگار و سەرنجی شیعریشیان بێت – ، چوارینەکانی بابا تاهیری هەمەدانی، وێنە و نموونەی ئەم جۆرە شیعرانەن کە شاعیر ویستوویەتی بەکورتی و پوختی بیر و باوەڕی خۆی بەخەڵك بگەیەنێت و بەئاسانی بۆیان لەبەر بکرێت و لە دڵیاندا بچەسپێنێت.. وەکو کە دەڵێت:

ئەگەر دەستوم ڕەسەد بەرچەرخی گەردوون

ئەز ئوو پورسەم کی ئین چوون ئەست و ئون چوون

یەکیرا دادەئی سەد گوونە نیعموت

یەکیرا قورسی جەو ئالوودە دەر خوون..[٢]

هەروەها (شێرکۆ بێکەس) لە دیوانی – من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ –دا چەند پارچە شیعرێکی بچووکی بڵاو کردەوە.[٣] لە ١٩٧٥یشدا، شیعرێکی بەناوی – شووشەیە مەرەکەب –وە پێشکێش بە ئازادیخوازانی شیللی کرد..[٤] لە دواییدا ئەم پارچە شیعرە بە یەکێك لەو پۆستەرە شیعرییانە دانرا کە لێرەدا دەمەوێت لەبارەیانەوە بدوێم و... سەرنجی خۆم ڕوون بکەمەوە.[٥]

***

ئەوەی من ئاگام لێی بێت، بۆ یەکەم جار (عەباس عەبدوڵڵا یوسف) لە

شیعری کوردیدا وشەی (کولاژ) – واتە: پۆستەر –ی بەکارهێناوە.[٦] بەڵام کاك عەباس دوو لایەنی گرینگی لە بیر چووەتەوەو ڕەچاوی نەکردووە.

یەکەمیان: بەکارهێنانی وشەی (کولاژ)ە لەجیاتیی (پۆستەر)، چونکە ئەم وشەی (کولاژ)ە باو نەبووە و نییە، بەپێچەوانەی وشەی (پۆستەر)ەوە.

دووەمیان: پۆستەر بەگشتی لە چەند وێنە و دروشمێکی ئاشکراو ڕوون، بەڵام قووڵ و پڕ واتا و مەبەست و ڕەنگی دیار و جوداواز دروست دەکرێت. بەجۆرێکی وەها کە زۆربەی خەڵك (ئەگەر هەر کەسە و بەپێی ئاستی تێگەیشتنی خۆی) تێی دەگات و مەبەستەکەی دیارە و بەگشتی لە تاکە لێکدانەوەیەك پتر هەڵناگرێت– وێنەیەکە بەسەر دیواراندا هەڵدەواسرێت و کە خەڵکی بەلادا ڕەت دەبن بەزووترین کات تێی دەگەن و کاریان تێ دەکات، بێ ئەوەی ماوەیەکی زۆر ڕایان بگرێت.

کاك عەباس هاتووە لە (٢٦) دێری ئاڵۆز و تەماوی و بەیەکداچوودا پارچە شیعرەکەی نووسیوە.. بەجۆرێك کە لە چەمکی پۆستەری دوور خستووەتەوە.

مەبەستم لەم ڕوونکردنەوەیەش، ئەوە نییە بڵێم کاك عەباس نازانێت (پۆستەر) چی دەگەیەنێت.. چونکە هەر خۆی لە ساڵی (١٩٧٥)دا پێشانگەیەکی پۆستەری لە شاری هەولێردا کردووەتەوە... هەواڵی ئەم پێشانگەیە لە (لاپەڕەیەکی) ژمارە (٤٣ – ٤٤)ی کۆواری (ڕۆشنبیری نوێ)دا بڵاو کراوەتەوە. لە (ل – ٣٣)ی هەر ئەم ژمارەیەی (ڕۆشنبیری نوێ)یەدایە، کاك شێرکۆ بێکەس دوو کۆمەڵە شیعری بڵاو کردووەتەوە، یەکەمیان بەناوی (چەند پۆسترێك)ەوە، دووەمیان بەناوی (شتی بچووك)ەوە.. (چەند پۆسترێك)ەکەی بەناونیشانەکەی نەبێت، ناچێتە ژێر چەمکی ئەو پۆستەرە شیعرییانەوە کە باسی لێوە دەکەین، تەنانەت وەکو یەك پارچە هەڵبەستی یەکگرتوو نووسراوە... بەڵام ئەو کۆمەڵە (شتی

بـچـووك)ە.. لـە دوایـیـدا بـوون بـەو پـارچـە شیـعرانـەی وا نـاوی پـۆستـەری شیعرییان لێ نرا..

شێرکـۆ بـێکـەس کـە شاعـیـرێکـی بـەهـرەمـەنـد و زیـرەکـە، پـەرەی بـەم پۆستـەرانـە داوە و سوودی تـەواوی لـە هونـەری پۆستـەر وەرگرتووە، لـەگـەڵ تـاقـیـکـردنـەوەکـانـی پـێشوویـدا تـێکـەڵـی کـردوون و ئـەم پـۆستـەرانـەی گەیاندووەتە ئاستێکی بەرز.

شێرکۆ خۆی لەبارەی پۆستەرەوە دەڵێت:

″ وەکو پۆستەر لەگەڵ یەکەم تێگەیشتن و بینیندا گەشە بە چاو دەدات... هـەر وەهـا هـەڵبـەستی پۆستەریش. گەشە بەبیر دەدەن و ڕوونی دەکەنەوە، هـەڵسوکەوتێکە لەگەڵ ئەو تاکە شتەدا کە دەبێتە زۆر شتی بەیەکداچوو..″.[٧]

هـەروەهـا دەڵێت:

″ئەو هەڵبەستە بچووکانە. یان ئەوانەی کە بە پۆستەر ناویان دەبەم، تـاقـیکردنـەوەیـەکی نـوێیـە، بـەلای کـەمـەوە لـە چوارچێوەی تاقیکردنـەوەی خـۆمـدا، درێژەپـێدانـی هـەر ئـەو تـاقـیکـردنـەوانـەی پـێشتری خـۆمـە، بـەڵام لەلایەن بیر و هونەرەوە پتر پەرەی سەندووە، چڕکردنی بینین و ڕوانگەیە لە تیشکۆیەکی ورد و پوخت و چڕ و ئاشکرایە، گومانیش لەوەدا نییە کە پۆستەرەکان هەموویان لە ئاستێکدا نین.

لەگەڵ وشەدا وەکو زیندەوەرێك، بوویەکی زیندوو، هەڵسوکەوتم کردووە، نەك وەکو وشەیەکی ڕووتی شیعرئارا. هـەروەهـا هـەوڵی ئەوەیشم داوە کە پـوختـەی تـاقـیکردنـەوەیـەکی گـەورە و بـارێکی مـرۆڤـانـەی تـایبـەتی وەدی بـهێنم.. لەگەڵ شتی ڕۆژانەی بچووکدا هەڵسوکەوتم کردووە و هـەوڵم داوە کە کرۆکی بیرێکی قووڵ وەدەست بهێنم و بە وزەیەکی شیعری مۆسیقا و ژەندن و کوتـانێکی توندا دایبڕێژم و هـەوڵێکە هـەستی خـەیـاڵ ئـامێزی شیعر ببرم و بچمە ناو جیهانە قووڵەکانی ناو زمانەوە.″[٨]

لـەم قسانـەی شێرکـۆ لـەو سـەرنجدانمانـەوە لـە پـۆستـەرەکـان، بـۆمـان دەردەکـەوێت کـە بـنـاغـەی ئـەم پـۆسـتـەرانـەی وێنـەیـەکـی شیـعـری دیـار و پوختە، کە لەناو پارچەکەدا پەل دەهاوێژێت و لق و پۆپی لێ دەبێتەوە و بیرێکی قووڵ وەدی دەهێنێت .. یان وەکو شێرکۆ دەڵێت.. لە (شتی ڕۆژانەی بچووك)ەوە بەرەو بیرێکی قووڵ و گشتی و فراوان.

ئەم ڕێبازە لە هونەری وێنەکێشی کوردیدا لەلای (ئیسماعیل خەیات)ی هونەرمەندا دەبینین.. کاك ئیسماعیل خەیات شتە وردەکان دەخاتە ژێر میکرۆسکۆبـەوە و وێنـەیمان بۆ دەکێشێت و پێوەندیی ئەو وردیلانـەمان بۆ دەردەخـات، کـە لـەگـەڵ دەوروبـەری خـۆیـدا هـەیـە، بـەمـەوە (بـیـرێـکـی) فـراوانـتـرمـان دەخـاتـە پـێش چـاو، ئـەمـە بـەتـایـبـەتـی لـە پـێشانـگـەی (وردبوونەوە لە خاك)دا دیارە کە لە ٨ – ١٦ / ١٠ / ١٩٧٧دا کردیەوە. پـەیـامـنـێری ڕۆژنـامـەی هـاوکـاری لـە سلێمـانـی لـە بـارەی پێشانگـەکـەوە نووسیویەتی و لە ناونیشانەکەیدا دەڵێت: (هونەرمەند ئیسماعیل خەبات، لە خاك ورد دەبێتەوە و ناخی مرۆڤ پیشان ئەدات)، هـەروەهـا دەڵێت:

"هـەرکە دەچیتە پێشانگەکەی لەبەردەم یەکەم تابلۆدا دەچەقیت و بەبێ ئەوەی

هـەست بەخۆت بکەیت لە تابلۆکانی ورد دەبیتەوە". ئینجا دەڵێت: (بە ئـاســـانـی

نـــاتوانی ئـــەوەی یـــەکەم تـــابلۆ ببڕیت و بـــچیتە سەر دووەم، ئـــەگـەر خـۆی یـــارمـەتیت نـــەدات و تـــابلۆکانیت بــــۆ

شی نەکاتەوە..).[٩]

کـاك ئـیسمـاعـیـل ئـەوەنـدە بـەرەو وردی چـووە، لـە تـابـلـۆکـانـیدا جۆرە ئاڵۆزییەك و تەماوییەك پەیدا بووە کە بینەر ئەوەندەی نەماوە بڵێم قەت تێی ناگات و ... لە بینەر دوور کەوتووەتەوە.

هـەروەهـا ئـەو تـاقـیـكـردنـەوەیـەی كـاك (دڵشاد مـحـەمـەد ئـەمین – مەریوانی)ش كە لە هەوڵی دانانی (شیعری ئەلیكترۆنی)دا دەبینرێت[١٠]، هەر لەو بابەتەیە.. ئەمەیش هەروەكو وێنەكێشیدا ئاڵۆزی و نەئاشكرایی پەیدا كردووە لە شیعردا پتر خوێندەوار دووركەوتووەتەوە. ئەمە جگە لەوەی كە بە قسەی كاك (عەلی شێخ عومەری قەرەداغی) كەوتووەتە هەڵەی زانستییەوە[١١].

كاك شێركۆ بێكەس، سوودی لەو شتانەی كە لە سەرەوەدا باسم كردن و لە گەلێك شتی تریش وەرگرتووە و بەمجۆرە پۆستەرەكانی گەیاندووەتە ئاستێكی گەلێك بەرز... ئەم سوود وەرگرتنە لە داهاتنی زۆربەی زۆری ڕێبازە ئەدەبی و هونەرییەكانی جیهاندا بەكار دەكەوێت.. واتە ئەو سوود وەرگرتنە بەڵگەی بەهێزی و دروستی تاقیكردنەوەكانی شێركۆیە نەك بەپێچەوانەوە. لەو بڕوایەشدام كە هەموو تاقیكردنەوەیەكی چاك بەم جۆرە دەبێت و ئەم ڕێبازە وەكو هەڵلووشین و دەستدرێژیكردن نییە لە بەرهەمی خەڵكی تر.. بۆیە شێركۆ بێكەس بەداهێنەری شیعری پۆستەر و پەرەپێدەری ئەم جۆرە شیعرە دادەنرێت.. چونكە بەشدارییەكەی كارێكی قووڵ و كاریگەر و دیارە..

پەراوێز و سەرچاوەكان:

١– أراجون – شاعر المقاومة – نقلها الى العربية – عبد الوهاب البياتي و أحمد مرسي – منشورات مكتبة المعارف في بيروت – الطبعة الاولى – شباط ١٩٥٩ – ص /٦.

٢– دیوان بابا طاهر– مؤسسهء مطبوعات علي اكبر علمي– تهران ١٣٤٢ – ل / ٥٠.

٣– من تینوێتیم بە گڕ ئەشكێ – شێركۆ بێكەس – لە بڵاو كراوەكانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیریی كوردی – وەزارەتی ڕاگەیاندن – دەزگای چاپەمەنی (الحریة) بەغدا / ١٩٧٣.

٤– ڕۆژنامەی هاوكاری – ژ/ ٣١ ی ٢٥ / ٣ / ١٩٧٦ – ل / ٨ .

٥- ئەوەی لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە باسێکی گشتییە.. تەنانەت ناوەڕۆك و بیری ناو پۆستەرەکان پێویستییان بە لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەی تر هەیە.. کە لێرەدا باسیان لێوە ناکەم.
٦- کۆمەڵە شیعری (ئاو) - ع. عبد الله یوسف - چاپخانەی (الشمال) - کەرکووك - ١٩٧٤ - ل (١١ - ١٢).
٧- جريدة العراق - العدد ٥٣٦ - الخميس - كانون الاول / ١٩٧٧ - محمد العبيدي - أحاديث عن الشعر والتجربة الشعرية مع الشاعر شێرکۆ بێکەس.
٨- س. پ.
٩- ڕۆژنامەی هاوکاری - ژ / ٣٩١ - چوار شەممە ٢٦ی تشرینی یەکەم ١٩٧٧ - ل/٨.
١٠ - ببن بە تیشك - چاپخانەی کامەرانی - سلێمانی ١٩٧٧ - ل / ٦١ - ٦٢ - شیعری ماسی و کۆتر - تاقیکردنەوەیێکی نوێ بۆ دانانی شیعری ئەلەکترۆنیك. هەروەها: هەڵبژاردە لە دیوانی گۆڤاری ڕۆژی کوردستان - چاپخانەی (دار الجاحظ) - بەغدا - ١٩٧٧ - ل / ٩٤ - ٩٧.
١١ - عیراق (ڕۆژنامە) - پاشکۆی کوردی - ژ / ١٢ - ١٣ ی شوبات و ئاداری / ١٩٧٨ - ل / ٢.

(پاشکۆی کوردی)ی ڕۆژنامەی عێراق

لاپەڕە / ٣ ی - ژمارە / ١٥ - ی ٢١ / ٥ / ١٩٧٨

## دەسكاریكردنی دەقی ئەدەبی

دوای (١١ی ئاداری ١٩٧٠)، كە سەربەستیی دەربڕین ڕێی بۆ خۆشتر كراو چاپەمەنی پتر بوو و برەوی سەند و ڕۆشنبیریی كورد تاڕادەیەكی چاك بووژایەوە و پێشكەوت و ئەدیب و نووسەری تر هاتنە مەیدانی نووسین و بڵاوكردنەوە و.. ڕۆشنبیری بایەخێكی پتری درایە و.. لەوە دەرچوو كە هەر بە دەوروبەری شیعردا خول بخوات و وردە هەنگاو نەبێت نەیهاوێژێ و.. بەمجۆرە.. ڕۆشنبیری ئەوتۆ هەبوون پێشتر دەستیان لە بە كوردی نووسین نەدابوو، دەستیان بۆ خامە درێژ كرد و بە تویێشەبەرەیەكی كەمی زمانەوە هاتنە ناوەوە و ڕێیان گرتەبەر.. ئەم هەموو تێهەڵچوونەوە و گەرمبوونەوەیە جێی شانازی و دڵخۆشكەرەوە بوو.. بەڵام كزی و لاوازیی زمان لە هەندێك لەو نووسینانەدا.. سەرنجی ڕا دەكێشا..

لەبەر ئەوە ، دڵسۆزانی ڕۆشنبیریی كوردی – هەروەكو دڵسۆزانی هەموو میللەتانی تری جیهان – بیریان لەوە كردەوە، ڕۆشنبیری بەرزتر بكەن و مەیدانی دەربڕین فراوانتر بكرێت و.. گیروگرفت چارەسەر بكرێت.. دوای ئەوە هاتنە سەر ئەوەی كە هێشتا دەبێ چارەسەری زمانەكە بكەن و لە شێواندن ڕزگاری بكەن.. چونكە زمانەكە بناغەی پتەوی زۆربەی لایەنەكانی ترە. لێرەوە دووڕیانێك بەدیاركەوت، یەكیان ئەوەبوو كە ئەو نووسینانەی لەلایەنی زمانەوە لاوازن، ڕێیان لێ بگیرێت و بڵاو نەكرێنەوە، ئەمەشیان لەبەر ئەوە سەری نەگرت چونكە هەندێك لەو نووسینانە ناوەڕۆكی چاك و بەسوودیان هەبوو.. ڕەوا نەبوو خوێندەواری لێ بێ بەش بكرێت. ئەوەی تر بۆ ئەوە دەچوو كە دەسكاریی زمانی ئەو نووسینانە بكرێت كە ناوەڕۆكەكەی شایانی ئەوەیە بخرێنە پێش چاوی خوێندەوارانەوە.

ئەم بۆچوونەی دووەمیان پەسند کرا، بەڵام!! وا دیارە هەندێك کەس زۆر بە تەسکی تەماشای مەسەلەکەیان دەکرد – با لە دڵسۆزیشەوە بێ – وای بۆچوون کە هەموو نووسینێك تەماشا بکرێت و دەستێکی پسپۆڕانەی زمانەوانیی تێ وەربدرێت.

لێرەدا دەبێ دوو جۆرە نووسین لێك جودا بکرێنەوە، نووسینی ئەدەبی (بە لقەکانییەوە) و نووسینی بێجگە لە ئەدەب.

بە پێویستی نازانم بەدوور و درێژی باسی زمانی ئەدەبی بکەم، چونکە.. یەکەم وەکو دەڵێن ئەم هەویرە ئاوی زۆر دەوێ و ئێرە جێی ئەوە نییە.. دووەم، ئەدیب و پسپۆڕ و شارەزایان دەبێ لەم لایەنەوە شارەزاییيان هەبێت و کەم تا زۆرێکیش هەر باسی لێوە کراوە.. لێرەدا ئەوەی بە پێویستی نەزانم (بۆ ئەم وتارە) باسی لێوە ناکەم.

کەسێك دەستی دایە قەڵەم و هاتە ناوەوە.. بییەوێ و نەیەوێ دەبێ پێوەندی و شارەزاییەکی باشی لە زماندا هەبێت.. جا ئەوەشمان هەر لە بیرە کە کەس (لە پڕێك نابێتە کوڕێك).. لەگەڵ ئەوەشدا کە هەموو نووسەرێك ئەرکی سەرشانیەتی کە شارەزاییەکی چاکی لە زماندا هەبێت.. چونکە وەکو وتراوە، زمان ئەو تاکە هۆ و داردەستەی نووسەرەیە کە ڕاستی و دروستیی پێ دەردەبڕێت، جا چەند وردتر بێت ئەوەند نزیکتر دەبێتەوە لەو مەبەستەی کە دەیەوێ ڕایگەیەنێ..

هەرچۆنێك بێت.. لقەکانی تری نووسین (جگە لە ئەدەب).. هێشتا لەلای خۆمان نەگەیشتووەتە ڕادەی نزیکی پێویست.. لەبەر ئەوە من وای بۆ دەچم کە ئەو پێداچوونەوەیەی پسپۆڕانی زمان تاڕادەیەك – لەم قۆناغەماندا – پێویستە..

کە دێینە سەر (ئەدەب)، نووسەری نوێ و تازەپێگەییو دەخەینە پاڵ نووسینەکەی (جگە لە ئەدەب)ەوە کە باسمان کرد.. هەرچەندەش هەر نابێ

وەکو ئەویان تەماشا بکرێ.. دەمێنێتەوە ئەو ئەدەبییاتەی کە ئەدیبی مامناوەندی بەرەوژوور بەرهەمی دەهێنن و ئومێدی پێشکەوتنیان تێدا دەبینرێت.. دەبێ ئەوەش بڵێم کە دەبێ مەبەستمان ئەو جۆرە ئەدیبانە بن کە بە هۆشیاری و بە زانینەوە زمان و وشە بەکاردەهێنن.. بەمجۆرە دەگەینە ئەوەی کە باسی (هەندێك لایەنی زمانی ئەدەب و هەندێك ڕێباز) بە تێکڕایی و بە کورتی بکەین بە تایبەتی هی شیعر.. بەڵام تەنیا ئەوەی کە پێوەندیی بەم باسەوە هەیە..

١- زمانی ئەدەب (بەتایبەتی شیعر).. زمانێکی تایبەتیی جودایە لەوەی نووسینی ئاسایی و ئاخاوتنی پێ دەکرێ.. وەکو زۆر جاریش باس کراوە، وشەی ئەدەبی گەلێك جار ئەو واتایە نادات بەدەستەوە کە لەناو فەرهەنگدا بۆی دانراوە.

بە پێچەوانەوە هەندێك ئەدیب (بەتایبەتی شاعیر)ی پایە بەرزی ئەوتۆ هەیە، فەرهەنگی تایبەتی بۆ ئەو وشانە دادەنێت کە بەکاری هێناون.. بەو واتایە کە ئەو وشانەی بەکاری هێناون بەو شێوە و واتایە لێکدەدرێتەوە کە بەکاری هێناون..

٢- هەندێك ڕێباز و شێوازی ئەدەبی هەیە، زمان دەکاتە قوربانی جوانیی سەروا، یان کێش.. یان مەبەستی تر - شاعیرێکی گەورەی وەکو مامۆستا زێوەر.. بڵێی هەستی بە هەڵەی زمان نەکردبێ کە دەڵێ:

عەرەق نییە لە عالەما، کە لابەرێ لە دڵ (غەما)

بە غەیرە قەترە عارەقێ، لە ڕووت کە دێتە خوارەوە

مامۆستا سەجادی -ی نەمر بەمجۆرە باسی ئەم دێرە شیعرە دەکات و دەڵێ:

"لە نیوەی یەکەمی هۆنراوەکە وشەی "دڵ" زەرفە، واتە شوێنی شتە، وشەی "غەم" مەزرووفە، واتە ئەو شتەیە کە دەکرێتە ناو دەفرێکەوە. وای

لیّ دیّتەوە کە دڵ دەفریّکە و غەمی تیّدایە، کەچی ئەم هیّناویە دەفری لە شویّن ئەو شتە بەکار هیّناوە کە دەکریّتە دەفریّکەوە، واتە زەرفی لە جیّگەی مەزرووف بەکار هیّناوەو مەزرووفەکەی لەباتی زەرفەکە بەکار بردووە. لەباتی ″ لە دلا غەم ″ لە ″ دڵ غەما ″ی وتووە!..″[1].

مـن وای بـۆ دەچـم کـە زیّوەر بـەو هـەڵـەیـەی زانـیـبـیّ.. بـەڵام بـۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەیەکی زمانی دەستی لە سەروا هەڵنەگرتووە..

٣- هـەنـدیّك ڕیّبـازی نـویّش هـەیـە.. ئـەدیـبـەکـە بـەخـۆی بـۆ مـەبـەستیّکـی تـایـبـەتـی زمـانـەکـە تیّکدەشکیّنیّ و تیّبینیش دەنووسیّ کە ئـەمـەی کردووە.. نموونەی ئەمەش لە ئەدەبی کوردیدا کاك (عەباس عەبدوڵڵا یوسف)ی شاعیرە کە لە کۆتایی شیعری (لم نیازمە)دا نووسیویەتی:

″هەندە ڕستە لە ڕووی ڕیّزمانییەوە لەنگ کراوە، ڕەنگدانەوەی دەمارە گیّژەکانی هۆشن.″.

″هەندە وشە لە ڕووی ئیملاییەوە لەنگ کراون، ئیّسقانبەندییان تەواو نییە، ڕەنگدانەوەی نهیّنییەکانمە″[2].

٤- ئـاشکـرایـە کـە زۆر لایـەنـی زمـانـی کـوردی هـەیـە هـیّشتـا لـیّی نـەکـۆڵـراوەتـەوە و.. زۆر لایـەنـی جـوانـی و ڕەوانـبیّژیـی هـەیـە هـیّشتـا چـاوەڕوانـی سەرنجی ورد دەکـا.. لـەبـەر ئـەوە کـەرەستـەی ڕیّزمـان و زمانەوانی و جوانکاریی ئەوتۆمان بەدەستەوە نییە هەموو لایەنەکانی زمـانـەکـەمـانـی پـیّ هـەڵسەنگیّنین.. تـەمـاشا دەکـەین هـەندیّك شاعیری بەرزی زمانزانی، بەلای کەمەوە هەستیّکی زمانزانیی چاکی هەیە و هەندیّك داهیّنانی ئەوتۆی لیّ دەبینریّ کە بەپیّی ئەو باسە کەمانەی لە بەردەستماندایە بپیّوریّت.. ناڕەواییی لەگەڵدا دەکریّت.. ئەمە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە زمان بەخۆی لە گۆڕاندایە.. گۆڕانی جوان و بە جیّش کاری ئەدیب و نووسەرە چاك و بلیمەتەکانە.

بۆ نموونە – مەحوی –ی شاعیری گەورەمان دەڵێ:

لەسەر تۆم دوشمنە دنیا.. قەزییەم (مانع الجمع)ە

کە تەرکی تۆ نەکەم.. تەرکی هەموو دنیا نەکەم چی بکەم[٣].

کە تەماشای وشەی (تۆم) دەکەین.. بەتایبەتی (م)ی ڕاناوی لکاو کە دەگەڕێتەوە بۆ خودی شاعیر خۆی.. زۆر بە جوانی (تۆ.. مەبەستی یارەکەیەتی)ی بەستووەتەوە بەخۆیەوە.. ئەوەش بەهۆی (م)ەکەوەو.. بەمجۆرە، مەبەستێکی وردی داوە بەدەستەوە.. وەکو زمان، دەتوانرێ ئەو ڕستەیە بەم شێوانەی خوارەوەش بوترێت:

لەسەر تۆ دوژمنمە دنیا

لەسەر تۆ دوژمنمە دنیام

لەسەر تۆ دوژمنە دنیام.. تاد.

سەرنجێکی ورد لەو ڕستانەی سەرەوە بۆمان دەردەخەن کە هەر ڕستەیەك لەم ڕستانە واتایەکی جوداوازی لەوانەی تر هەیە و.. دەبینین شاعیر چەند وەستایانە ئەو ڕستەیەی خۆی هەڵبژاردووە.

هەر لەم بابەتەوە سەرنجێکی ڕستەی (هەتا تۆم ئاشنا بووی)ەکەی ناو ئەم دێرە شیعرە بدەن کە دەڵێ:

هەتا تۆم ئاشنا بووی، ئاشنا بووم

ئەمێستا موو بەموو ئەغیارە بێ تۆ[٤]

کەسانی وەهام دیوە جۆرە ڕستەی هەر لەو شێوەیەی بە هەڵە داناوە.. بەو بۆچوونە، کە ئەمە شێوەیەکی ناوچەییيە و لە نووسینەوەدا (بە زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو) نابێ بەکاربهێنرێت..

گەرمیانیی کەرکووك دەڵێن:

مامرەکەتم هاورد.. واتە: مریشکەکەتم هێنا.. یان: مریشکەکەم هێنایت..

بەکارهێنانی ئەمجۆرە زارانە نەك هەر زمانەکەمان ناشێوێنێ.. بگرە دەوڵەمەندیشی دەکا.

دەمەوێ ئەوەش هەر بڵێم، کە جۆرە زاری تری ئەوتۆ هەیە، وەك ئەوەی کە لە گۆرانییەکی میلیدا دەڵێ:

ئەمن منداڵی دوێنێم و گیانە تو (پیرم کردی)

ئەمەیان پەشێوی و ئاڵۆزی لە زمانە ئەدەبییە یەکگرتووەکەدا دروست دەکا، – ئەگەر بەکار بهێنرێت – و تێکەڵی شێوەزارەکانی تر بکرێت.. چونکە ئەم ڕستەیەی کە دەڵێ: (پیرم کردی) واتاکەی کوتومت بە پێچەوانەی واتای ئەو ڕستەیەیە کە سەر بە لقەزاری (سلێمانی)یە و لەمێژە لە زمانی ئەدەبیماندا بەکارهاتووە کە بە مەبەستی (من تۆم پیر کرد) بەکاردێت.. ئەگەرچی ئەو مشتومڕەش هەر لە ئارادا دەمێنێ کە ئەو دوو زارە کامیان لە کامیان (مەنتیقیتر)ەو.. ئێرەش جێی ئەو باسە نییە.

٥– شاعیرێکی مەزنی وەکو مامۆستا گۆران، دوای قاڵبوونی تەواو لەناو زمان و داهێناندا، لەبارەی ئەو شیعرانەوە کە بە ماوەیەك بەر لەو قسانەیەوە نووسیونی و دەڵێ:

".. لە کاتی نووسینەوە و ئامادەکردنی ئەم نامیلکەیەدا بۆ چاپ، لە شیعرە کۆنەکاندا هەندێ وشە و تەعبیری چەوت تووش هاتم دەمتوانی بیانگۆڕم بە وشەی کوردیی پەتی، یان بە چەشنێکی پەسندتر و دڵگیرتر دەستکارییان بکەم.

بەڵام ئەمە، لەباری سەرنجی ئەو کەسانەوە کە بە شوێن لێکۆڵینەوەی تەئریخی ئەدەبی کورد، وە چۆنیەتیی گەشەکردن و گۆڕانی زمانی کوردیدا دەگەڕێن، زیانی زۆرترە لە سوود، با بێزاریی خۆیشم لەولاوە بوەستێ لە تەقەلای شاردنەوەی خەوش و ناتەواویم بە چەشنێکی لە ئەندازە بەدەر، بگرە لە سنووری ئەندازەی تێکۆشینی خەڵقی تریشدا.

لەبەر ئەوە بڕیارم دا دەستی دەستکارییان کەم و زۆر بۆ درێژ نەکەم، وە هەروەکو هەن و بوون بیانخەمە پێش چاوی خوێندەوارانی خۆشەویست..″[٥].

یەکێك لەو شیعرانەی کە مامۆستا گۆران وشەی (هەرگیز)ی بە هەڵە بەکارهێناوە، شیعری (ئافرەت و جوانی) یەکەیەتی کە لە دێڕێکیدا دەڵێ:

بەڵام تەبیعەت هەرگیزا و هەرگیز
بێ ڕووناکییە، بێ بزەی ئازیز!

لەبارەی ئەم وشەی (هەرگیز)ەوە مامۆستا سەجادیی نەمرمان دەڵێ: (وشەی ″هەرگیز″ لە زمانی کوردیدا بۆ ″نەبوون – نەفی″ یە لە ڕابردوو، وەیا لەمەودوا وەکو دەڵێ: ″هەرگیز ئەو ئیشەم نەکردووە ″ وەیا″ هەرگیز نایکەم″. ئەم لێرەدا مەبەستی ئەوەیە کە بڵێ ″تەبیعەت هیچ ڕووناکییەکی نییە بەبێ بزەی ئازیز.″ دەیەوێ هەتا هەتایەکی بۆ بڵێت. ئەم گوزارەیە لە شوێنێکی وادا بە وشەی ″ هەرگیز ″ گوزارشتی لێ نادرێتەوە! بەڵکو بە وشەی ″ هەمیشە ″ ئەبێ بوترێ!...″[٦].

ئەم هەڵە ڕاست کردنەوەیە.. وە نەبێ – با لە دواییشدا بێت – گۆرانی مەزن هەر پەییشی پێ نەبردبێ.. ئەگەر بەخۆی پێی نەزانیبێت، خۆ دۆستێك هەر بە گوێیدا چرپاندوویەتی.. ئەوەش نەبێت.. لابەلایی هەر دەبێ پێی وترابێت.. لەگەڵ ئەوەشدا بەوپەڕی دڵنیایی و باوەڕ بەخۆکردنەوە، هەر ئەو ڕایەی هەبووە کە لەسەرەوە بینیمان..

هەموو ئەو خاڵانەی سەرەوە ڕێی ئەوەمان لێ دەگرن کە دەسکاریکردنی دەقی ئەدەبی بەڕەوا ببینین.. جگە لەوەی لەوانەیە ئەو جۆرە دەسکارییانە ئاستی کەسێك بەرزتر لە ئاستی ڕاستەقینەی خۆی پیشان بدات.. یان بە پێچەوانەوە..

دەبێ ئەوەش بڵێم کە بۆچوونی ئەم وتارەشم نابێ ئەوە بگەیەنێ کە

داوای ئەوە دەکەم نووسەر سەربەستییەکی پتر لە پێویستی ئەوتۆی هەبێ کە بەهەوەس و ئارەزوو زمانە شیرینەکەمان تێك و پێك بدات و وشەی بێگانەی تێدا بئاخنێ.. گوایە مەبەستی تایبەتیی خۆی هەیە.. ئەمە دەڵێم و دەشزانم نووسەری چاك ئەمە دەزانن و دەشزانن کە بەرپرسیاری هەموو لایەنێکی نووسینی خۆیانن، هەر لە چەمکەوە بگرە تا دەگاتە گچکەترین خاڵ..

هەولێر – ١٨ / ١٢ / ١٩٨٦ نووسراوە

لە ڕۆژنامەی هاوکاری – دا بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوەکان:

١– عەلائەدین سەجادی – ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی – چاپخانەی مەعاریف – بەغدا – ١٩٦٧ – ل / ٩٨ – ٩٩ .
٢– عەباس عەبدوڵلا یوسف – لم نیازمە – چاپخانەی کوردستان – هەولێر – ل / ٥٢.
٣– دیوانی مەحوی – لە چاپ کراوەکانی کۆڕی زانیاریی کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغدا –١٩٧٧– ل / ٢٣٢.
٤– دیوانی نالی – لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاریی کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد – بەغدا – ١٩٧٦ – ل / ٣٨٣.
٥– دیوانی گۆران – لە بڵاو کراوەکانی یەکەتیی نووسەرانی کورد – چاپخانەی کۆڕی زانیاریی عیراق – بەغدا – ١٩٨٠ – ل / ٤.
٦– سەجادی – س. پ. – ل / ٣٣١.

***

## لەبارەی هەندێك لایەنی هونەریی شیعری نوێوە

لە هەندێك كۆڕ و دانیشتنی تایبەتی و نووسینی ئەم ڕۆژانەدا باسی شیعری نوێ دیسان تینی سەندووەتەوە. جا بۆ ئەوەی وەكو زۆربەی هەرە زۆری ئەو باس و قسە و وتارانە بە دەوروبەری شتەكەدا نەخولێینەوە، لێرەدا دەستنیشانی چەند لایەنێكی ئەو باسانە دەكەم بۆ ئەوەی لە بارەیەوە بدوێین. بەڵام وەكو لەمەودوا دەردەكەوێ باسەكەم خۆی لە قەرەی ناوەڕۆكی (بابەت)ی بەرهەمەكان نادا، چونكە دیارە هەر بەرهەمە و ناوەڕۆكێكی تایبەتیی خۆی هەیە و هەر یەكەیان دەبێ بە جودا باسی لێوە بكرێ... بەڵكو لێرەدا تەنیا هەندێك لایەنی هونەریی ئەو بەرهەمانە – ئەویش بەگشتی – بە بەرچاوەوە دەگرین كە دەیانەوێ ببنە سیمای شیعری نوێی ئەم سەردەمەمان.

مەبەستیشم گفتوگۆیەكی هێمنانە و برایانەیە و هەریەكە لەو خاڵانەی باسیان دەكەم ئەوە هەڵدەگرێ كە باس و لێكۆڵینەوەی فراوانتر و تێروتەسەلتری لێوە بكرێ. ڕێزێكی زۆریشم بۆ هەموو ئەو برا شاعیرە دڵسۆزانە هەیە كە هەوڵی پێشخستنی شیعری نوێمان دەدەن، جا لەم لایەنانەوە یان لەلایەنێكی تردا لەگەڵیان بم یان لەگەڵیاندا نەبم... هیچ لە مەسەلەكە ناگۆڕێ، بە پێچەوانەوە زۆر پێخۆشحاڵیش دەبم ئەگەر كەسێكیان بۆچوونێكیتری هەبێت و بۆ منیش و بۆ خوێندەوارە بەڕێزەكانیشمان ڕوونی بكەنەوە.

١ – مەسەلەی تێكشكاندنی زمان – گومان لەوەدا نییە و شتێكی نوێش ناڵێم ئەگەر بڵێم زمان هۆیەكە، بەڵكو هۆیەكی سەرەكیی دەربڕینی بەرهەمی ئەدەبییە.. هەروەها بەرهەمهێن چەند شارەزای زمانەكە بێت و پتر توانای بەسەریدا بشكێ و بتوانێ باشتر بەكاری بهێنێ،

ئەوەندە لە مەبەست و هەست و نەستی خۆی نزیك دەبێتەوە و سەرکەوتووتر دەبێ لە دەربڕینیدا... هەروەها لەبەرئەوەی بەرهەم – وەکو وتراوە – پێوەندیی بە دوولاوە هەیە، ئەویش بەرهەمهێن و ئەوەی وا بەرهەمەکەی دەگاتێ.. واتە زمان – دەتوانین بڵێین – چەند هێمایەکی لە هەردوو لایاندا ناسراوە، ئینجا ئەگەر کەسێك هێماکانی بۆ هێمای خودییەکی زۆر خودی بەکارهێناو پێوەندییەکانی نێوانی هێماکانی بە شێوەیەك گۆڕی کە هیچ یاریدەرێکی نەهێشتەوە کە یارمەتیی خوێندەوار یان گوێدێر بدا بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتنی هێما خودییەکانی ناو شیعرێك یان بەرهەمێك، ئەو جۆرە زمانە لەوە دەردەچێ کە ببێتە هۆیەکی ڕاگەیاندن.. مەگەر هەر ئەوە بمێنێتەوە کە دەڵێن دەروونزانەکان دەتوانن ئەو هێما خودییانە شی بکەنەوە و شتێکی دەروونیی بەرهەمهێنمان بۆ (دەرکەوێ و دەرنەکەوێ!)، بەڵام ئەگەر وەهابێ خۆ ئەو دەروونزانانە بۆشیان هەیە تاك تاکە و ڕستەی هەموو کەسێك شی بکەنەوە و شتی تری دەروونیی لێ هەڵکرێنن...

هەندێك لە ڕێبازە ڕەخنەییەکان ژیانی بەرهەمهێن بە بەرهەمەکەیەوە دەبەستێتەوەو هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەن، بۆ ئەوەی لە تێگەیشتنی هۆ و چۆنیەتیی بەرهەمهاتنەکەدا یارمەتییان بدات.. ئەگەرچی گەلێك کەس ئەمە ڕەت دەکاتەوە و پەسندی ناکات و.. هەر ئەوەندە ماف بە لێکۆڵەرەوە دەدات ، تەنیا لەگەڵ بەرهەمەکەدا هەڵسوکەوت بکات.

جا لێرەدا پرسیارێکی تر سەرهەڵدەدا.. ئەویش ئەوەیە.. کە ژیان و تایبەتییەکانی خودی بەرهەمهێنەر.. ئەو بەرهەمانەی وا لە سەرەوەدا باسمان لێیانەوە کرد.. تەنیا ئەوەی تێدا مابێتەوە کە دەروونناسەکان هەندێك شتیان لێ هەڵکرێنن.. ئەویش وردە شتێکی زۆر خودیی (گرێکوێرە) ئامێز بنوێنێ.. کەواتە چیمان بەچی کرد؟!.

٢ – پێ بەپێی خاڵی پێشوو.. ئەوەش هەر دەبێ بڵێین کە هەرشتێك لە زماندا هەبێ بۆ مەبەستێکی پێویست دانراوە، نەك هەر ئەمە و بەس، بگرە زمانە هەرە دەوڵەمەند و زیندووەکان چەندین وشە و ئامراز لە یەکتری دەخوازن و وەردەگرن بۆ دەوڵەمەند کردنیان.. لەبەر ئەوە بە شێوەیەکی دەستکرد و زۆر لەخۆ کردن، وەدەرنانی ئامراز و شتی تری زمان بەوەی کە ئەم شتانە – ناشیعرین – ناڕەواییە، بەرهەمهێن دەبێ چاك بزانێ شتێك لە شوێنێکدا بەکاردێت و لە شوێنێکی تردا بەکار نایەت.. ئەو برادەرەی کە هەوڵی ئەوەی داوە لە سەرتاپای چامەیەکیدا ئامرازی لێکچواندن بەکار نەهێنێ.. ئەمە خۆ ماندووکردنێکی بێهوودەیە و لەو هەوڵانە دەچێ کە هەندێ شاعیری کۆن پارچە هەڵبەستیان هۆنیوەتەوە و تەنیا پیتی بێ (خاڵ)یان تێدا بەکارهێناوە.. ئەم کارەی بە ئەنقەست کراوە، داخۆ چ لە مەسەلەکە دەگۆڕێ.. تەنیا هەر ئەوەندە کە بەلای (تەنیا) کاکی شاعیرەوە (جوانیی) ناو چامەکەی قووڵتر دەبێ؟! بەش بەحاڵی خۆم ئەمە بە خۆ خەریککردنەوەیەکی بێ سوود دەزانم.. ئایا ئەمە هەر لەو جۆرە نییە کە یەخەی هەندێك شاعیر (ناڕەوا) دەگیرێ چونکە دەسکاریی هەندێك ڕستەی خۆی دەکا یان هەوڵی ئەوە دەدا کە دەستبەرداری هەندێك وێنە و دەربڕین بێ کە لەگەڵ بیر و بۆچوونیدا نەگونجێ!.. خۆ ئەگەر مەسەلەکە مەسەلەی بە خوڕەم ڕژانی لەخۆوە هاتووی نەرمە شەپۆلی شیعری (موتڵەق !!) بێ.. بەڵام ئەمیان لە کوێ و ئەویان لە کوێ؟!

شاعیرێکی مەزنی وەك مامۆستا گۆران کە دەڵێ:

هەرچەن ئەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم
بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم

ئەمەیان نیگەران و سڵەمینەوەیەکی داهێنەرانەی بەرزە، کە تا بەرزتر

دەبێ چاوی لە بەرزترە.. هێشتا گۆران زمانەکە تاوانبار ناکا!!.. بگرە ئەو توانا بەرزە زانراوەی خۆی بەکەمتر لە پێویست دادەنێ.. بەنیاز و تاسەی ئەوەوە کە بتوانێ بیگاتێ.

هەرچی ئەوانەی برا شاعیرە تازەکانە، پەسند نەکردنی زمانەکەیە بەم جۆرە و بە پێویست نەزانینی هەندێ بەشیەتی.. ئەگەرنا بۆ هەوڵی ئەوە بدەن هەندێك ئامرازی لێ (ڕستەبەدەر) بکەن؟.. ئەگەر بەشێکی زمان لە شوێنێکدا پێویست نەبوو، هەرگیز ئەوە ناگەیەنێ کە لە هیچ شوێنێکدا پێویست و باش نییە، بەم شێوەیەش زمانی شیعری نوێی تایبەتی پێك نایێ!

٣- لە سەرەتای پەیدا بوونی شیعری نوێ و بەتایبەتی شیعری سەربەست.. یەکێك لەو شتە بنچینەییانەی کە وەکو بەڵگە بەکاردەهێنراو شیعری سەرواداری پێ ڕەت دەکرایەوە و هێرشێکی توندوتیژی دەبرایە سەر، مەسەلەی سەروا بوو، کە وەکو پێوەندێکی سنووردانەر بوو بۆ سەربەستیی شاعیر، کە ناچاری لە پێناوی سەروادا دەستبەرداری مەبەستی دەقاودەقی ناو دڵی خۆی بێت و سەروا گەلێك جار بەرەو واتای تری کێش دەکا.. جا واتا نوێیەکە جوانتر بێ یان دزێوتر.. جا لێرەدا بەڵگەی ئەوانەمان مەبەست نییە کە سەروا پەسند دەکەن.

یەکێك لەو برا شاعیرانەمان، (هونەر)ێك لەو هونەرانەی کە گوایە بەجێی هێناوە و باسی دەکا، ئەوەیە کە دێرەکانی سەرتاسەری چامەیەکی بە ڕستەی بە (ناو) دەست پێ کرد و دەست پێ کردووە.

بەلای منەوە.. ئەگەر سەروا کارێکی هونەری و مۆسیقی و ئاهەنگێکی تێدابێ.. ئەم کارەی تەنیا بەناو دەست بە دێرە شیعرکردنە (وا بە یەکجاری واز لە جۆرەکانی تری ڕستە هێنانە) هیچ جۆرە بەرزی و کارێکی هونەری

ناگەیەنێ.. تەنانەت زۆر زۆر کەم کەس، (لەوانەشە) هەر هیچ کەسێك بەوە هەر نەزانێ و.. هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ.

خۆ ئەگەر وەکی تر باس بکرێ و دێری بە ناو دەستپێکراو مەبەستێك بگەیەنێ و دێری تر مەبەستێکی تر.. هەروەکو هەندێك لە ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوە بیانییەکان باسیان لێوە کردووە، خۆ کفری ئەوەیان نەکردووە بڵێن لە هەموو جێیەکدا و سەرتاپای چامەیەکی دوورو درێژدا ڕستەی بەناو دەستپێکراو بەکار بهێنرێت.. خۆ ئەگەر لە زمانێکیشدا وەها بێت.. مەرج نییە لە هەموو زمانەکاندا بکرێتە یاسا و.. هەر ئەوساش بۆ ئەو جۆرە مەبەستە بەو جۆرە یەخەی بگیرێ و بەرنەدرێتەوە، لە تام دەردەچێ و.. بێزاری دەبەخشێ..

٤– برادەرێك چەند شیعرێکی لە دەفتەرێکدا بەقەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ نووسیبووەوە..

واتە پیت و وشەی تاکە دێرێکی بەڕەنگی جۆرەوجۆر نووسیبووەوە... لە وەڵامی پرسیارێکدا دەیوت کە لەو بڕوایەدایە هەر پیتێك یان وشەیەك ڕەنگی تایبەتیی خۆی هەیە. ئەو برا شاعیرە کە پێوەندیی بە وێنەکێشی و ڕەنگەوە هەبوو، بە مەبەستی گۆڕانکاری و تازەکردنەوەوە ئەمەی کردبوو.. تۆ بڵێی ئەمەش (حەواڵەی) دەروونناسیی شیکاری بکەین؟!. تۆ بڵێی ئەو برادەرە بەخۆی بتوانێ ئەو تیوورییەمان بۆ ڕوون بکاتەوە کە لەم کارەیدا پشتی پێ بەستووە؟!.

ڕاستییەکەی، ئەگەر بە دیدەکزیشم تێ بگەن.. یان بە ڕەنگکوێریشم بزانن، ئەگەر پێشم بڵێن (ڕەش و سپی) لێك ناکاتەوە.. من ئەوە هەر دەڵێم کە ئەمە هەرگیز بە مێشکمدا ناچێ و ناچێ!!

لێرەدا وتارێکی ژنە شاعیری مەزنی نوێخوازی عەرەب (خاتوو نازك ئەلمەلائیکە)م دێتەوە بیر کە چەند ساڵێك لەمەوبەر لە کۆواری (ئەلئاداب

– الآداب)ی بەیرووتیدا بڵاوکردبووەوە و – داوای لێبوردن دەکەم کە ژمارە و ساڵی بڵاوکردنەوەکەم لە بیر نەمابێ –.

وتارەکە هەوڵێکی تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوو بۆ دەرخستنی ئەوەی کە هەر یەکێك لە پیتە عەرەبییەکان واتایەکی گشتیی تایبەتیی خۆی هەیە.. ئەمەش بە بەڵگەی گۆڕینی پیتێکی وشەیەك بە پیتەکانی تر و لێکدانەوەی واتاکانییەوە پێکهێنرابوو.. یان بە پیشاندانی کۆمەڵێك وشە کە پیتێکی تایبەتی واتاکەی بەگشتی دەگۆڕێ.. کورت و کرمانجی، بەم جۆرە گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی کە پیتی (ت) ڕەقییەکی تێدایە و (س) نەرمییەکی تێدایە و مەبەستی داواکردنی شتێك بە نەرمونیانی ڕادەگەیەنێ.. ئینجا ئەمەی بۆ ئەوە بەکار هێنابوو کە ڕەخنە لەو ڕستەیە بگرێ کە دەڵێ: (وتحممت بعطر)، کە لە شیعری (أنشودە النای) دایە و فەیرووزی گۆرانیبێژ بە گۆرانی دەیڵێ و سەرەتاکەی دەڵێ: (اعطنی النای وغني..).. ئینجا دەیگوت لەبەرئەوەی نیمچەدوورگەی عەرەب ئاوی کەمتری بووە و، هەڵسوکەوتی خەڵکەکەی لەگەڵ ئاو و خۆشۆردندا بە ناسکی و نەرم و نیانی بووە.. چ جای خۆ بە گوڵاو و بۆنی خۆش شۆردن! لەبەر ئەوە لەجیاتیی (وتحممت بعطر)

دەبوو بڵێ (واستحممت بعطر).

ڕاستییەکەی دەمەوێ بڵێم، خۆزگە، بەشوێن پێ هەڵگرتنی لێکۆڵەرەوە و تۆژەرەوە

بیانییەکانیش بێ.. بتوانین هەستی زمانەوانی و ڕۆچوونمان بەناو وشە و دەنگەکاندا قووڵتر بکەین و خزمەتی زمانەکەمان بکەین.. ئەگەرنا هەروەها شتکردن بۆ خۆدەرخستن، زیانمان لێ دەخات نەك قازانج.. نەتازەکردنەوە، نە بەشداریکردن لە بەرەوپێشەوە بردنی ڕۆشنبیریمان (بەم شێوەیە) دەبێ.

٥ – مەسەلەی بەکارهێنانی ئەفسانە و داستان.. مەسەلەی بەکارهێنانی ئەفسانە و داستان هەر لە بەرهەمی ئەدەبیی کۆنەوە لە ئارادایە و کێشەیەکی نەبڕاوەی هەیە.

ئەدەبدۆستان کەم تا زۆرێك هەر شارەزاییيان لە هەندێك لایەنی ئەم کێشەیە هەیە و لەم دەرفەتەدا تەنانەت بۆشمان کورت ناکرێتەوە، لەبەرئەوەی وای بەباشتر دەزانم بەمجۆرە دەست پێ بکەم و بڵێم.. شتێکی شاراوە نییە کە ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە، ئەو ئەفسانە و داستانە بەکار دەهێنێت کە بوونەتە کەلەپوورێکی بڵاو و زانراو.. ئەوجا لەوانەیە هەر بەناوبردنی یەکێك لەوانە لە شوێنی خۆیدا بەپێی لێکچوونێکی مەبەست یان بیر یان شتی تر، یەکسەر مەبەستەکەمان بەبیردا بێتەوە و لێکیان گرێ بدەین.. دیارە ئەم باسەش کێشەیەکی لەبن نەهاتووی هەیە و وەکو بۆ مەسەلەکە بەگشتی وتم، بۆ ئێرەش بەم ئاسانی و کورتییە باسەکە نابڕێتەوە!.

ئەوەش هەر بە پێویست دەزانم کە بڵێم، وەکو ئاشکرا و دیارە ئەو جۆرە شیعرانەی کە لێرەدا مەبەستمانە.. ئەوەندە چڕوپڕ و ڕستە کورتکراو و جارجار زمان تێکشکێنراو و.. تاد.. بەجۆرێکی ئەوتۆن کە بەزەحمەت و تێڕامانێکی زۆر و قووڵ و بە پاڵپشتی ڕۆشنبیرییەکی بەربڵاو و فرە لایەنەوە نەبێ، شتی لێ هەڵناکرێنرێ.

جا.. هەندێك لەو برا شاعیرانە، هەوڵی ئەوەیان داوە کە دوو داستان (یان ئەفسانە)، یان پتر، لێك بدەنەوە، بەنیازی دروستکردن و پێکهێنان و داهێنانی ئەفسانە و داستانێکی نوێ.. دیارە لەم بارەشدا داستانەکان وەك داستانە ڕەسەنەکە نامێنن بۆ ئەوەی وەکو هێما ببێتە شتێك و بە مێشکماندا ڕەت بن و مەبەستێك یان چەمکێکیان لێ بورووژێ، ئەمە جگە لەوەی کە هەندێك لەو داستانانە ئەوەندە ناوچەیین و نەنووسراونەتەوە و

بڵاو نەکراونەتەوە تا بتوانین بە دەستیان بخەین و شارەزایان بین و ئینجا شیعرەکان بخوێنینەوە... ئەمە ئەگەر هەر هیچیش نەبێ ناوی داستانەکانمان زانی یان شتێکمان لەبارەیانەوە هەڵکڕاند.

جا کە شتێك لەم بارەدا بێ، کێ مافی ئەوەی هەیە پێمان بڵێ دەبێ لە شیعرەکە بگەن.. هەوڵ بدەن کە تێی بگەن، تەمبەڵی و تەوەزەلی مەکەن!.. من بەش بەحاڵی خۆم بەزەحمەتی دەزانم کە لەو مەبەستە نزیك ببمەوە (نەك بە تەواوی لێی تێ بگەم).. کە شاعیرەکە ویستوویەتی و هێمایەکی داخراوەی خودییەکی زۆر خودی – ی تۆمار کردووە. ئا بەم جۆرە بە ڕەوای نازانم شتێك پەسند بکەم کە سەرەڕای خۆ پێوە ماندووکردنێکی دڵسۆزانە نەتوانم هیچێکی وەهای لێ تێ بگەم. جا وەکو چیرۆکی (کاڵای بالای شا)شمان لێ مەکەن!!

ڕۆژنامەی هاوکاری – ژمارە / ١٠٨٢ی
٨ / ٦ / ١٩٨٩دا بڵاو کراوەتەوە.

## هەڵبژاردە لە دیوانی ڕۆژی کوردستان

**تێبینی:**

ساڵی ١٩٧٧ – کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی – پاشکۆیەکی شیعر –یی (ڕۆژی کوردستان)ی بە ناوی – هەڵبژاردە لە دیوانی کۆواری ڕۆژی کوردستان –ەوە لە چاپخانەی (دار الجاحظ) لە بەغدا لە چاپ دا. هەڵسەنگاندنی پاشکۆکە، بە من و هاوڕێی شاعیرم کاک لەتیف هەڵمەت سپێردرا.. لەگەڵ (کاک لەتیف)دا وا ڕێککەوتین کە پاشکۆکە بکەینە دوو بەش، بەشی یەکەمیان نووسینەکانی کاک دڵشاد محەمەد ئەمین (مەریوانی) و کاک ڕەوف حەسەن، لەگەڵ ئەو شیعرانەی هەڵیانسەنگاندبوون بەرمنکەوتن و بەشەکەی تر، بەر کاک لەتیف کەوت..

چەند سەرنجێك لەبارەی چاپ و کار و دەرهێنانی هونەرییەوە:

لە دەرهێنانی ئەم پاشکۆیەدا سێ هونەرمەندی لاو بەشداریی کردووە..

کاک (عەلی مەندەلاوی) نەخشەی بەرگی کێشاوە و کاک (محەمەد زادە) خەتەکانی نووسیوە و کاک (ئاراز جەرجیس)یش وێنە هێڵکارییەکانی ناوەوەی کێشاوە و هەرسێکیان بە گشتی لە کارەکەیاندا سەرکەوتوون و شایانی سوپاسن.

هەروەها کاک جەودەت خەزنەدار سەرپەرشتیی چاپ و دەرهێنانی هونەریی گرتووەتە ئەستۆ و تا ڕادەیەك لە کار و ئەرکەکەیدا سەرکەوتووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تێبینییانەی خوارەوە دەخەمە بەر چاو:

١ – لەلاپەڕە (١٠)دا دڵشاد لەو ڕەخنەیەیدا کە ئاراستەی شیعرەکەی حەمە سەعید حەسەن کردووە، باسی نیشانەی (+) و (–)ی کردووە وەکو تەکنیکی شیعری نوێ، کەچی لە شیعرەکەدا نیشانەی (+)مان بەرچاو ناکەوێت.. ل / ٢٢ – ٢٥.

٢ – كاك شێركۆ بێكەس گلەیی ئەوەی هەیە كە لە دووسێ شوێندا شیعر و پەراوێزەكەی دەسكاری كراون..

وشەی (سك) كراوە بە (زگ)، ئەمە تەنانەت لە شوێنێكدا مۆسیقا و كێشی شیعرەكەشی تێكداوە.

شێركۆ دەڵێ: لەناو سكیا.. من هەر بیرم...

لە پاشكۆدا نووسراوە: لەناو زگیدا.. من هەر بیرم... ل / ٢٨.

هەروەها لە پەراوێزی شیعرەكەدا لەبارەی (تحفه مظفرية) وە شێركۆ نووسیویەتی كە (لە چاپكراوەكانی كۆڕی زانیاری كورد)ە، ئەمەشیان لابراوە – ل/ ٣١ – ٣٢.

٣ – لە پەراوێزی یەكەمی شیعرەكەی محەمەد حەمە باقیدا نووسراوە كە گوایە شیعرەكە لە ١٩٦٧/٣/٢٠دا لە ئاهەنگێكدا خوێنراوەتەوە كە یەكەتیی نووسەرانی كورد – لقی سلێمانی – بۆ جەژنی نەورۆزی ساز كردبوو... ئەم (١٩٦٧)ە دەبێ (١٩٧٦) بێ، چونكە وەكو دەزانین لە (١٩٦٧) هێشتا یەكەتیی دانەمەزرابوو..

٤ – گوایە لەبەر كاری هونەری، چەند لاپەڕەیەكی ناو پاشكۆكە بە سپییەتی ماوەتەوە، خۆزگە ئەو لاپەڕانە بۆ نووسینی تر بەكار بهێنرانایە...

***

كاك دڵشاد محەمەد ئەمین و نووسینە ڕەخنەگەرییەكەی: (چەپكێ شیعر و ئینجانەی سەرنجێ):

ئەوەی ئاشكرا بە نووسینەكەی كاك دڵشادەوە دیارە، ئەو ڕێبازە فیكرییەیەتی كە لە لێكۆڵینەوەكەیدا گرتوویەتی و بەو پێودانگەوە شیعرەكانی هەڵسەنگاندووە، ئەگەرچی بەش بەحاڵی خۆم لە چەند لایەكی ئەو بۆچوونانەدا لەگەڵیدا نیم..

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کارەی کە کردوویەتی بە کارێکی زۆر چاك دەزانم.

زۆربەی نووسینەکانمان ڕێبازێکی بیرییان تێدا نابینرێ، یان ئەو ڕێبازەی کە پشتی پێ دەبەسترێ بە زۆری سادە و ساکار دەنوێنن و هەندێکیشیان شێواون. لەمجۆرە لێکۆڵینەوەیەدا پێویستمان بە ڕێبازێکی پێشکەوتنخوازی شۆڕشگێڕانەی ورد و زانستی هەیە.

هەروەها هەوڵی ئەوەی داوە بە وردی لە هەندێك لایەنی ئەو شیعرانە بکۆڵێتەوە و تا ڕادەیەکیش سەرکەوتووە.

لەبارەی هەڵبەستەکەی ئەنوەر محەمەد ڕەشیدەوە چەند سەرنجێکی گشتیی کورت کورت نووسیوە، وەکو ئەوەی کە دەڵێ: لە چەند بڕووسکەیەکی کوتوپڕی ناتەواو و جومگەلێك ترازاو دەچێ... ل / ٧ .. یان دەڵێ: کاشکا زیاتر گرینگی بە داڕشتن و زنجیرەیی و دەربڕینەکانی بدایە، چونکە شیعرەکەی لە تەکنیکدا لاوازە.. ل / ٧. هەروەها پەنجەی بۆ لایەنێکی گرینگی ناو شیعرەکە کێشاوە، ئەویش لایەنی کێش و مۆسیقای شیعرەکەیە، لەو لایەنانەی سەرەوە و لە باسی ئەوەی کە کێش و مۆسیقای شیعرەکە پێوەندیی بەباری سایکۆلۆجییەوە هەیە، بە جوانی دواوە و سەرکەوتووانە ڕوونی کردوونەتەوە.

بەڵام ئەوەی لێرەدا دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە کە کاك دڵشاد ئەو هەڵبەستەی بە چەند بڕووسکەیەکی کوتوپڕی ناتەواو داناوە و لە (جومگەلێك ترازاو)ی چوواندووە.. لەم هەڵبەستەدا لەگەڵ ئەوەی ڕستە ئاڵۆز و پچڕپچڕەکانی وا لە مرۆڤ دەکەن کە لە هەندێك شوێندا بڵێ، هەڵەی زمانیی کردووە و کات و شوێنی باسەکەی تێکداوە، لەگەڵ ئەوەشدا یەکەتییەکی بابەتی تێدا دەبینم و من بەم جۆرەی خوارەوە لێی تێدەگەم، نەك بەوجۆرەی کاك دڵشاد باسی کردووە:

قسەکەری ناو شیعرەکە، لە پارچەی یەکەمدا باسی قۆڵی خۆی و سەری

ئەوە دەکات کە قسەی لەگەڵدا دەکا. ئەو سەر و قۆڵەی وا لە گەنجینەی شاردا دانرابوو.. هەر ئەم گەنجینەیەیە کە گۆشتی قسەکەر و ئێسك و پرووسکی قسە لەگەڵداکراوەکەی تێدایە و لە واشنتۆندا دەخورێت.. بەڵام شتە بنەڕەتییەکەی ناو گەنجینەکە قۆڵی ئەمە و سەری ئەو.

لە پارچەی دووەمدا باسی ئەوە دەکات کە هەرچەندە دوێنراوەکە سێبەری خۆیەتی، کەچی دوژمن و چەوسێنەر کوشتنی ئەوەیان بەم سپاردووە و تفەنگیان داوەتە دەستی بۆ لەناوبردنی ئەو.

لە پارچەی سێیەمدا.. باسی برینی ئەو و پەنجەکانی دەستی خۆی دەکات و لە کۆتاییشدا ئەوە دەردەبڕێ کە پەنجەکانی هەڵدەخزێن و (وەکو هەست بە تاوانی خۆیان بکەن) شێت و شەیدای نووکی دەرزین بۆ ئەوەی سزای خۆیان بدەن و.. لە تاوانەکەیان پاك ببنەوە.

واتە بەگشتی باسی خۆی و ئەو دەکات، بەڵام پاش چی، پاش ئەوەی سێبەری خۆی لەناوبرد و خۆشی تێداچوو... هەردووکیان لە گەنجینەی چەوسێنەرانی شاردا توند کران.

لە باسی قۆڵ و سەرەکەدا، کاك دڵشاد درێژەی پێ دەدا و دەڵێ:

خوێنمژانی چەوسێنەر دوژمنی (دڵداری – شۆڕش)ن و تیغەکانیان ئامادەیە سەری هەر نازدارێکیان دی لەسەر قۆڵی دەستگیرانەکەی.. سەر و قۆڵ ببڕن... تاد.

ئەم دەستنیشانکردنەی قۆڵی کەسێك و دەستگیرانەکەی.. جۆرە تەسککردنەوەیەکی دەرەتانی شیعرەکەیە.. شاعیر باسی دەستگیران و کەسی تری نەکردووە.. واتە لەگەڵ هەموو چەوساواندا دەدوێت، ئەمەش واتایەکی فراوانتر و بەهێزترە.

لەبارەی ئەم شیعرەوە شتێکی تر ماوە بیڵێم، ئەویش ئەوەیە کە شاعیر لە پارچەی سێیەمدا دەڵێ:

پشتت دابڕڕا

سەر کۆتی سەرشانت داڕزا

قامچی ڕەشی دەستی یاساوڵەکان.. داڕزین.. ل / ٢٠.

که ئەمەم خوێندەوە یەکسەر ئەم شیعرەی کامەران موکریم هاتەوە یاد کە دەڵێ:

گوێم لە شریخەی لێدانی دارە

قامچی لە پشتی داغان بێزارە

کە من دڵسۆزبم بۆ سزادراو

چۆن بم بەقامچی بۆ ئەو زۆردارە؟؟

کۆمەڵە شیعری (دیاری) – ل /٤١.

لەبارەی شیعرەکەی موحسین ئاوارە، کاك دڵشاد لە سەرەتادا باشی بۆ چووە کە هەڵبەستەکە فۆتۆگرافی و ساکارە.

بەڵام کە دەڵێ: بە شێوەیەکی فۆتۆگرافی و ساکار باسی ئەو جیهانە خوێناوی و پڕ لە چەوساندنەوەیە دەکا، لەگەڵیدا نیم، چونکە: شاعیر باسی کەرتێك لە ئەنجامی ئەو کێشەیە دەکا، نەك کێشە و چەوساندنەوە. ئەمەش جیاوازییەکی زۆرە، چونکە ئەو وێنە نیمچە ڕۆمانسییە خەمناکانە بە زۆری کێشە و هۆی ڕاستەقینەی کێشەکە لە بیری خوێندەوار دەبەنەوە و لەوە پتر بڕ ناکا کە وای لێ بکا بەزەیی بەو مرۆڤانەدا بێتەوە کە باسی کردوون.

کەسی وا هەیە ئەگەر وێنەی وەکو ئەو کابرا گیرفان بەتاڵە ببینێ دەڵێ:

خوا وای بۆ نووسیوە، یان کەسی وا دەبێت بڵێت: ئەی بۆ ناچێت کارێك بۆ خۆی بدۆزێتەوە؟!

هەر لەبەر ئەوەش کە کاك دڵشاد دەڵێت: گرینگ ئەوەیە سەرکەوتووانە

خوێندەوار دەجوولێنێ و لە چڵەپۆپەی خرۆشاندن و ئازارە تیژەکەدا بەجێی دەهێڵێت. یان دەڵێ: ئەم بەجێهێشتنەی خوێندەوار گەلێ جار پێویستە و پاڵی پێوە دەنێ بۆ وەرگرتنی هەڵوێست، دیارە کارکردنە سەر خوێندەوارانیش بۆ وەرگرتنی هەڵوێست دژی شەڕ یەکێکە لە کارە هەرە پیرۆز و پێویستەکانی هونەر.

ئەمە بۆچوونێکە، بە تێکڕایی و بەگشتی ڕاستە، بەڵام لە وردبوونەوەدا هێشتا زۆری دەوێ، چونکە ئەگەر باس باسی شەڕ بێ، ئەوا چەوسێنەر بەر لە چەوساوە بە زمانێکی درێژتریش باسی خراپە و وێرانکاریی شەڕ دەکا... وەکو لەتیف حامید دەڵێ: لە دڵیانا بووم دەیانوت بەچەن، کڕیار و فرۆشیار هەر دەیانوت بەچەن... وەکو لە پێشیشەوە گوتم، شاعیر باسی کەرتێکی ئەنجامی شەڕی کردووە نەك کێشە و شەڕەکە خۆی. هێشتا زۆری وا هەیە کە ئافرەتێکی وەکو ئەو ئافرەتە لبنانییەی ناو شیعرەکە دەبینێ بەزەییی پێدا دێتەوە و دە فلسی دەداتێ و... هەر ئەوەندە!! وەکو بڵێی چارەسەری ئەو هەژاری و بەشخوراوییەی بە دە فلسی ئەو و پێنج فلسی یەکێکی تر چارەسەر بکرێت.

لەبەر ئەوە من لەو بڕوایەدا نیم کە شاعیر خوێندەواری خستبێتە سەر ڕێگەیەکی تایبەتی کە دەبێ پێیدا بڕوات.. بگرە بەر لەوەی بتوانێت ئەو کارە بکات بەجێی هێشتووە و کشاوەتەوە.

نامەوێ وا تێبگەن کە داوای ئەوە دەکەم هونەر و ئەدەب ببێتە ڕاپۆرت و باس و خواسی کێشە و گیروگرفت و چارەسەر و ئەنجام بەو ئەکادیمییەتە بە دەستەوە بدات.. بەڵام دەبێ خوێندەوار بخاتە ئەو هەڵوێستەوە کە دەبێ لایەنگیری چ بەرەیەکی بەیەکداچوونەکە بێت.

لەلایەکی ترەوە کە تەماشای دوا پارچەی شیعرەکە دەکەین کە دەڵێت:

ئافرەتێکە... ئاوارەیە

سێ منداڵی بە کۆڵی پێ هەڵناگیرێ

هەر لە ڕێدا.. هەر لە ڕێدا

ناشزانێ کامیان فڕێ دا... ل / ٤١.

هەست بە لاوازی و دواکەوتوویی زمان دەکەین.

کە دێینە سەر شیعرەکەی (حەمە سەعید حەسەن) کاك دڵشاد بە کورتی، بەڵام بەسەرکەوتوویی باسی شیعرەکەی دەکا.. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم چەند تێبینییەم هەیە: لە چەند شوێنێکدا هەست بە لاوازیی هونەری و زمان دەکەین، وەك لە پارچەی (قومێ ئاو)دا کە دەڵێ:

منداڵێکی، دڵ بچکۆلەی، شادی نەدیو

دڵی بۆ دواجار لێ ئەدا،

تەنیا لەبەرئەوەی لێوی،

گۆنای قومی ئاو ماچ ناکا... ل / ٢٣.

لەوە گەورەتر و سامناکتر نییە بۆ تینوو کە قومێ ئاوی دەست نەکەوێت، ئیتر بۆ (تەنیا)، کە دەڵێ:

تەنیا لەبەرئەوەی لێوی،

گۆنای قومێ ئاو ماچ ناکا...

لە (کەوی قاسپە خۆش)یشدا ئەو لاوازیی زمانە لە نرخی هونەریی پارچەکەی کەم کردووەتەوە...

لە پارچەی (گرەو) دا.. ل/٢٤. باسی داگیرکەران دەکا لە ڕۆهەڵاتی دووردا، ئینجا دەڵێ:

لە ئەنجاما سەری شۆڕ کرد،

لە مرۆڤی نەبردەوە...

بەڵام گەرای ئازارێکی سەختی دانا

لە دەروونی ئەوانەدا، دەمرن لە ڕێگەی ژیانا..

داگیرکەر تەنیا لە دەمی داگیرکردنی وڵاتێکدا لەوانەیە بتوانێت ئەو (گەرای ئازارە) داچێنێت، کە سەری شۆڕ کرد، هیچی بەدەستەوە نامێنێت بەوانەی بکات کە (ئەمرن لە ڕێگەی ژیانا)...

هەر لە شیعرەکەی کاك (حەمە سەعید)دا شتی سواو و زۆرگوتراو دەخوێنینەوە کە لە شیعری تازە و داهێناندا نارەوا و شیعرەکە دەکا بە شیعری لاساییکراو (تەقلیدی)، وەکو (بە پەلە هەنگاونان بەرەو ئامێزی سێدارە) و (شێرە بەفرینە)... بۆ داگیرکەر و چەوسێنەر..

کە دێینە سەر باسی شیعرەکەی (شێرکۆ بێکەس)، دەڵێ: بە تەکنیکێکی وا سفت و بە سەلیقانە دێتە پێشەوە و دەستەو یەخەی خوێندەوار دەبێ گەر خوێندەوارەکە وریای خۆی نەبێ ڕاپێچرێتە زۆر مەسەلەی تایبەتی خودی شاعیرەکە خۆیەوە و بەبێ ئەوەی بە خۆیشی بزانێ.. لەلایەکی تردا دەڵێ: لە دەوری یەك مەسەلەی بچکۆلەدا دەخولێتەوە... ئەگەر ویستمان بزانین ئەو مەسەلە بچکۆلەیە چییە، ئەوا لێکۆڵەرەوە خۆی بەم جۆرە وەڵاممان دەداتەوە: ئەستێ و شێرکۆ و گەلەکەی هەردووکیان و نیشتیمانەکەی هەرسێکیان، چەند بەشێکی بچکۆلەن لە گەردوونێکی گەورە... ئەمە بەپێی تیووریی نیسبییەت ڕاستە.. وەکی تریش گەل و نیشتمان، وەك ڕاستییەك زۆر زۆر گەورەن، نەخوازەلا لە شیعردا.. لە شیعردا تەنانەت جاری وا هەیە زۆر بە جوانی و بە پیرۆزی باسی ورشەی چاوی منداڵێك، یان دڵۆپە فرمێسکێك دەکرێ و.. ناتوانین بڵێین باسی شتێکی بچووك کراوە. ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە کە کاك دڵشاد دەڵێ: بەو فەلسەفەیەی شاعیر هەیەتی ئەمە ڕاستە گەل و نیشتمان وەکو موڵکێکی تایبەتی تەماشا دەکرێن بەڵام بەو فەلسەفەیەی من هەمە ئەوانە موڵکی تایبەتی

نین... کاك دڵشاد وا دەڵێ.. لە کاتێکدا شاعیر خۆی ناوی گەل و نیشتمانی نەهێناوە.. ئەگەر هات و مەبەستیشی ئەوە بێت، هەر شاعیر خۆی ویستوویەتی ئەم چەمکە لەم دەرەتانە تەسکەوە دەرباز بکات.. ئەوەتا دەڵێ:

منی (فەرخ)ی.. بەفرسواری.. زۆزان بم یان،

(قەیس)ی دوورگەی سواری عەرەب.. ل/٢٨ .

یان کە پەنا دەباتە بەر شیرین و لەیلا و جوولێتەکانی دنیا و دەڵێ:

ئەی هەرچی (شیرین) و (لەیلا) و

(جولێت)ەکانی دنیایە.. تاد.

ئەمە واو... ئەوەش (ڕەسووڵ هەمزاتۆف)ە، کە لە وڵاتە سۆشیالیستە هەرە پێشکەوتووەکەدا دەژی و دەڵێ: (داغستانی من).. لەگەڵ ئەوەشدا کەس ناتوانێت بەمجۆرە یەخەی بگرێت.

ناڵێم شێرکۆ و ڕەسووڵ هەمزاتۆف لە ڕوانگەیەکەوە دەڕواننە ژیان، بەڵام ئێمە باسی ئەم شیعرەی شێرکۆ دەکەین.

کە دێینە سەر باسی نەزیفی دیمەن، کە شاعیر بەردەوام دیمەن لە دوای دیمەن وەك شریتێکی سینەمایی خێرا و گورجی هونەری دەهێنێتەوە، لەم ڕەخنەیەیدا من لەگەڵ دڵشاددام.. بەڵام کە دووبارەی دەکاتەوە و وێنەی بۆ دەهێنێتەوە و دەڵێ: لە بەشی دووەمدا زەرنەقووتەی هێلکە هەڵنەهاتووەکە کە عاشقی زرێبارە هەر شاعیر خۆیەتی و عاشقی ئەستێیە و.. شیرین و لەیلا و جوولێتەکان هەموو ئەستێن و خۆشەویست و قەدەری شاعیرە، دیسانەوە لە بەشی سێیەمدا کرمە ئاوریشمینەکە هەر زەرنەقووتەکەیە و هەر فەرخە و هەر شاعیرە، دار هەنارەکەش هەر زرێبارە و هەر خۆشەویستە.. تاد.

ئەمانە ڕاستە نەزیفی دیمەنیشیان تێدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ

ڕەچـاوکـردنـی چۆنـیـەتـیـی هـەڵسوکـەوتـی شـاعـیـر بـەرامـبـەر کـەلـەپـوور و چـیـرۆکـە فـۆلـکـلـۆریـیـەکـە نـەخـەیـنـە پشتـگـوێ، چـونکـە زۆربـەی وێـنـە شیعرییەکان هـەر ڕووداوەکانی نـاو چیرۆکەکەیە و بە وێنە و زاراوەی شیـعـری هـاوچـەرخ دەربـڕاون.. لـەبـەر ئـەوە ئـەوانـەی چـاك لـە چـیـرۆکـە فۆلکلۆرییەکە شارەزانین ناتوانن بزانن شاعیر چیی کردووە، هـەروەها هەست بە پچڕپچڕیی وێنەکان دەکەن و ئەو ڕەمزانەی کە لە شیعرەکەدا بەکارهـاتوون جۆرە یەك نەگرتنێك دەنوێنن و گومـانیش لـەوەدا نییە کە چیرۆکی ئـاساییش ئـەم بە زنجیرە هـاتنەی ڕووداوەکان ئـاسانترە.

هـەروەکو گوتم، شاعیر ڕووداوی وەرگرتووە و وێنەی تری پێ دروست کردووە.. دەتوانین بەراوردێکی چیرۆك و شیعرەکە بکەین.. بۆ وێنە لەو پـارچەیەی وا شاعیر لە بەشی سێیەمدا بـاسی کرمی ئـاوریشمین دەکات، واتە (فەرخ)ی پێچراوی دەسرازە و لە بێشکەنراو.. دەڵێ:

خۆی لە قۆزاغە دەرهێنا

بەچنگەکرێ.. هەڵگەڕا.. هـەر هـەڵگەڕا

چقڵەکانی چەواشە کرد،

هـەتا چووە.. نـاو مـەمکۆڵـەی "هـەنـار"ەوە.. ل/ ٣٠ – ٣١.

فۆلکلۆرەکە دەڵێ:

دەسرازەی بەسەری خۆیدا فڕێ دا، لە لانکێ هـاتە خوارێ

بەیەکجاری

بەسەرینی خـاتوون ئەستێ هەڵدەگەڕا، دەرزی لە بەرۆکی دەرهێنا،

پـێـی دە یـەخـەی کـێشا بـۆ خـۆی چـووە نـێو سیـنگ و مـەمـکـانـی بەیەکجاری..

ل/٧٢. بەرگی دووەم / تحفە مظفریة.

واتە: هەنارەكەی شێركۆ یان ڕاستتر دارهەنارەكەی.. هەر ئەستێیە كە مەمكۆڵەكانی لە هەنار دەچن.

ئەوجا فۆلكلۆرەكە بە قسەی ئەستێ دەست پێ دەكات و دەڵێت:

كوتی: گولە، ئەتوو دێیە كن ئەمن، چت پێ دەكرێ؟

كوتی: ئامۆزا بۆ لەتوو وایە، ئەمن منداڵم؟

شێركۆ دەڵێ:

هەنار وتی: كرمەگەڕە.. ئێ.. وا هاتی.. چیت لە دەست دێ؟

وتی: بۆچی وا ئەزانی بە كەڵەگەتی و بەرزییە!..

دوای نەختێك لە فۆلكلۆرەكەدا دەڵێ:

ئەگەر فەرخ خۆی لێكێشاوە بەقەدەر خاتوون ئەستێ درێژ بوو...

ل / ٧٤ – بەرگی دووەم – تحفه مظفرية.

فۆلكلۆرەكە درێژەی پێ دەدا و دەڵێ:

كوتی: سەر هەڵێنە، عەرش و قورووشی لەبەر ڕاوەستاوە

تەماشای كرد نووری خولای دەگەڵ فەرخۆڵەیە، جێبەجێ زمانی شكاوە

لەسەر كۆشی خۆی ڕۆنا، فەرخ خاتوون ئەستی بەڵەكچاوە

خاتوون ئەستی دەڵێ:

ئامۆزا، تۆبە و ئیستیخفار تەواوە

ئەلحەمدولیللا شێخە ڕەحمەتی خولای بۆ قەرار كراوە

دەستیان دەستۆی یەك كرد، دەمیان بە دەمی یەكەوە ناوە..

ل / ٧٥ – بەرگی دووەمی – تحفه مظفرية.

بەڵام شێركۆ بەمجۆرەی دەگێڕێتەوە:

هەرکە کرمی ئاوریشمینی عاشق کشا

بەچەند قەدێك ئالآیە باڵای هەنار و، تێشی پەڕان

تا سوورەچنار باوەشی پێدا کرد و.. تێر ماچی کرد... ل/ ٣١.

ئەم سوورەچنارە هەر دارهەنارەکەیە و هەر ئەستی خۆیەتی، وەکو دەشبینین ئەمە گێڕانەوەی ڕووداوەکانە نەك دەربڕینی بیری میتافیزیکی.. ئەوەی کاك دڵشاد باسی کردووە، جاری یەکەم لەبەر مەمکەکانی، ئەستێی بە دارهەنار و جاری دووەم لەبەر ڕێکیی بەژن و باڵای بە سوورەچنار چوواندووە.

لەبارەی ئەم پارچەیەی سەرەوە کاك دڵشاد ئەم ڕوونکردنەوەیەمان دەداتێ و وای باس دەکات: گەر لە دارهەنارەکە ئالآم و بوو بە هی خۆم و باڵام بەقەدەر ئەوی لێهات... ئەوسا لێی تێدەپەڕم و شایانی ئەوە دەبم دارچناری باڵابەرزیش باوەشم بۆ بکەنەوە و ماچم بکەن و ماچیان بکەم.

لێرەدا لێکۆڵەرەوە، شاعیری لە بەرامبەر دارهەناریش و دارە سوورەچناریشدا لە یەك هەڵوێستدا داناوە، کەچی من وای نابینم.. لە یەکەمیاندا شاعیر بەچەند قەدێك دەئاڵێتە باڵای هەنارەوە چونکە تامەزرۆی هەنارە و تێشی دەپەڕێنێ.. واتە کارەکە لەلایەن شاعیرەوە کراوە، بەڵام لە دووەمیاندا سوورەچنار خۆی باوەشی پێدا دەکات و... تێر ماچی دەکات.

لێرەوە با بگەڕێینەوە سەرەتای شیعرەکەی شێرکۆ کە دەڵێ:

ئەو خەونانەی تۆ لە، سەرما، ئەیانبینی:

بۆ بەیانی... ئەبنە درەخت و...

واتە: ئەو خەونانەی کە ئەستی لە سەری شاعیردا دەیانبینێ...

لە لێکدانەوەی ئەمەدا کاك دڵشاد بە هەڵەدا چووە و وای لێکداوەتەوە و دەڵێ:

ئەو خەونانەی ئەستی لە سەرمادا ″ واتە لە تەنیایی و وێڵی و بێ پەناییدا″ دەیانبینی..

هەندێك شتی تری داهێنان و وردەكاریی ڕستە و زاراوەی شیعریی تێدایە.. باسكردنیان لێرەدا بە پێویست نازانم و بەجێی دەهێڵم.

كاك دڵشاد باسێكی جوان و ڕێكوپێكی شیعرەكەی محەمەدی حەمە باقی دەكات و ڕێبازە گشتییەكەی ناو شیعرەكەمان بۆ ڕوون دەكاتەوە و پێوەندیی شاعیر و هەڵسوكەوتی لەگەڵ كەلەپووردا هەڵدەسەنگێنێ... وەكو ئەو باسەی (عەلی بەردەشانی) و گۆرانیی فۆلكلۆریی (سەبری ئەڵێ من شوو ناكەم) و... تاد.

دەبوایە لە شیكردنەوەی ڕەمزی میدیا و ئاشوور و ئەو شایەی كە لە پارچەی دووەمدا فەرمانە شاهانەكە دەر دەكا، زیاتر پێوەندیی مێژوویی نێوانیانی بۆ ڕوون بكردینایە.. هێشتا، من وا دەزانم ئەو شایەی كە فەرمانی شاهانەی دەركردووە و شاعیر لە بەشی دووەمدا باسی كردووە و دەڵێ:

بۆ دڵنەوایی كارژۆڵەی لەشی نەرم و نۆڵی میدیا، بەندەنێك بەبایەخ و تاڤگە و چۆڵەكەوە، بگوێزنەوە كۆشكی پاشا...!

ئەمە، پەنجە ڕاكێشانە بۆ شایەكانی بابل كە بۆ بووكێكی (میدیایی) گوایە، كۆشك و باخچە هەڵواسراوەكانی بابلیان دروست كردووە.

ئینجا پێوەندیی میدیا بە بابل و ئاشووریشەوە ئەوەیە كە میدیا و بابل پەیمانێكیان بەست و بەرەكەیان لە دەوروبەری ساڵانی (٦٠٠) پ. ز ئاشووری ڕووخاند و داگیری كرد.

كاك دڵشاد، تەتەر و سوڵتانیانی بە (ساسانی) لێكداوەتەوە، پێم وایە (تەتەر و سوڵتان) پێوەندییان پتر بە دەوڵەتی عوسمانییەوە هەیە، ئەگەرچی لە سەردەمی میدیا و بابل و ئاشووردا – یان تۆزێك دوای ئەمان ساسانی هەبووە نەك عوسمانی. لە لێكدانەوەی ئەوەی كە شاعیر دەڵێ:

– تۆ نازانی کە ڕووباریٚ جۆگەلەیەك ئەخواتەوە

– ماسییەکانی ئەو ڕووبارە چەند بێزارن؟

– ڕووباری یەکسەر بەستووە بە ئیمپریالیزمی ئەمەریکاوە و جۆگەلەکەش بە شۆڕشی گەلی (شیللی)یەوە.. هەرچەندەش لە دواییدا باڵی شیعرەکەی بەسەر میللەتانی تریشدا کێشاوە و چاکیشی کردووە، بەڵام دەبوایە ئەمەریکا و (شیللی)ی هەر لە سەرەتاوە وەکو نموونەیەك بهێنایەوە نەك وەکو ئەوەی کە شیعرەکە ئەم دووانەی مەبەست بێت و بەس.

– ئەوەی ماوەتەوە کە بیڵێم ئەوەیە... کاك دڵشاد دەڵێ: (محەمەد هەنگاوی پیرۆز دەنێ بۆ ئەوەی ببێتە شاعیری هەموو ڕەش و ڕووتانی میللەتەکەی...) منیش ئەو ئاواتە بۆ شاعیر دەخوازم، هەرچەندە من لەو بڕوایەدام کە ئەم هەموو ڕەمز و ئەفسانە و نیشانە و خەستییەی ناو شیعرەکە گەلێك لە مەبەستەکانی شاعیر لە خوێندەوار دەشارنەوە و بە زەحمەتێکی زۆر نەبێ مرۆڤ لێی تێناگا... وابزانم ئەمە بەلای کەمەوە تا ڕادەیەك ڕێ لە بە فراوانی بڵاوبوونەوەی شیعرەکە دەگرێ.

***

کاك ڕەوف کە باسی شیعرەکەی ڕێبوار محەمەد ئەمین دەکات و بە پێشەکییەکی جوانەوە ناوەڕۆك و مەبەستی شیعرەکەی بۆ ڕوون کردووینەتەوە و باسی ئەو بەرفراوانی و بەرگوشادییەی شانۆی خۆشەویستیی شاعیرمان بۆ دەکا کە لە شیعرەکەدا دیارە.. بەڵام بە کورتییەکی لە پێویست بەدەر.

لە مەسەلەی زماندا سەرنجێکی جوانی خستووەتە بەرچاومان کە دەڵێ:

لە مەسەلەی زماندا، ڕێبوار دەڵێ:

هەناسەی خەم چارۆکەکەی دەلەنگێنێ و دەیکا بە ڕێ

کاك ڕەوف دەڵێ: ئەمە تەنیا لەبەر ″ سەروا – قافیە″ یە ئەگینا ڕاستییەکەی ″ بەڕێی دەکا ″ یە... ل / ٤٥.

ئەمە سەرنجێکی زۆر جوانە، چونکە ڕێبوار خۆیشی هەستی بەو هەڵەیە کردووە و لە پەڕاوێزدا دەستنیشانی کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا لەبەر سەروا هەڵەکەی ڕاست نەکردووەتەوە. ل / ٥١.

سەرنجێکی تری کاك ڕەوف ئەوەیە کە دەڵێ: هەڵەیەکی سەیری کردووە لە مانادا ئەگەر مەسەلەکە پەلەکردن و لەبیرچوون نەبێ یان کەمتەرخەمی لە داڕشتندا، دەڵێ:

ئەوەی عەشقی سینەی پاکتی لێڵ کردبێ و

ئاغاکانی... دەسووتێنێ...

ئینجا کاك ڕەوف دەڵێ:

ئەوەی ئەو ئەشقە لێڵ کا و خیانەتی لێ بکا

هەرگیز ناتوانێ ئاغاکانی بسووتێنێ.. بگرە ئاغاکان دەیانسووتێنن... ل/٤٥.

پێم وایە لێرەدا کاك ڕەوف خۆی پەلەی کردووە و دێری پێش ئەم دوو دێرەی قرتاندووە، بۆیە لە مەبەستی شاعیر نەگەیشتووە.. مەبەستی شاعیر بەم جۆرەیە:

هەموو ناوێك، بەشێکە لە خۆری دڵت، ئەو خۆرەی وا نەك هەر تەنیا ئەو کەسە دەسووتێنێ کە عەشقی سینەی پاکتی لێڵ کردووە و بەس، بگرە ئاغاکانیشی دەسووتێنێ، گوێ بگرن شاعیر خۆی دەڵێ:

هەموو ناوێ، بەشێکە لە خۆری دڵت و

ئەوەی عەشقی سینەی پاکتی لێڵ کردبێ و

ئاغاکانی.. دەسووتێنێ... ل / ٤٨.

شیعرەکەی ڕێبوار شیعرێکی سادە و ڕۆمانسییانەیە، ئەگەرچی بە هەندێك وشە و چەمکی ڕەمزی ویستوویەتی جۆرە چڕییەك بە شیعرەکە بدات. تەنانەت ئەو (چل و یەك) ساڵەی شاعیر لە (١٩٧٥)دا لە کاتی نووسینی شیعرەکەیدا بەکاری هێناوە و– کاك ڕەوفیش – باسی کردووە، ئەوە نەبوایە شیعرەکە دەبوو بە شیعرێکی ڕۆمانسیی ڕووت و ئاراستەی کچێك یان یارێك دەکرا... لە پارچەکەدا دەڵێ:

لە دێرەوە بۆت دەگەڕێم

هەندێ جار دێیتە بەرچاوم

وەکو مانگی چواردەمین شەو

لەسەر ئەرزی

دەڵێم " ئێستا دەگەمە لای"

بەڵام کە دێم

ئۆهۆو لە کوێی

هێجگار بەرزی... ل / ٤٧

واتە مانگەکە وەکو بڵێی لە شتێکی وەکو سەراب دەچێ.. بەبڕوای من – هەرچەندە ئەمە شیعرە – دەبوایە یەخەی چاوی خۆی بگرێ کە جارێك مانگەکە لەسەر ئەرز و جارێك هێجگار لە بەرزیدا دەبینێ... ئەگەر تەنیا پشت بە هەندێك لە هەستەوەرەکانمان ببەستین، لەو

بڕوایەدام کە هەندێك جار ناگەینە ڕاستی..

لە پارچەیەکی تردا دەڵێ و جۆرە گومانێك دەردەبڕێ و داوای لێ دەکا کە ڕووی نەگۆڕێ:

تۆش لەسەر مەداری خۆتی

کە ڕووت گۆڕی

دەکەویت و دەچیە گۆڕی

پەڕەی دڵم، ئەی شاگوڵم، ڕوو نەگۆڕی..

ڕوو نەگۆڕی... ل / ٤٩.

سەرەڕای ئـەمـیش لـە کـۆتـایـی شیـعرەکـەدا جـۆرە خـۆبـەستـنـەوەیـەك بـە مـەبـەستـەکەوە بـاس دەکات و دەڵـێ:

بەڵام گڕی خۆشەویستیت بەرە و مەرگ هەڵم دەگرێ

خۆشەویستیت پڕ لە ژانە، بۆیە منیش هەتا ئەمرم

بەدڵم داوێنی ئەگرم... ل / ٥١

شاعـیـر لـە هـەنـدێك شوێنی شیعرەکەدا وردەکـاریـی شێوە کلاسیکیی بەکارهێناوە.. تـا ڕادەیەك لایەنی هونەریی بەرز کردووەتەوە.. وەکو ئەوەی کە دوو سێ قـافـییـەی یەکگرتووی لەنـاو دێرێکدا بەکارهێنـاوە، وەکو:

دڵ و دینم، شادی ژینم، هەر تۆی تینم، لەم ژیانە..

یان دەڵێ:

پەڕەی دڵم، ئەی شاگوڵم، ڕوو نەگۆڕی..

هەروەها وەکو تێهەڵکێشکردنی هەندێك دێڕ و وشەی کەسانی تر کە لەناو کەوانەدا داینـاون و ئەو پەنجە ڕاکێشانەی بۆ دێرە بەنـاوبـانگەکەی مەحوی:

هەتا مردن موحیببەت ئێشی زۆرە، ڕێزی لێ دەگرم..

لـەبـارەی (دوو گـۆرانـی)یـەکـەی (مـحـەمـەد مـوکری)یشەوە کـاك ڕەوف سەرەتایەکی کورتی نووسیوە و، وا دەردەخا کە هەردوو پارچە شیعرەکەی کە دوو گۆرانییەکەیان پێکهێناوە دوو پارچەی یەك هەڵبەست بن، هەر بەم پێیەش هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کردوون و هەڵیسەنگاندوون.

ئەم دوو گۆرانییە لە هەموو شتێکیاندا جیاوازن کێشی یەکەمیان (٤ ،

۸ ، ۱۲) بڕگەییە و هی دووەمیان (۳ ، ٦ ، ۹) بڕگەیی.. هەروەها ناوەرۆکیشیان جیاوازە.

لەباسی ناوەڕۆکەکەدا – دوای جیاکردنەوەی – دوو پارچەکە – کاك ڕەوف باشی بۆ چووە، تەنیا ئەوەندە هەیە کە دەڵێ و باسی شاعیر دەکات: لە سووتانێکی بەردەوامدایە.. تا دەبێتە هەندێ سووتوو لە نێوان پەنجەکانی (دڵدار)ەکەیدا هێشتا ئەم.. ئەو ئاگادار دەکاتەوە.

(وریابە.. نەتسووتێنم، وریابە.. دە وریابە..

دەڵێم هەر ئەوەندە هەیە کە من جۆرە هەڕەشەیەکیشی تێدا دەبینم.

لە مەسەلەی زمان و ئەو دوو شاعیرەدا (ڕێبوار و موکری) دەڵێ: ئەوەی جێگەی ڕامانە لە شیعری ئەم دوو شاعیرە و هی لاوەکانی تردا، مەسەلەی زمانە.. کە لەپێناو مۆسیقا و قافیەدا تێکدەشکێنرێت..

لەم قسەیەدا من لەگەڵیدام، بەڵام.. لەو وێنانەی کە هێناونی.. دەڵێ: بەنیسبەت محەمەد موکرییەوە ئەم دێرە چەند جارێك دووپات دەکاتەوە:

دەزانم چراکەت نەوتەکەی فرمێسکە

هەروەها کاك ڕەوف دەڵێ: چراکە و نەوتەکە، هەردووکیان ناسراوە (معرفە) و لە پاڵ یەکدان، لەم حاڵەتانەدا ئەگەر یەکێکیان ناسراو بێ، ئەوەی تریشیان بەهۆی خۆیەوە دەکاتە ناسراو و پێویست بە (کە) ناکا.. وەك:

دەزانم نەوتی چراکەت فرمێسکە

لێرەدا مەسەلەی کێش و مۆسیقاش بەجێ بهێڵم (کە لە پێشنیازەکەی کاك ڕەوفدا تێچووە) هەر لەگەڵیدا نابم، چونکە مەبەستی سەرەکیی شاعیر لەم شیعرەدا چراکەیە نەك نەوتەکە.. بۆیە لە پێشەوە دەڵێ: چراکەت.. ئینجا دوای ئەوە دەڵێ: نەوتەکەی فرمێسکتە.. ئەگەر وەك ئەوەی کاك ڕەوف پێشنیازی کردووە بڵێ: نەوتی چراکەت.. دەبینین نەوتەکە مەبەستی

سەرەکیی باسەکەیە و ئینجا بەچراکە نەوتەکە ناسێنراوە.. خۆ ئەگەر بڵێ: دەزانم چراکەت نەوتی فرمێسکە، ئەوا دیارە مانا تێکدەچێ و واتاکەی دەبێتە شتێکی تر و (چرا) دەبێتە (نەوتی فرمێسک)!.

بەڵام لە نموونەی دووەمدا کە کاک ڕەوف هێناویەتی و شاعیر دەڵێ:

(دەزانی نەوتەکەی چراکەم شەوێکی... هتد)دا لەگەڵ کاک ڕەوفدام و باشتر وابوو کاک ڕەوف پێشنیازی لابردنی (کە)ی ئەم (نەوتەکەی)ەی بکردایە کەچی دێرەکەی هێناوەتەوە و لە دواییدا بێ دەنگیی لێ کردووە.. ئەوا دێرەکە بەمجۆرە دەبوو (هەروەکو گوتیشم ئەگەر کێش بخەینە پشت گوێ) : دەزانی، نەوتی چراکەم شەوێکی... تاد.

لەبارەی وشەی (تۆراوی)یەوە لە دێری:

(ئەشێ تۆیش وەکو من تۆراوی...)دا

کاک ڕەوف دەڵێ: ڕاستییەکەی (تۆرابی)ی، کاک ڕەوف باشی بۆ چووە و سەرنجێکی جوانە..

چەند شتێکی ورد ماوە، وەکو:

لە یەکەم دێری ل/ ٥٤ دا لەجیاتیی وشەی (لەسەرە) (لەسەر) نووسراوە و کێشی شیعرەکە تێکچووە. ئەمە دەبێ هەڵەی چاپ بێ.. چونکە پێشتر دێرەکەی گوتووە:

دەسووتێم، لەسەرە ڕێگاکان دەوەستم

هەروەها دەڵێ:

هەتا کۆترێك دەمکاتە هێلانە

دەبوایە بەپێی کێش بەم جۆرە بوایە:

تا کۆترێك دەمکاتە هێلانە..

## "زارا بادەدا" و تەڕاتێنێکی سەربەخۆ



ئـەو ڕێبـاز و ڕاو بۆچـوونـە جۆرەوجۆرانـەی شیعر و ئەدەبیات و هونەری تەشکیلی و هونەرە جیـاجیـاکـانی بـەرهـەمـە بـەیەکداچووانەی کە بەناوە، یەکیان سوودیلەوانی ترەوە بینیوە، هەر دێت و دۆزەکە ئاڵۆزتر و سەختتر دەکەن.

لـەلایـەکـی تـرەوە هـەریـەکـە لـەو ڕێبـازە جیاجیایانە بنەما و هێما و سەرەداوی خۆی هەیە بۆچوونە ناو کارەکەوە و تێگەیشتنی – لە هـەر ئـاستـێکـی تـێگـەیشتـنـی – کـارەکە بێت..

ئـەگـەرچـی ئـەو بۆچـوون و ڕێبـازانـە ئـەوەنـدە جۆرەوجۆرو هـەمـەڕەنگ و هـەمـە بـۆن بـووە کـە پـێداچـوونـەوە و تـێگـەیشتن و لـێ وردبـوونـەوە و قووڵبوونەوە و تێداڕۆچوون گەلێك سەخت و دژوار بووە، بەڵام ئەو هەموو قـۆنـاغـانـە، هـەرچـۆنـێك بـێت هـەر سنـووری مـێشك و تـوانـا نـابـەزێنـێ، بەتایبەتی بۆ یەکێکی بیندرێژ و دان بە خۆداگر، کە بیەوێ و مەبەستی بێت پسپۆڕی لەو لایەنەدا پەیدا بکا...

ئـەمـانـەی سـەرەوە هـەمـوو وەهـان، تـا دەگـەینـە ئـەم تـاقیکردنـەوە نوێیـانـەی کە توانا و ناتوان دەیەوێ خۆی وەك داهێنەری ڕێبازێکی نوێی تایبەت بەخۆی بنوێنێ، بۆیە هەندێك لەوانەی کە هێما و بەناو شێوەی داخراوی خودییەکی ئێجگار تەماوی کە بەرهەمێك دەخەنە پێش چاوی خەڵکی و کەس بەهانایەوە ناچێ و کەمترین قسەیەکی لێوە بکرێ ئەوەیە کە کەسێك زۆر پیاوی چاك بێ، دەڵێ تێی ناگەم. کەچی بەوە وەڵام دەدرێتەوە کە لە ئاستی بەرهەمەکەدا نییە. لە کاتێکدا زۆر لەوانەی پێشتر بەرهەمی سەر

بـەرێبـازێکـی نـوێی داهـێنـراو، یـان دانـەهـێنراویـان هـەیـە. سەرنـج و ڕا و بـۆچـوونـیـان دەرخستووە و دەربـڕیـوە، تـەنـانـەت هـەندێکیـان مـانـفـێستـی ڕێکوپێك و هۆشیـارانـەیـان بۆ پـاڵپشتی ڕێبـازەکانیان خستووەتە ڕوو..

وەك سـەرەتـایـەك دەبـێ بڵێین هـەموو بـەرهـەم و داهێنراوێك پـەیـامـی خۆی هـەیە، تـەنـانـەت ئـەوانـەی کە لافی بێ پـەیـامـی و بێ ئـامـانجیش لێ دەدەن، بیانەوێ و نـەیـانـەوێ، پـەیـامێکـی تـایبـەتییـان هـەر هـەیـە، دوورکەوتنەوە لـەبیر و فـەلسـەفـە و زانست و ڕیتم و کێش و جوانی و هونـەر و.. تـاد، بۆچوون و پـەیـامێکە، بـا پـەیـامێکی دژ بـە هـەمووانیش بێت، وەك ئـەو لافـەی کە دەڵێ: شیعری پـەتی (موتڵـەق) دەنووسین، ئـەویش ڕێبـاز و بۆ چوونێکە لـە ڕوانگـەی بیرێکەوە پـەیدا دەبێ..

بـاس و لێکـوڵینـەوە لـەو بـەرهـەمـانـەی کـە تـاقیـکردنـەوەیەکی داخراوی خودییەکی زۆر سەختن، وەکو فـاڵی قـاوەگرتنـەوە وایـە، بـەڵام بـاسکردنی

هـەندێك لـەو بـەرهـەمـانـە، پێم وایـە هـەر بێ سوود نـابێ..

جـا لـەم ڕوانگـەیـەوە و بـە بـەرچـاوەوە گرتنی هـەموو ئـەو شتـانـەی کە پێشتر بـاسمـانکردن، دەمـەوێ بـاسی دەقی (زارا بـادەدا) بکـەم!

***

(زارا بـادەدا)، نـاونیشـانی دەقـە نوێیـەکـەی (ئـەنوەر مـەسیفی)ی شاعیرە، کـــە لـــە لاپـــەرە (١٦٧)ی ژمـــارە (٤٨)ی (٥ / ٦ / ٢٠٠٠)ی گـــۆواری (ڕامـان)دا بڵاو کراوەتـەوە.

دەقی شیعری (زارا بـادەدا) بـەمجۆرەیـە:

زارا بـادەدا

بـاولـە مووەکـانی

کۆبرای لاهووتم
لەناو بانیۆکانی زارا دانا
کاهینی سپی کۆبرا
لە سەرەتا نەهات
زارا لەناو بانیۆکانی
کۆبرا بۆ کۆبرا بادەدا نەهات
کاهینی سپی زارا
مووەکانی زارای
لاهووتی لەناو
بانیۆکانی کۆبرا کرد
کاهینی سپی کۆبرا
لەناو بانیۆکانی
زارا بۆ کاهینی
سپی زارا بادەدا
باولە مووەکانی
زارای لاهووتم
لەناو بانیۆکانی
کۆبرا دانا
کاهینی سپی زارا
لە سەرەتا نەهات
کۆبرا لەناو بانیۆکانی
زارا بۆ زارا بادەدا

کاهینی سپی کۆبرا
مووەکانی کۆبرای
لاهووتی لەناو
بانیۆکانی زارا کرد
کاهینی سپی زارا
لەناو بانیۆکانی
کۆبرا بۆ کاهینی
سپی کۆبرا بادەدا

نیسانی ٢٠٠٠

***

زارا بادەدا، داخۆ زارا چی بادەدا؟! بۆچی بادەدا؟!

داخۆ وەکو کە (شیرین تەشی دەڕێسێ) و (وەفایی) گۆرانییی بۆ دەڵێ و بەدەم گۆرانییەوە کەلووە هێمایەکانی ئاسمانی کەون هەر هەموو بەسەردەکاتەوە و ئینجا لە ورشەی چاوی (شیرین)دا دەتوێتەوە؟!

یان (مەسیفی) بەناو پێنج دێردا دەکەوێت و چەند وشەیەکی تێدا جێگۆڕکێ دەکات و دێرەکان بەش بەش دەکات و بە بەش کراوی لەژێر یەکیاندا دەنووسێت و جۆرە دووبارە کردنەوەیەك بەدی دەهێنێت و بە وشەگەلێکی هێما ئامێزی (ئێجگار) خودییەوە سرووتە دەقێك پێکدەهێنێ و لە سی و یەك دێردا دەقەکەیمان دەخاتە بەردەست؟!

دەقەکەی مەسیفی، کە بڵاو کرایەوە، بووە موڵکی مێژوو و بووە موڵکی گشتی، لەبەرئەوەی کە دەقێکی ئێجگار خودیشە، هەر کەسێك بۆی هەیە، بە بۆچوونێکی خودیی خۆیەوە، هەر جۆرە تەراتێنێکی تێدا بکات و ئەسپی خۆی تاودا، دەبا بزانین من چۆنی تێ دەڕوانم؟!

دەكرێ دەقەكە، بەم شێوەیەی خوارەوە بنووسینەوە، كە من لە مەیاندا، دەستكاریی هیچی ناكەم و لێی ناگۆڕم، تەنیا ئەوەندە دەكەم كە ئەو دێرانەی بەیەك دێریان دەزانم بەسەریەكەوە و لە شێوەی یەك دێردا دەیاننووسمەوە و بۆ كارێكی پێویست كە دواتر مەبەست دەردەكەوێ، ناوی دوو بەشیان لێ دەنێم و ژمارەیان بۆ دادەنێم.. بەمجۆرەی خوارەوە:

**زارا بادەدا**

**بەشی یەكەم**

١– باولە مووەكانی كۆبرای لاهووتم لەناو بانیۆكانی زارا دانا.

٢– كاهینی سپی كۆبرا لە سەرەتا نەهات.

٣– زارا لەناو بانیۆكانی كۆبرا بۆ كۆبرا بادەدا.

٤– كاهینی سپی زارا مووەكانی زارای لاهووتی لەناو بانیۆكانی كۆبرا كرد.

٥ – كاهینی سپی كۆبرا لەناو بانیۆكانی زارا بۆ كاهینی سپی زارا بادەدا.

**بەشی دووەم**

١– باولە مووەكانی زارای لاهووتم لە ناو بانیۆكانی كۆبرا دانا.

٢– كاهینی سپی زارا لە سەرەتا نەهات.

٣– كۆبرا لەناو بانیۆكانی زارا بۆ زارا بادەدا.

٤– كاهینی سپی كۆبرا مووەكانی كۆبرای لاهووتی لەناو بانیۆكانی زارا كرد.

٥– كاهینی سپی زارا لەناو بانیۆكانی كۆبرا بۆ كاهینی سپی كۆبرا بادەدا..

ئەگەر (دوو دوو) ئەو دێرانەی كە ژمارەیان وەك یەك وان، بەراورد

بکەین، تەماشا دەکەین، دێڕەکان (دوو دوو) هەروەکو یەکدین. تەنیا دوو وشەی (زارا) و (کۆبرا) جێیەکانیان ئاڵوگۆڕیان پێ کراوە.. بەمەدا بۆمان دەردەکەوێ کە (زارا) و (کۆبرا) هەر یەکن و هەر ئەو کارە دەکەن.

ئەگەر لە دێڕەکاندا، لە جیاتیی هەردووکیان ڕاناوی (ئەو) دابنێین، دێڕەکان دەبنە تەنیا (پێنج دێڕ)ی کوتومت دووبارە کراو.. کەواتە ئەگەر یەك لە دووبارە بووەکان لاببەین، دەتوانین دەقەکە بەمجۆرەی خوارەوە بنووسینەوە:

١- باولە مووەکانی (ئەو)ی لاهووتم لەناو بانیۆکانی (ئەو) دانا.

٢- کاهینی سپی (ئەو) لە سەرەتا نەهات.

٣- (ئەو) لەناو بانیۆکانی (ئەو) بۆ (ئەو) بادەدا.

٤- کاهینی سپی (ئەو) مووەکانی (ئەو)ی لاهووتی لەناو بانیۆکانی (ئەو) کرد.

٥- کاهینی سپی (ئەو) لەناو بانیۆکانی (ئەو) بۆ کاهینی سپی (ئەو) بادەدا..

لە دێڕی یەکەمدا (قسەکەر- من)ی ناو دەقەکە، (باولە مووەکانی ئەوی لاهووتی لەناو بانیۆکانی ئەو داناوە).. کەچی لە دێڕی چوارەمدا، ئەو کارە، کاهینی سپی (ئەو) ئەنجامی داوە و دەڵێ: (کاهینی سپی - ئەو - مووەکانی - ئەو -ی لاهووتی لە ناو بانیۆکانی - ئەو - کرد)، کەواتە: کاهینی سپی، ئەو (قسەکەر - من)ی ناو دەقەکە بەخۆیەتی!! بەمجۆرە ئەگەر (کاهینی سپی - ئەو) لە دەقەکە لاببەین و (من)ی قسەکەری لە جێدا دابنێین - چونکە ئەم دووانەش هەریەکن - دەقەکە بەم جۆرەی لێ دێ:

١- باولە مووەکانی (ئەو)ی لاهووتم لەناو بانیۆکانی (ئەو) دانا.

٢- (من)ی کاهینی سپی (ئەو) لە سەرەتا نەهاتم.

٣– (ئەو) لەناو بانیۆکانی (ئەو)ی لاهووتم لەناو بانیۆکانی (ئەو) بادەدا.

٤– (من) مووەکانی (ئەو)ی لاهووتم لەناو بانیۆکانی (ئەو) کرد.

٥– (من) لەناو بانیۆکانی (ئەو) بۆ (خۆم – من!) بادەدا.

ئەمجارەیان، ڕیزی دێرەکان – وەکو خۆم مەبەستمە – ڕیز دەکەم و بەم شێوەیەی خوارەوەیان لێ دێ:

٢ – (من)ی کە کاهینی سپی (ئەو) لە سەرەتا نەهاتم.

١ – (من) باولە مووەکانی (ئەو)ی لاهووتم لەناو بانیۆکانی (ئەو) دانا.

٤ – (من) مووەکانی (ئەو)ی لاهووتم لەناو بانیۆکانی (ئەو) دانا.

٥ – (من) لەناو بانیۆکانی (ئەو) بۆ (خۆم!) بادەدا.

٣ – (ئەو) لەناو بانیۆکانی (ئەو)ی لاهووتم لەناو بانیۆکانی (ئەو) بادەدا.

سەرنجی ئەوە بدەن – لە دێری یەکەم و چوارەمدا– تەنیا (باولە مووەکان) و (دانا)ی دێری یەکەم، بوونەتە (مووەکان) و (کرد) لە دێری چوارەمدا، کە هیچێکی ئەوتۆ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ.

خۆ ئەگەر وشەکانی دەقەکە بەخۆی، بگەڕێنینەوە، واتا گشتییەکەی بەسەریەکەوە، وای لێ دێتەوە:

من کە کاهینی سپی (زارا – کۆبرا)م لە سەرەتا نەهاتم

من باولە مووەکانی (زارا – کۆبرا)ی لاهووتم لەناو بانیۆکانی ئەو کرد و دانا

من مووەکانی (زارا – کۆبرا)ی لاهووتم بۆ خۆم بادەدا

ئەو مووەکانی بۆ خۆی بادەدا

***

(زارا) کە ناوی مێینەیە و – دوور نییە ئەو ناوە لە بنەڕەتدا – کورتکراوەی ناوی ئەستێرەی (زوهرە) بێ کە بە (سەماکەرە) بەناوبانگە، (نالی) دەڵێ:

شەو چەپکەنی نەیلۆفەری یو جیلوەیی ڕەقصی

شەرمەندە دەکا (زوهرە)یی زەهرا لە (سەما)دا

هەروەها ئافرەتی زۆرزان و بەفێڵ، هەر لە کۆنەوە بە (مار) شوبهێنراوە کە ئافرەت وەکو مار ئەگەر لە کەسێك هەڵگەڕێتەوە لە پڕ و ناکاودا پێوە دەدات و تا ڕادەی کوشتن ژەهر دەڕێژێ، (کۆبرا) لە دەقەکەدا.. بەش بەحاڵی خۆم ئەمە ڕەت دەکەمەوە.

لەلایەکی ترەوە (بادەدا) بەچەند جۆرێك لێك دەدرێتەوە، بۆ (بادان)ی موو و کردنی بە داوو پەتك وشتی ترە و.. بۆ (بادان)ی بەشێوەی وەك سەماکردن یانیش (بادانەوە)، بە واتای لە شت هەڵگەڕانەوە و ڕووگۆڕین، کە لە دەقەکەدا ئەمەی دواییيان بەوە نازانم کە لەگەڵ باسەکەدا بگونجێ.

وەکو لە دەقەکانی پێشتری (مەسیفی)شدا دەبینرێ، ئامرازەکانی پێوەندی و خستنەسەر و.. هی تر، وەکو زمان بەزۆری لادەدا، وەك بەلایەوە زۆر بایەخی نەبێت، یانیش ئەوەی بەلاوە بۆ مەبەستێکی شیعری بەکار هاتووە کە مەبەستی سروشی شیعریی تێدا بێ، – ئەگەرچی من لەگەڵیدا نیم، هەرچۆنێك بێت ئەمە بۆچوونی تایبەتیی خۆیەتی –. لەلایەکی ترەوە کە وشەی لاهووت (لە دەقەکەدا – لاهووت) و زێوان (کاهین)ی پەرستگای بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی دوورمان بخاتەوە لە ژیانی فیزیکی و بەرەو میتافیزیکمان ڕاکێش بکات. کەواتە مەبەست، مەبەستێکی ئایدیالیی دوور لە ڕاستیی ڕیالیستیی ڕۆژانەیە.

ئینجا دەگەینە سەر باسی واتای کۆتایی کە دەڵێین، دەقەکە دەڵێ:

من زێوان (کاهین)ی سپیی (زارا – کۆبرا)، لە سەرەتادا نەهاتم..

لێرەدا – زێوان –ی سپی، بەرامبەر – زێوانی ڕەش، واتە ئەو هەژارە هیندییەی زوڕنا لیّ دەدات و ماری کۆبرا لە سەبەتە، لە دەقەکەدا – بانیۆکانی (زارا – کۆبرا)دا دەخاتە سەماکردن و.. بادان – بادەدا – بەڵام ئەم زێوانەیان سپییە)، مووەکانی (زارا – کۆبرا)م لەناو سەبەتە (بانیۆ)کانی (زارا – کۆبرا) دانا (کرد)، لە ناو سەبەتە (بانیۆ)کانی (زارا – کۆبرا)دا، من بۆ خۆم مووەکانم بادەدا، ئەویش بۆ خۆیی بادەدان. ئینجا (زێوان)یش و (زارا)ش لەناو سەبەتە (بانیۆکان)دا کە پڕیەتی لە ئاوی بۆ خۆشۆردنەوە ئامادە کراو، خۆیان دەشۆرنەوە و پاك دەبنەوە و خۆیان بە خاوێنی بە (با) دەدەن و لەو خۆشییەوە هەردووکیان بادەدەن و سەما دەکەن.. سەما دەکەن.. کەچی (زێوان)، بۆ پاراستن و لە دەست نەدانەوەی شان و شکۆی خۆی، سەرنجمان هەر بۆ ئەوە ڕادەکێشیّ کە (زارا) بادەدا، بۆ ئەوەی تەنیا (بادانی زارا) ببینین و بەس و.. هی خۆی.. نا!!.

***

کۆواری ڕامان

ژ / ٥١ – ٥ی ئەیلوولی ٢٠٠٠

## پایزی جاران و لێکۆڵینەوەیەکی تر

(پایزی جاران) کۆمەڵە هەڵبەستەکەی مامۆستا (محەمەد ساڵح دیلان) کە لە پەنجا و هەشت لاپەڕەدایە، لەچاپخانەی کامەرانی - سلێمانیدا ساڵی ١٩٧٣ لە چاپ دراوە.. بە پێویستم زانی باری سەرنجی خۆم - لەبارەی ئەو کۆمەڵە هەڵبەستەوە - بخەمە بەرچاوی خوێنەری بەڕێز.. پێشەکی حەز دەکەم ئەم چەند تێبینییە بخەمە ڕوو:

١ - لێکۆڵینەوەکەی کاك (دڵشاد مەریوانی)، کە لە (ڕۆژنامەی هاوکاری)دا[1] بڵاوی کردەوە.. هۆیەك بوو لەو هۆیانەی کە پاڵیان پێوە نام بۆ نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیەم.

٢ - ئەگەر لایەنێك هەبێت کاك مەریوانی باسی کردبێ و من باسم نەکردبێ، ئەوە ناگەیەنێ کەوا لەگەڵیدام لەو بۆچوونەیدا.. هەروەها پێچەوانەی ئەوەش ناگەیەنێت.

٣ - هەرچەندە شیعری مامۆستا دیلان پێوەندییەکی زۆری بە گۆرانی و (مەقام)ە کوردییەکانەوە هەیە و ئەو باسەی کاك دڵشاد مەریوانی کردوویەتی، پێویستە دانی پێدا بنرێت کە سەرنجێکی زیرەکانە بوو (بەڵام تەنیا بۆ زانینی ئەو پێوەندییە)!. من بەخۆمدا ڕاناپەرمووم لەو لایەنەوە بدوێم.

**زمانی شیعریی دیلان:**

لەگەڵ ئەوەی کە زمانی شیعریی دیلان زمانێکی کوردیی سفت و ڕەسەن و خاوێنە و شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لەوانەیە، یەکێك شارەزای شیعرەکانی دیلان بوو و ئاشنایەتیی لەگەڵدا پەیدا کرد، بتوانێت پێش ئەوەی ناوی دیلان لەسەر پارچەیەکی نوێدا بخوێنێتەوە بزانێ کە هی دیلانە.

لە زۆربەی زۆری هەڵبەستەکانیشیدا زمانێکی شیعریی جوان و ڕەوان و ساز و نەرم خۆی دەنوێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێك شوێنی کەمدا دەبینین ڕستەی وای تێدایە کە زۆر لە قسەی سادە دەچێت نەك لە شیعر، بۆ وێنە، دەڵێ:

(بێجگە لەمەش..) کەم کەس هەبوو وێنەی ئەو

بەرامبەر دۆست بێ کینە بوو سینەی ئەو..[٢]

کە مرۆڤ گوێی لە (بێجگە لەوەش..) دەبێ، هەست بە پچڕانێکی لە پڕی هەڵبەستەکە دەکات و چوونە ناو ڕاپۆرتێك پتر بە دی دەکات... ڕاستیشە لە شیعری (درامی)دا زۆرجار شاعیران هەر بە قسەی ڕووتەوە دێنە سەر باسی جۆرەوجۆر.. بەڵام ئەم چامەیەی دیلان گەلێك لە شیعری (درامی)یەوە دوورەپەرێز دەوەستێت.

یان کە دەڵی:

(ئەم دواییەش) کە کەوتە دوا هەناسەی

ئەم وشانەی سەریی ئەکرد بە تاسەی..٣

کە لە بڕگەی (ئەم دواییەش)دا هەمان شت دەبینین.

دیسانەوە لە هەندێك شوێندا، دووبارەکردنەوەی ڕستە، بێ ئەوەی پێویستییەك هەبێت، وەکو بڵێی ڕستەی پێشووی ڕاڤە بکات وایە و تامی شیعریی بڕگەکە تێکدەدات و ئەو باڵە سروش بەخشەی شیعرەکەمان لێ دەشکێنێت.. وەکو دەڵێ:

کام شەو ڕەش بوو.. کامی تاریك و تار بوو..[٤]

یان دەڵێ:

تاقە کوڕ بوو، تاقانە بوو..[٥]

یان دەڵێ:

بۆ سبەینێ.. بۆ بەیانی..[٦]

یانیش:

کارامە بوو، کارگوزار بوو..[٧]

ئەم دووبارەکردنەوەیە، بێزارییەك بۆ خوێنەر دەهێنێ، بە تایبەتی کە ئەم سەردەمە سەردەمی تیژڕەوی و دوورکەوتنەوەیە لە درێژەدان، نەخوازەڵا ئەگەر پێویستییەك نەبێ بەو جۆرە دووبارەکردنەوەیە.

لێرەدا حەز دەکەم ئەم دێرەی دواییەیان تەواو بکەین و سەرنج لە واتاکەی بدەین:

کارامە بوو.. کارگوزار بوو

وێنەی ڕۆڵەی لادێ و شار بوو

ئەگەر ڕۆڵەی لادێش و ڕۆڵەی شاریش کارامە و کارگوزار بن.. ئەدی کێ کارامە نییە و.. کارگوزار نییە؟! ڕەوەندەکان؟!

کە دێینە سەر باسی تاك تاکەی وشەکانیش دەتوانین بڵێین کە چەند وشەیەکی وەك: وادە، گەرمەسێر، ئەڵوەن، لەسلاخ.. ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە دیلان سوودی لە تاك تاکەی وشەکانی مەولەوی وەرگرتووە.. یان کە ئەم بڕگەیە دەخوێنینەوە کە دەڵێ:

(بەیانی دا) لە ئاسۆی نیشتمانا..[٨]

ئا لەم (بەیانی دا)یەدا، (بەیانی دا سفیدەی باخی سێوان)ەکەی (نالی)مان دێتەوە یاد.

لەبارەی ئەو وشانەشەوە کە مامۆستا مەریوانی باسی کردووە، وەك: پاراو و تێر، گێژ و وێژ، مل و گەردن، ئاڵ و گۆڕ، بەنرخ و گران... دەڵێم: ئەمە (جوانەمەرگ)ەکەی مامۆستا دیلان بۆ بەڵگە دەهێنێتەوە و گوایە

دیلان پەیڕەویی مەولەوی دەکات لەوەدا کە (شتی سروشتی)، یان (گوڵ) بە (جەمیل دەچوێنێ..) بەپێچەوانەی شاعیرانی تر شتێکی ئاساییە و زۆر بەرچاو دەکەوێت، بێجگە لەوەی کە لە هەندێك شوێندا دیسانەوە بە جوانی نازانم، بەتایبەتی کە ئەو جووتە وشانە یەك واتە دەگەیەنن و لە بنەڕەتدا تەواوکەری یەکتری نین.

**لە نێوان مەولەوی و دیلاندا:**

زۆرجار گوێمان لێ دەبێت کە مامۆستا دیلان یەکێکە لە شاگردەکانی مەولەوی، هەروەها کاك دڵشادیش ئەو باسە دووبارە دەکاتەوە و هەڵبەستی (جەمیلی جوانەمەرگ)ەکەی مامۆستا دیلان بۆ بەڵگە دەهێنێتەوە و گوایە دیلان پەیڕەویی مەولەوی دەکات لەوەدا کە (شتی سروشتی)، یان (گوڵ) بە (جەمیل دەچوێنێ..) بە پێچەوانەی شاعیرانی تر کە یارەکەیان یان دۆست و خۆشەویستیان بە شتی

سروشتی دەچوێنن (لە هەست دەربڕیندا).

وەکو ئاشکرای ئەدەبدۆستانیشە کە بۆ یەکەم جار مامۆستا عەلائەدین سەجادی ئەم ئاگرەی خۆش کردووە و ئەم دێڕەی مەولەویی هێناوە:

گوڵ چون ڕووی ئازیز نەزاکەت پۆشان

وەفراوان چون سەیل دیدەی من جۆشان

لەبارەی ئەم دێرەوە دەڵێ: (مەولەوی تەنیا بەم شیعرەی بەجارێ ئەدەبی کوردی هەڵگێڕاوە.. هتد)[٩]

هەروەها مامۆستا (أ. ب. هەوری)ش هەر شوێن پێی مامۆستا سەجادیی هەڵگرتووە، گوایە مەولەوی (کاری وێژەیی پێچەوانەی وێژەوانان) کردووە.[١٠].

بۆ ئەم دێرەی مەولەوی، بە دیوانەکەیدا گەڕام، بەوجۆرە بەرچاوم

نەکەوت، تەنیا دێرێکی بەوجۆرەی خوارەوە لە چامەیەکیدا بەرچاو دەکەوێت:

چەمەن هام لیباس سەوز ڕەنگ پۆشان

وەفراو....[١١]

لێرەدا ئەگەر تەماشایەکی پارچەکە بەگشتی بکەین، دەبینین مەولەوی باسی سروشت دەکات و بە شێوەیەکی ئاسایی و ڕەوان بەرز دەبێتەوە تا دەگاتە لووتکەی لێچوواندن، ئەوسا سروشتەکە، یان لە یارەکەی، یانیش لە خۆی دەچوێنێ.. مەولەوی مەبەستی نییە کە بە پێچەوانەی شاعیرانی تر هەڵوێست بنوێنێ.. لێرەدا هاوکێشەیەك و دوو (لا)مان لەبەر دەمدایە.. سروشت و خۆشەویست، کە باسی سروشت دەکات بە خۆشەویست، یان بەخۆی دەچوێنێ، کە باسی خۆی، یان خۆشەویست دەکات، بە سروشتی دەچوێنێ، بەمجۆرە.. بێ ئەوەی بەدوای بابەتدا بگەڕێ و خۆی ماندوو بکات.. بێجگە لەوە، هەر لەسەر باسەکەی دەڕواو بێ ئەوەی پتر بۆمان ڕوون ببێتەوە... بۆ نازدارێکی جاف، مەولەوی گوتوویەتی:

چون چیهرەی خەیاڵ، ڕوخسارەکەی وێش

نەتۆی پەردەی دڵ، مەعدوومی دڵ ڕێش

نمانـــا جـــەمین شای سۆسەن خـــاڵان

کەم کەم جە گۆشەی لای سیامالان...[١٢]

دیسان باسی زوڵفی عەنبەر خاتوونی خێزانی دەکات و دەبێژێ:

دڵـــەی دڵ وەمـــەی مـــەیـل لـــەیـلـێ کـەیـل

مـــەحـرەم وەڕازان خـــەڵـوەت خـانـەی لـەیـل

لانـە حـەلـقـەی زوڵـف عـەنـبـەربۆی شەوڕەنگ

هام دەم جای تەنگ ئەڵحەد سەرای سەنگ...[١٣]

دیسانەوە بۆ عەنبەر خاتوون:

هــەر مــاهــێ نــەوبــۆ حــاڵــم پــەشێوەن
چون هیلال شێوەی ئەبرۆی تۆش پێوەن
نــــــەشەو ڕاحـــــەتم، نـــــەڕۆ دڵشادم
شەو زوڵــف و ڕۆ ڕووت مــەوزۆ وەیــادم
شمشادو نــەرگس وەنــەوشەی چــەمــەن
ئــەو مــارۆ بــە ویــر تــەرزەکــەی بــاڵات
ئەو دیدەی مەستت، ئێد خاڵ ئاڵات..[١٤]

لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێم کە ئەم باسە باسێکی دوور و درێژە و پێویستیی بە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ هەیە، کە لێرەدا ماوەی ئەوەمان نییە، بەڵکو ئــەوەنــدەی کــە بــاســمــان کــرد جــۆرە درێژەپــێدانــێکــی تــێدا بــوو.. بــا بــاسە سەرەکییەکەشمان لە بیر نەچێت و بێینەوە سەر (جەمیلی جوانەمەرگ).

جەمیل جوان بوو... گوڵ وێنەی ئەو ئەنەخشا
وەکــو جــەستــەی لــەو هــەردەدا ئــەپــەخشا

باسی جەمیل دەکات و.. ئینجا هەڵوێستەیەك دەکات و ئەوجا دێتەوە سەر گــوڵ.. دووبــارە بــادەداتــەوە سەر جــەمــیــل..! ئــەم خــۆ گـواستــنــەوە دەستهەڵبەستە پچڕپچڕە، ڕەوانیی شیعرەکە و زنجیرەی باسەکە پتر لە جــارێ دەقــرتــێنــێ.. ئــەم بــازبــازۆکــێ نــاپــێویستــە هــەر بــۆ ئــەوەیــە کــە لێچوواندنەکە بە پێچەوانەوە بێت و گوڵ بە جەمیل بچوێنێ.. ئەمە لەو جۆرە لێچواندنەکەی مەولەوییە نییە.. بگرە کار لێکراوییەکی سادەیە.. کە دەشڵێم کار لێکراوی.. بۆیە دەیڵێم.. چونکە دێرێکی مەولەوی هەیە هەر کوتومت ئەو دێرەی (دیلان) دەهێنێتەوە یادمان.. دێرەکەش ئەمەیە:

جــه هـــەر تـــەرەفـدا مـویـنــوون گــوڵــزار
ڕەنگ ڕەنگ مەدرەوشۆ بۆ وێنەی دڵدار..[١٥]

بەڵام جیاوازیی داڕشتنی هەردوولایان دیارە.

هەندێك لایەنی كار لێكراویی تریش:

لە دوو شوێندا، دوو دێری دیلان، دوو وێنەی (گۆران)مان دێنیتەوە یاد، یەكەمیان ئەوەیە كە دەڵێ:

كە بۆ چاوی ئەو دیوی (شێخ) جێی ڕێشكەیە
بـۆ ئـارامـی ئـەم دیویشی وەك بێشكـەیـە..[١٦]

دێرەكەی گۆران دەڵێ:

گـــڕی لـــەشی دامـــردەوە بـــەدۆی سەرتـــەزێن
بەڵام كوورەی دڵی كەوتە بەربای باوەشێن..[١٧]

بەڵام وە نەبێ دێرەكەی دیلانیش لەوەی گۆران كەمتر بێ لە جوانی و ڕێكی و دەربڕیندا.

دێری دووەمی دیلان ئەوەیە كە گوتوویەتی:

پاشان نۆرەی بەستەی دەمی هەرزەكار بوو
ئامان ئامان بۆ سروشتی كردگار بوو..[١٨]

گۆران، هەندێك لەسەری دەڕوات و دەڵێ:

ئـــەمـــەش لـــە دێدا كـــانـــی ژنـــانـــە
قـــیـــبـــلـــەی دڵـــداری هـــەرزەكـــارانـــە
ئـــێوارە پـــۆل پـــۆل لاوی كـــاكـــۆڵ لـــوول
سەرەڕێ ئـــەگـــرن سەرگـــەرم و عـــەجـــوول

هـەرچـەنـد هـارەی دێ هـەیـاسەی جـوانێك
لـە هـێلانـەی دەم ئـەفـڕێ، ئـامـانێك...[19]

**دیلان و کەلەپوور:**

مامۆستا دیلان، وەکو زانراوە یەکێکە لە کەلەپوورناسەکانمان و مۆرکی ئەمەش بە شیعرەکانییەوە دیارە.. بێجگە لەو شوێنانەی کە هەندێکیمان باس کرد... لە دێرێکی وەکو:

ساڵان.. ڕێحـانـە کـێویـلـەی سەیـوان
هەر خۆی ئیکلیل بوو لەوێ لە کەیوان...[20]

بۆنی دێرە فۆلکلۆرییەکەی لێ دێ کە دەڵێ:

ڕەشە ڕێحـانـە، خـۆمـی پـێ ڕەش کـەم
لە دوای باڵای تۆ، دڵ بە کێ خۆش کەم

بەڵام، بەلای منەوە، دێرەکەی دیلان بەرزتر و جوانترە.

یان – دیلان – هەر چەمکی شیعری کۆن بەکار دەهێنێت و دەڵێ:

چـاو هـەڵـدێنـێ، جـاروبـارێ
شیر و تیری لێ ئەبارێ...[21]

یان دەڵێ:

بـاوەشێنـی گـەرمـای جێت بم
گسکـدەری تـۆزی پـێت بم..[22]

یانیش:

لـووتـی بـەرزی کـۆڵـەکـەدار
کـورەکـاژاو دێنـێتـە خـوار..[23]

ئەگەر هەندێك هونەری کلاسیکی شیعریش بگەڕێین ئەوا لەم دێرانەی

خوارەوەدا بەرچاومان دەکەوێت:

لــە وەردێکــا هــوروژمــی تــیــژی گــوللــە

گەرای مەرگی ئەنا وەك پۆلی کوللە..[٢٤]

کە وێنەیەکی جوانی هێناوە، بەڵام وێنەکە کۆنە و لێچوواندنێکە لە ئەدەبی لەمەوبەرماندا وێنەی زۆرە.. یان:

چـێژی (شیـریـن) بـە گـەرمـی چـێشتوو

بۆ (تاڵی) نۆشین بەسەد دەم تینوو..[٢٥]

لە دوو وشەی (شیرین) و (تاڵ) هونەری (موقابەلە) دروست دەبێ، هەر ئەم هونەرە دیسان لە دێری:

چـلـەوگـەرمـا.. سەهـۆڵـی نـاوچـەمـانم

لـە زستـانـا گـڕی، ئـەشکـەوتـەکـانم..[٢٦]

لە وشەی (چلە) و وشەی (زستان)، یا لە سەهۆڵ و گڕ ئەو هونەرە پێکدێت. لە دێرێکی وەکو:

تـــەڵاشی بـــێ (تـــەڵا) هـــەروەك تـــەڵاشە

کە (ئایەت) (ئایەتی گیرفانە) ئیمساڵ...[٢٧]

لەم دێرەدا جۆرە (جیناس)ێك هەیە.. لەم دێرەی خوارەوەشدا (لەف و نەشر) هەیە کە دەڵێ:

تـرووسکـەی سـەرفـرازی و چـاوی خـەمـخـۆر

وەکـو ئـاوات و (ئـاوی مـانـە).. ئـیمساڵ...[٢٨]

کـە (ئـاوات) بـۆ (سەرفـرازی) و (ئـاوی مـان) بـۆ (چـاوی خـەمـخـۆر) دەگەڕێتەوە.

**هەندێ شتی تریش:**

کە تەماشای ناوەڕۆکی شیعرەکانی (دیلان)ی ئەم جارە دەکەین دەبینین بەگشتی شیعری سادەی ڕۆمانتیکی و جۆرە پەیڕەوییەك ئاوێتەی یەکتری بوون، یان با بڵێین خۆی - کەم و زۆر - دەخاتە ئامێزی شیعری کلاسییەوە و خۆی بە هەندێك هونەری کلاسیکی ئەوتۆوە دەبەستێتەوە.. کە ئەگەر بەپێی ئەو پێوانە کۆنانە بێ، دەتوانرێ دیلان بە شاعیرێکی سەرکەوتوو لە قەڵەم بدرێ.

بەباشیشی دەزانم لەم دەرفەتەدا گلەییەکیشی لێ بکەین و بە مامۆستا دیلان بڵێین، خۆزگە (برسیمە)ی بڵاو نەکردایەوە.

پەراوێزەکان:

١ - هاوکاری - ژ / ١٧٧ - ٢٧ / ٧ / ١٩٧٣ و ژ / ١٧٨ - ٣ / ٨ / ١٩٧٣.

٢ - پایزی جاران - ل / ٨.

٣ - پایزی جاران - ل / ١٠.

٤ - پایزی جاران - ل / ٧.

٥ - پایزی جاران - ل / ٣٤.

٦ - پایزی جاران - ل / ٣٦.

٧ - پایزی جاران - ل / ٣٤.

٨ - پایزی جاران - ل / ٣٩.

٩ - مێژووی ئەدەبی کوردی - ل / ٣٠١.

١٠ - مەولەوی شای شاعیران - ل / ١٦، ١٧، ١٨.

١١ - واتە: چیمەن بەرگی سەوزڕەنگی پۆشیوە و لەبەر کردووە... تاد.
بڕوانە: دیوانی مەولەوی - ل / ٣٢٨.

١٢ - واتە: شای سۆسەن خاڵەکان وردەوردە لە پشتی دەوار (ڕەشماڵ)ەوە خۆی پیشان داو لە دیمەنی ڕوخساری خۆی دەچوو لە دڵی کون کون بووی (مەعدوومی)دا - کە نازناوی مەولەوی خۆیەتی. بڕوانە: دیوانی مەولەوی - ل / ١٨٢.

١٣ – ئەم شیعرانە کە دیارە بۆ (عەنبەر خاتوون)ی هاوسەری گوتووە، واتە: ئەی دڵەکەم کە پڕبووی لە شەرابی حەزکردن لە لەیل و مەحرەمی ڕازی ژووری تایبەتیی ئەوی کە گۆڕیەتی، مەبەستی ئەوەیە کە بڵێ، دڵی لەگەڵ لەیلا چووەتە ناو گۆڕەوە، هەروەها دەڵێ: ئەی دڵەکەم کە لەسەر ئەڵقەی زوڵفی ڕەشی بۆ خۆشی یار هێلانەت کردووە و بووی بە هاودەمی جێگە تەنگەکەی کە ئەڵحەدی گۆڕە بەرجەستەکەیەتی.. بڕوانە: دیوانی مەولەوی – ل / ٢٠٥.

١٤ – واتە: هەموو سەرەمانگێك کە مانگ نوێ دەبێتەوە و مانگی یەك شەوە دەبینرێ، من حاڵم تێکدەچێ، چونکە مانگی یەك شەوە لە برۆی تۆ دەچێ و.. نە شەو دەحەسێمەوە نە بە ڕۆژ دڵم شاد دەبێ، شەو زوڵف و ڕۆژ ڕووی تۆم دەخاتەوە یاد، کە شەو وەکو زوڵفت ڕەشە و ڕۆژیش وەکو ڕووت ڕووناك. تەماشاکردنی داری شمشاڵ و نێرگز و وەنەوشەی باخەکان ئازاری چاوم دەدا، چونکە دارشمشاڵەکە بالآتم دێنێتەوە یاد و، نێرگزەکە چاوی مەستت و وەنەوشەکە خاڵی ئاڵت.. بڕوانە: دیوانی مەولەوی – ل / ٢٣٥.

١٥ – واتە: لە هەموو لایەکدا دەبینین گوڵزار، وێنەی دڵداران ڕەنگاوڕەنگ دەدرەوشێتەوە.. بڕوانە: دیوانی مەولەوی – ل / ٣٢٧.

١٦ – پایزی جاران – ل / ٢٨.

١٧ – بەهەشت و یادگار – ل / ٦٩.

١٨ – پایزی جاران – ل / ٣.

١٩ – فرمێسك و هونەر – ل / ١٥٢.

٢٠ – پایزی جاران – ل / ٤١.

٢١ – پایزی جاران – ل / ٢٩.

٢٢ – پایزی جاران – ل / ٣١.

٢٣ – پایزی جاران – ل / ٣٠.

٢٤ – پایزی جاران – ل / ٣٨.

٢٥ – پایزی جاران – ل / ٤٥.

٢٦ – پایزی جاران – ل / ٥٥.

٢٧ – پایزی جاران – ل / ٥٧.

٢٨ – پایزی جاران – ل / ٥٧.

سەرچاوەکان:
١ – دڵشاد محەمەد امین مەریوانی – ڕۆژنامەی هاوکاری – ژ / ١٧٧ – ٢٧ / ٧ / ١٩٧٣و ژ / ١٧٨ – ٣ / ٨ / ١٩٧٣.
٢ – محەمەد ساڵح دیلان – پایزی جاران (کۆمەڵە شیعر) – چاپخانەی کامەرانی – سلێمانی ١٩٧٣.
٣ – عەلائەدین سەجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – چاپی دووەم – چاپخانەی مەعارف – بەغدا – ١٩٧١
٤ – أ. ب. (ئەبو بەکر هەوری) – مەولەوی شای شاعیران.
٥ – عەبدوڵڵا گۆران – بەهەشت و یادگار – فرمێسک و هونەر.
٦ – عەبدولکەریمی مودرڕیس – چاپخانەی (النجاح) – ١٣٨٠هـ – ١٩٦١ی. ز– بەغدا

ڕۆژنامەی هاوکاری

ژمارە / ١٨٢ی ٣١ / ٨ / ١٩٧٣

## ئەمین فەیزی
## لەو سەرچاوانەدا کە دەستمان کەوتوون*



"ڕۆژانی پێنجشەمە و هەینیی ڕێکەوتی ٧ – ٨ی ئەیلوولی ١٩٨٣ دەزگای ڕۆشنبیریی کوردیی سەر بە وەزارەتی ڕاگەیاندنی عیراق – نووسینگەی پارێزگای سلێمانی، فیستیڤاڵێکی بۆ یادی ئەمین فەیزی ڕێکخست، کە جگە لە نووسەری ئەم دێرانە، مامۆستایان: د. ئیحسان فوئاد، کاکەی فەلاح و مستەفا حەمەبۆر بە وتار و لێکۆڵینەوە بەشدارییان تێدا کردبوو. د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ دەورێکی چالاکی تێدا هەبوو.

وتارەکان لە ژمارە (٩٣)ی کۆواری بەیان –ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٣دا بڵاو کرایەوە، لەگەڵ هەندێك بابەتی تردا. (ئەم وێنانەی فیستیڤاڵەکەش هەر لەوێوە وەرگیراون).

هەروەها ڕاپۆرتێك لەبارەی بیرەوەرییەکەوە، لە ڕۆژنامەی هاوکاری–ی پێنجشەمەی ١٥ / ٩ / ١٩٨٣دا بڵاو کراوەتەوە." تاقانە"

### ژیان و بەسەرهاتی:

ئەمین فەیزی[١] یان محەمەد ئەمین فەیزی بەگ[٢]. کوڕی دەروێش عەبدولقادر ئاغای خەڵکی سلێمانییە[٣]. ساڵی ١٢٧٨ی ڕۆمی – ١٨٦٢ی زاینی لە شاری سلێمانیدا هاتووەتە دنیاوە[٤]. مامۆستا کاکەی فەلاح دەڵێت: بۆمان دەرکەوت کە خۆی ناوی (محەمەد ئەمین)ە، فەیضی بە

لەقەبێکی شیعری و پێناسەی خۆی داناوە، (بەگ)ەکەیشی وادیارە بە سایەی پایە و پلەی سەربازییەوە وەرگرتووە، ئەگینا بەگزادە نییە. باوکیشی ناوی قادر ئاغایە کە بە دەروێش قادر ئاغا ناسراوە. کە چوومە بنج و بناوانی ئەم وشەی (دەروێش)ە، لەلای تاقە خوشکێکی کە ناوی (فاتمە خان)ەو تەمەنی ئێستەی بە تەقدیری من لە (٧٥) ساڵ زیاترە وتی: "دایکی قادر ئاغای باوکمان پێش لەدایکبوونی باوکم چەند منداڵێکی بووە، کچ دەبوون و دەمردن، نەنکیشم دەچێت بۆ بەغدا بە نیازی زیارەتی غەوسی بەغدا و لێی دەپاڕێتەوە کە شەرت بێ ئەگەر ئەمجارە کوڕی بوو بیکات بە دەروێشی شێخ عەبدولقادری گەیلانی، دوای ئەوە کوڕێکی دەکەوێتە سکەوە و کە دەبێت ناوی دەنێ دەروێش قادر، واتـــە: دەروێشی شێخ عەبدولقادرە، لەبەر ئەوەش کە کوڕە ئاغا بوو بە دەروێش قادر ئاغا ناسرا[٥].

لە پێشدا سەرەتایی و ڕوشدییەی خوێندووە، ئینجا نێردراوەتە بەغدا و لە ئامادەییی عەسکەریدا ناونووس کراوە. دوای وەرگرتنی بڕوانامە (شەهادە) چووەتە ئەستەمبۆڵ و لە بەشی تۆپچییێتیی موهەندیسخانەدا وەرگیراوە. لەناو جۆرەها دەرد و ئازاردا، کە خوێندنی تەواو کردووە، لە ٢٠ی حوزەیرانی ١٢٩٩ی ڕۆمی – ١٨٨٣ی زاینیدا، بڕوانامەی پایەی مولازیم ئەوەلی وەرگرتووە[٦].

لەو ماوەیەدا کە بۆ سەردان چووەتە بەغدا، لە (ڕوشدییەی مولکی)دا بووەتە مامۆستای وانەی ژمارە و جوگرافیا، لە ٢ی مایسی ١٣٠٢ی ڕۆمی – ١٨٨٦ی زاین بووەتە (یوزباشی). ماوەیەك لە بەشی ناوەخۆییی (مەکتەبی حەربییە)دا وەکو مامۆستایەك خزمەتی کردووە و ئینجا لە ئامادەیی (قولەلی)دا بووەتە مامۆستای خۆشنووسی. ئینجا لەسەر داواکردن و پێشنیازی ڕەجەب پاشای سەرکردەی لەشکری شەشەم، لە ١٤ی نیسانی ١٣٠٨ی ڕۆمی – ١٨٩٢ی زاین بەپایەی (قۆڵ ئاغاسی)، لە

(ڕوشدییەی عەسکەری)ی بەغدادا بووەتە بەڕێوەبەر و دیسانەوە هەر لەسەر داواکردنی ناوبراو کراوە بە (بینباشی ئالآی تۆپچیی بەغدا)، خوێندنگای ئامادەیی و ڕوشدییەشی بۆ ماوەی ساڵێکی تریش بەڕێوە بردووە.

لە ٢٨ی تەشرینی یەکەمی ١٣٢٠ی ڕۆمی – ١٩٠٤ی زاین لە بەغداوە، بەڕێی هیندستانەوە بۆ حەجکردن بەرەو حیجاز ڕێی گرتووەتە بەر و حەجی کردووە[٧].

ئیبنولئەمین – لە زمانی ئەمین فەیزی خۆیەوە دەگێڕێتەوە... گوتوویەتی: لە ١٣٢٠دا بۆ حەجکردن بەتەمای چوونە حیجاز بووم، کە ئەمەم بەشێخ ڕەزای تاڵەبانی ڕاگەیاند، پێی وتم: ″حەجکردن بۆ تۆ فەرز نییە، مەچۆ″، منیش ئەم دێرە هۆنراوەیەم بۆ خوێندەوە.

مقصدك خالق ایسه خلقه نیازه گیتمه

املك عشقی حقیقی ایسه مجازه گیتمه

واتە: ئەگەر مەبەستت خوا بێ، بۆ نیاز ویستن مەچۆرە لای مەردوم... ئەگەر ئاواتی خۆشەویستیی ڕاستەقینە دەخوازیت، مەچۆرە (مەجاز – خواستە).

شێخ دوای تۆزێك ڕامان بەم دێرەی خوارەوە وەڵامی شیعرەکەمی دایەوە:

کعبەء دل گبی بیر گور تجلیك واردر

سندەدر منزلی مقصود حجازە گیتمه[٨]

واتە: چیای تووری دەرکەوتن و ئاشکرابوون و ڕووناك بوونەوەی وەکو کەعبەی دڵت هەیە، جێی مەبەست و ڕوو لێ نراو لە ناخی خۆتدایە، مەچۆرە حیجاز.

ئەمین فەیزی، لە ٣١ی ئەغستۆسی ١٣٢٤ی ڕۆمی – ١٩٠٨ی زاینی بووە بە قائیمەقام.

لەسەر بەرگی کتێبی (تفرقەء ریاضیە)ئدا کە لە ١٣٢٧ی ڕۆمی – ١٩١١ی زاین چاپ کراوە، نووسراوە.. کە ئەمین فەیزی –ی نووسەری کتێبەکە میرالآی سەرکردەی ئالآی تۆپچیی سی و پێنجی گەڕۆکە[٩].

لە ٢٧ی ڕەبیعولئاخری ١٣٢٩ی ڕۆمی – ١٩١٣ی زایندا بە پایەی میرالآیی،

بە سەرکردەی ئەو (ئالآی تۆپچیی سەحرا)یەی کە لە مووسڵدا بووە، دامەزراوە[١٠]، بەینێکیش لە سلێمانی قوماندانی لیوا بووەو[١١]، میرالآیی تۆپچی بەرزترین پایە بووە کە لە لەشکری عوسمانیدا پێی گەیشتبێ[١٢].

لە ئەنجامی ئەوەدا کە تاوانی خۆ بە ئەدەبییات و ماتماتیکەوە خەریککردن و کار و فرمانی مووچەخۆریی پشتگوێ خستنی دراوەتە پاڵ لە کار خراوە.. ئینجا هەر ئیبنولئەمین لە کتێبی " ئەسەری حەیاتی فەیزی – ژیننامەی فەیزی "یەوە.. کە ئەمین فەیزی بەخۆی داینا‌وە – ئەم پارچەیەمان بۆ دەخاتە پێش چاو کە دەستهەڵبەست بوونی ئەو تاوانانەی دراوەتە پاڵی باس دەکات و دەڵێ:

" ئەوەندە هەیە لە سەردەمی زۆرداریدا و لە شوێنێکی وەکو بەغدادا، لە کاتێکدا ئەوانەی وەکو من وابوون بە ڕابواردن و خۆشییەوە خەریك بوون، من کاتم بۆ کتێب خوێندنەوە تەرخان کردبوو... کتێب و نووسینەکانم بەرهەمی ئەو خوێندنەوانەن کە کەسانی دووڕوو و درۆهەڵبەست بەهۆی ئەوەوە، هەڵبەستەی ڕەخنەگرانە و توانج و پلاری نهێنییان بۆم ڕێکخستووە"[١٣].

هاتووچۆ و سکالآ پێشکەشکردنی بۆ داد بەجێهێنان، سوودێکی نەبوو، داد نەدراو، لە ١١ی مایسی ١٣٢٩ی ڕۆمی – ١٩١٣ی زایندا خانەنشین کرا[١٤].

لەسەر داواکردن و سووربوونی (سولەیمان نەزیف بەگ)ی والیی

مووسڵ، چوار مانگ ئەندازیاریی شارەوانیی مووسڵی کردووە، ئینجا چووەتەوە ئەستەمبوڵ، کە خانەنشین کرانی هەموو ئاوەڵەکانی خۆی بینیوە، چاوی لە بەشوێندا چوون و لێپرسینەوە پۆشیوە... بۆ دیتنی وڵاتە پێشکەوتووەکان و بۆ چارەسەرکردن و تیمارکردنی لەشی، چووەتە ڤیەننا و پاریس... بە بەرپابوونی شەڕی جیهانی و لە ١٣ی ئەغستۆسی ١٣٣٠ی ڕۆمی – ١٩١٤ی زاین گەڕاوەتەوە ئەستەمبوڵ.. پاش ماوەیەك ڕێی حەلەبی گرتووەتە بەر و لەوێشەوە چووە بۆ مووسڵ.. لە مووسڵدا داوای لێ کراوە و فرمانی بۆ دەرچووە کە لەو کتێبخانەیە بکۆڵێتەوە کە هی پاپاسە فرەنساییەکان بوو (پاپاس – واتە – پیاوە ئاینییە دیانەکان)، نزیکەی بیست هەزار کتێبی تێدا بوو و زۆربەی بەزمانی فرەنسایی بوو و... لەگەڵ دووسێ کەسی تردا چوار مانگ کاری تێدا کرد و دەفتەرەکەی ڕێکخراو لە ویلایەتدا دانرا. بەڕووخانی بەغدا و نزیکبوونەوەی مەترسی لە مووسڵ لەگەڵ هەندێك مووچەخۆردا چووە حەلەب[١٥]. مامۆستا ڕەفیق حیلمی لەساڵی ١٩١٥ی زایندا لە سووریە لە شاری (حەڵەب)دا دیویەتی. ئەوساکە نەخۆش بووە و لە ژووری خانێکدا بووە[١٦].

دوای سێ چوار مانگی تر، کە ئەوێش تووشی هەر ئەو مەترسییە بوو (واتە نزیکبوونەوەی شەڕ).. بەزەحمەتێکی زۆر گیانی خۆی ڕزگار کرد و خۆی گەیاندە قۆنیە... لە بەهاردا چووەتە ئەستەمبوڵ، لە گەڕەکی (مەحموود پاشا)دا، لە خانی (باڵتەجی)دا دانیشتووە[١٧].

ئیبنولئەمین لە ئەمین فەیزییەوە دەگێڕێتەوە.. دەڵێ:

"نەیارانم، بێکەسی و بێکارەیی ژیانی ناچاریی سەراو گۆشەی خانەکانمیان بە زیان لێکەوتنێکی زۆر دانەدەنا، بگرە بە پێچەوانەوە، وەکو بەڵگەیەکی ساماندارییی تەواومیان بەکاردەهێنا. بە درێژاییی ژیانم خراپەکاریم نەکردووە. ژمارەی هەموو ئەو مووچە ساڵانەیەی

وەرمگرتووە، چوار یان پێنجی ڕەت نەکردووە (چوار پێنج چی؟ – دیار نییە). لە چوارچێوەی ئەم بارەدا نەمتوانیوە بە کەس بسەلمێنم کە پارە کۆکردنەوە بۆ یەکێکی وەکو من لە توانادا نییە، گرانی و بەرزبوونەوەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژی نرخەکان، پاراستنی هێنایە سەر بارێکی دژوار. گەلێك جار ناچار دەبووم بەدەستی خۆم شۆربا لێ بنێم و خۆمی پێ تێر بکەم. ڕۆژەها بۆ بەرگریی ئەو نەخۆشییەی وا سات بەسات ژیانمی دەکرۆشت. وەدەستهێنانی پارەی پزیشك و دەرمان، دووچاری سەر لێشێوانی کردووم. ئەگەر شێوە ژیانێکی سادەم هەڵنەبژاردایە، نە گەشتوگوزارم پێ دەکرا و نە پێم دەکرا کتێب بنووسمەوە و بڵاویان بکەمەوە"[١٨].

ئەمین فەیزی لە ڕۆژانی دواییدا لە خانێکی (ئویسکویدار)دا جێنشین بووە. کە تووشی ئیفلیجی (لەرزەك) هاتووە، لە نەخۆشخانەی (حەیدەر پاشا)دا کەوتووە. لە دواییشدا گوێزراوەتە نەخۆشخانەی (غورەبای موسلیمین)ی (گوموش سویو)ی (بورسە) و دواتریش بۆ نەخۆشخانەی (عیلەلی عەقلییە – نەخۆشییەکانی مێشك)ی (بەکرکوێیی) و لە کۆتاییشدا براوەتە (دارولعەجەزە – پەککەوتەخانە).. لە ٢٥ی زیلقیعدەی ١٣٤٧ (٦ ی مایسی ١٩٢٩)دا لە پەککەوتەخانەدا مردووە. لە بەشی خوارووی (ئۆك مەیدانی)ی (قاسم پاشا)دا و لەلای (تەکیە)دا نێژراوە.[١٩]

ئیبنولئەمین لە کۆتایی کتێبی – ئەسەری حەیاتی فەیزی –یەوە ئەم پارچە نووسراوەی ئەمین فەیزیش دەگێڕێتەوە:

"مایەی ژیانم، بەسستی و پەژارەوە بەسەرچوو، بەسەرهات و باری ژیانم بەم شێوەیە کورت دەکرێتەوە: نەخۆشی و نوشوستی، ئاوارەیی و دەربەدەری، هەژاری و دەستکورتی، زۆرلێکراوی و بەژێر لێوەوەکران.. ڕۆژگاری چەپگەرد هەموو ئەمانەی نیشان دام، وا دیارە من بۆ کارەسات بینین هاتوومەتە ئەم ژیانە.

سینە سوزان، دلفروزان، کوچەکوچە دەربەدەر

کــس مبادا هــمچو من اوارە از دار و دیار[20]

واتە: سینە سووتاو و دڵئایساو و کۆڵانە و کۆڵان دەربەدەرم، کەس وەکو منی ئاوارە و دوور لە شوێن و خانەی خۆی –ی لێ نەیێت.

هەروەها ئیبنولئەمین دەڵێ:

لە ڕاستیدا، تەمەنی ٦٩ ساڵەی.. بەجۆرەها ئازارەوە بەسەرچوو، هێشتا سێ چوار ساڵان بووە هەردوو پێی بە تەواوی سووتاوە، لە دواییشدا لاقی ڕاستی بۆ دووەم جار تا ئەژنۆی دووچار بووەتەوە. دواتریش جوانوویەکی تیژتێپەڕ کە بەلایەوە ڕەت بووە، چەند جارێك، جوداجودا تووشی نەخۆشیی کوشندەی وەکو (تیفۆ) و (سی ئاوسان) و (تای پەڵەدار) هاتووە.

دایك و باوك و برای مردووە، بارەها شتومەك و سامانی دزراوە، کە ژنی هێنا بە ئارەزووی خۆی، خەرجیی تەواو گرتە ئەستۆی خۆی[21]. پاش ماوەیەکی کەم لێی جودا بووەتەوەو بۆ دووەم جار ژنی هێناوە. بۆ گوزەرانکردن چەند جارێك بە مووچەخۆر دامەزراوە و هەموو دەستکەوتی خۆی بەخاوەنی چاپخانە ئێرانی و ئەرمەنەکان داوە تا چەند نووسراوێکی خۆی لە چاپ داوە. لە هەمووشیاندا زیانی کردووە. پاش ئەم هەموو کارەساتە یەك لە دوای یەکە، لە سووچی پەککەوتەخانەدا کۆچی کرد[22].

ئیبنولئەمین درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت:

"پیاوی بێچارە ماوەیەك نەبینرا، لەو خانەم پرسی لە ئویسکویدار لێی بوو... نەدۆزرایەوە، سولەیمان نەزیف، بە بیستن بیستبووی کە لە نەخۆشخانەی حەیدەر پاشادا کەوتووە و پێشنیازی کرد ڕۆژێك پێکەوە بچین و لێی بپرسینەوە، پاش ماوەیەك نەزیف لە دەس چوو (مرد)، لە

نەخۆشخانەکاندا لە (ئەمین فەیزی)ی بێ نەوا گەڕام، وەکو لە پێشدا گوتم لە نەخۆشخانەیەکەوە دەگوێزرایە نەخۆشخانەیەکی تر.. لەبەرئەوەی باری ئەو لەوەدا نەبوو پیاو ببینێت، جاروبار بە تەلەفۆن لێم دەپرسییەوە، هەواڵی نائاسوودەیی جارجار ژیری و جارجاریش لەشی بە من دەگەیشت، کە لە (نەخۆشخانەی نەخۆشییەکانی مێشك)ی (بەکر کوێیی)دا بوو گوایە مەراقی ئەوەی کردبوو کە بزانێت ئەمە کێیە هەواڵی دەپرسێت، کاتێك پزیشك ناومی پێ وتبوو، بەسەزمانە زۆر سوپاسگۆ بووبوو.

لەکاتێکدا کە هاوسەنگی زۆربەی ئەو کەسانە بوو کە بە هونەر و زانستەوە ناسراون، بە هۆی نەناسراوی و پشتگوێ خستنییەوە، سوود لە زانیاریی نەبینرا... بەتایبەتیش ئەو ژیانەی – کە زنجیرەیەك لە کارەسات پێك دەهێنێت – و بەرەو کۆتاییەکی پڕ لە کارەسات چوونی.. بەهەر شێوەیەك جێی داخە[٢٣].



هەندێك لە ئامادەبووانی کۆڕەکە

**پایەی ئەدەبی و زانستی:**

مامۆستا ئەمین فەیزی، ئەدیبێکی بەرز و ڕەوشت چاك بووە، دەستێکی باڵای لە زانستی ماتماتیکدا هەبووە[٢٤]، کوردێکی دڵسۆز و لە بەهێزترین پشتگیری کارانی بزووتنەوەی زانستی و ئەدەبی بووە و خەڵکی خۆشویستووە، سەرەڕای ئەو پایە بەرزەی کە لە سوپادا هەیبووە، ژیانێکی

ســادەی ڕابواردووە[٢٥]. مامۆستا ڕەفیق حیلمی واتەنی: سەربازێکی زاناو ئەدیبێکی سەرباز بوو. لەگەڵ ئەوەشدا وا دەرکەوتووە کە مامۆستا فەیزی زۆر خۆی بەشیعر و ئەدەبەوە خەریك نەکردبێ، بەڵام دیسانەوە بەمامۆستای شیعر و ئەدەب ناسراوە و لە شاعیرە بەناوبانگ و بە سەلیقەکان ژمێرراوە[٢٦].

مامۆستا فەیزی کە توانایەکی باشی لە شیعر و ئەدەبدا بووە، زۆربەی ئەو نامانەی کە ئەم و (شێخ ڕەزای تاڵەبانی) بۆ یەکتریان ناردووە هەر بە شیعر بووە... لە پێشەکیی (ئەنجوومەنی ئەدیبانی کورد)دا لەبارەی شێخ ڕەزاوە دەڵێ: لەگەڵ بەندە موخابەرەی ئەغلەب بە نەزم بوو[٢٧]، یەکێك لەو هۆنراوە (تورکی) یانەی شێخ ڕەزا تێیدا باسی ئەمین فەیزی –ی کردووە ئەمەیە کە دەڵێ:

استـــاد سخـــن، مـــیـــر سخـــن سك
خـلاق مـعـالـی دنـیـلان وار ایسه سن سك
أی کـان کـمـالات (امین فـیـضی) افـنـدی
مجموعهء خلق (حسن)، خلق (حسین) سك[٢٨]

واتە: تۆ مامۆستای قسە و، میری قسەیت، گەر کەسێك هەبێت دروستکەری بەرزی و سەربڵندیی پێ بوترێت هەر تۆی.. ئەی کانی ڕەوشت بەرزی (ئەمین فەیزی) ئەفەندی... هتد.

هەروەها لە تاکێکی فارسیدا، شێخ پێی دەڵێ:

در حضر ممتاز و ممتاز از سفر باز امدی
اول و آخر (امین فیضی) تو ممتاز امدی[٢٩]

واتە: لە شارنشینیدا بێ کەموکوڕیت و کە لە سەفەر گەڕایتەوە دیسان بەبێ کەموکووڕی پەیدابوویت.

بەمجۆرە دەبینین و دەبیەین کە شێخ ڕەزا بە نرخ و پایە و بەهای

بەهرەکانی ئەمین فەیزیی زانیوە و ڕێزی لێ گرتووە[٣٠].

د. عیزەدین، لە کتێبی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا... دەڵێ: دیارە لە هەموو یادگاری ئەستەمبۆڵدا، ئەمین فەیزی لە هەموو شت زیاتر لە دڵی شێخ ڕەزادا جێگیر بووە لە دەفتەری هەجو و ستایش و گاڵتەی ئەستەمبۆڵی شێخ ڕەزادا گەلێك ناو دێتە ناو تۆمارەوە، بەڵام ئەو ناوانە هەر لەجێی خۆیاندا دەمێننەوە و جاری تر نایەنەوە سەر زمان و ناو شیعری شێخ ڕەزا، بەڵام یادی ئەمین فەیزی پەیکەری ناو دڵ و یاد و شیعری شێخ ڕەزایە[٣١].

ئەمین فەیزی لە هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ئەدەبی و ڕەخنە لێگرتنیشدا دەستی هەبووە، تەنانەت لە پێشەکیی کتێبی (ئەنجوومەنی ئەدیبانی کورد)دا نموونەیەکی بچووك لە هەڵوێستی بەرامبەر بە شیعر دەبینین بەراوردێك لە نێوان نالی و شێخ ڕەزادا دەکا و دەڵێ:

"زەکای نالی ئینکار ناکرێ، لاکین ئەوەندەی صەنایعی لە فزییە ئیستیعمال کردووە پیاو ڕەنگە بڵێ شیعری ئەو نەتیجەی عیلم و ئیشتیغالە، شیعری شێخ ڕەزا ئەوەلەن وەهبی و فیتری بوو، سانییەن کەسبی "[٣٢].

دیسانەوە ئیبنولئەمین لە باسی ئەمین فەیزی دەڵێ: هونەرمەندو ئەدەبدۆست بوو باسی بابەتی جۆر بەجۆرمان کرد، لە باسکردندا توانایی خۆی نواند.

ئینجا دێتە سەرباسی تر و دەڵێ:

ئەندامی ئەو کۆمەڵە مێژوویییە جیهانییە بوو کە لە پاریسدا دامەزرابوو، وێنەی فۆتۆگرافیی ئەو باوەڕنامەیەی کە ئەو کۆمەڵەیە بۆی ناردبوو لەگەڵ ژمارەی ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٢٢ی کۆواری (Revue Internationel) کە ئەو کۆمەڵەیە دەری دەکرد و وێنە و بەسەرهاتی ژیانی

بڵاو کرابووەوە، دابوویە لای من.. ئەم وێنەیەی ئێرە (واتە ئەوەی لە کتێبی "صوك عصر تورك شاعرلری"دا بڵاو کراوەتەوە، لەوێوە وەرگیراوە[٣٣].

**پێوەندیی بە ناودارانەوە:**

بەپێی باری ژیانی ئەو سەردەمە، دەبینین ئەمین فەیزی هاتووچۆی پیاوماقووڵانی ئەو سەردەمەی کردووە و شیعری بۆ وتوون.

جگە لەو شێخ ڕەزای شاعیر کە دۆستێکی گیانی بە گیانیی بووە و لەلایەکی تری ئەم وتارەدا هەندێك باسی لێوە کرا.. دۆستی سڵێمان نەزیفی والیی مووسڵ بوو، کە شاعیر و ڕۆشنبیرێکی تورك بووە و لە ئەستەمبۆڵدا پێکەوە هاتووچۆی ماڵی ئیبنولئەمینیان کردووە، ئیبنولئەمین لەم بارەیەوە دەڵێ:

ئەمین فەیزی بەگ، لەگەڵ (سولەیمان نەزیف)ی خوا لێخۆشبوودا چەند جارێك هاتووەتە ماڵمان[٣٤].

مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵیش ئەوە دەگێڕێتەوە کە چۆن ئەمین فەیزی لەگەڵ شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا چوون بۆ بەخێرهاتنکردنی (کاظم پاشا)ی ژنبرای سوڵتان عەبدولحەمید[٣٥]، کە لەو سەردەمەدا دوورخراوەتەوە و، لەبەردەمی پاشادا شێخ ڕەزا نیودێرە شیعری وتووە کە ئەمەیە:

دەولەتن سادقەسی چوق یەشە پاشا

واتە: هەربژی ئەی پاشا بۆ خۆت و ڕاستی و دڵسۆزیت بۆ دەوڵەت.

ئەمین فەیزیش بەم نیوەدێرەی خوارەوە دێرە هۆنراوەکەی تەواو کردووە:

کیمسە الماز سەنە ماننند معادل حاشا

واتە: کەس نییە کە ببێ بە وێنە و هاوتای ئێوە لەم دڵسۆزییەدا.

ئینجا چوون بۆ لای (نیزامولعولەما) کە ئەویش هەر دوور خراوبووە...

شێخ ڕەزا لەوێشدا نیودێری یەکەمی تاکە شیعرێك دەڵێ و ئەمین فەیزیش بۆی تەواو دەکا، دێرەکەش ئەمەیە:

انتظام همه عالم به نظام العلماست
این سخن مظهر تصدیق جمیع حکماست

واتە: ڕێکیی هەموو جیهانییان بە جەنابی نیزامولعولەماوەیە، ئەم قسەیە جێی بڕوای هەموو تێگەیشتوویەکە[٣٦].

شایانی باسە ئەم دێرە شیعرە بە هەردوو نیوەکەیەوە، لە دیوانی شێخ ڕەزادا بە هی شێخ ڕەزا دانراوە[٣٧].

هەروەها دەبینین (عەبباسولعەززاوی) کە باسی ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٠٧ی کۆچی - ١٨٨٩ی. زاین دەکات.. ئینجا باسی هاتنی (سری پاشای والیی بەغدا) دەکا، دەڵێ: لە پێداهەڵدانیدا شیعری تورکیمان بەرچاو کەوتووە، لە هەڵبەستی (نەسری ناتیق ماردینی) و هەروەها هی مامۆستا (ئەمین فەیزی).

مامۆستا عەزاوی سووکە ڕەخنەیەکیشیان لێ دەگرێ و دەڵێ: ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە کە ئەمانە و کەسانی تریش دوای ڕۆیشتنی والی پێیاندا هەڵنەگوتووە، بگرە بەر لەوە بووە کە چاکەی لێ ببینن، ئەویش بۆ ئەوە بووە کە لێی نزیك ببنەوە[٣٨].



نموونەی دەستخەتی فەیزی

**بەرهەمەکانی ئەمین فەیزی:**

وا دیارە ئەمین فەیزی وەکو ئەوانی تر خزم و کەسوکاری نەبووە شیعرە کوردییەکان و بەرهەمەکانی کەی کۆبکەنەوە، یان خەڵکی تری لەبەر ئەوان بایەخ بە بەرهەمەکانی بدەن.. چونکە وەکو مامۆستا ڕەفیق حیلمی دەڵێ: ئەوە جێگەی شك نییە کە ئەمین فەیزی بێجگە لە تورکی و فارسی، بە کوردیش شیعری زۆری هەبووە، تەنانەت مامۆستا حیلمی خۆی لێی بیستووە[٣٩].

مامۆستا ڕەفیق حیلمی لەگەڵ ئەوەی کە بۆشی گەڕاوە تەنیا چوارینەیەك و تاکێکی ئەمین فەیزی نەبێ چیی تری دەس نەکەوتووە، لە چوارینەکەیدا دەڵێ:

کە جەیشی غەم هوجوومی کرد نیزامی عومری من تێکچوو
ئـیـتـر مـومـکین نـیـیـە ئـاسایشی حـاڵـی پـەرێشانم
بینای بورجی بەدەن ڕووخا بە گوللەی حادیسات ئیمڕۆ
نـەمـا قـووەت لـە ئـەژنـۆمـا، بـڕا پشتـم، شکـا شانم[٤٠]

تاکە شیعرەکەش ئەمەی خوارەوەیە:

گـەر ڕەفـیـقت یـاری سادق بـێ چـە بـاکـی ڕێگـەتـە
گەر کەسی بەدخوو لەگەڵتابێ جەهەننەم جێگەتە[٤١]

هـەروەهـا (عـەلـی کـەمـال بـاپـیر)ی شاعـیـر لـە کـتـێـبـەکـەیـدا پـارچـە هـەڵبەستێکی بۆ تۆمار کردووین، هەڵبەستەکەش ئەمەی خوارەوەیە:

دڵ وەکـوو بـولـبـول ئـەنـاڵـێنـێ هـەمـیشە زارزار
بـۆ فـیـراقـی ڕوویـی جـانـان بـێ سوکوون و بـێ قـەرار

هـێنـد لـەبـەر دووریت ئـەنـاڵێنـم لـەبـەر دەردی دڵـم
خوێن لە چاوم دێت بەخورِ وەك ئاوی بارانی بەهار
چاوەکەم هەرچەند کە تۆ دووری لە من ئەمما بەخوا
دڵ لـــەلاتـــە رۆح لـــە دەورانت ئـــەدا پـــەروانـــەوار
عـاشقـی رووتم ئـەگـەرچـی وا لـە مـن بـێزاری تـۆ
چاوی من هەر تۆی وەکوو مەنسوور ئەگەر بمدەن لەدار
ئەی رەقیب یارت لە من کرد سا بەسە دەست هەڵگرە
ماڵ خراپیی دەستی تۆ بەس بێ ئەرێ هەی نابەکار
وەك منت لەو قاپییە وێڵ کرد بەناحەق، دەك رەقیب[٤٢]
دەردی زکتـە بـتـگرێ چـارت نـەکـەن قورب و جیوار
سەگ سیفەت سەدجار قرِۆڵ بی کاری تۆ بێ مایەیە
جـان فـیـدای ئـەو ئـاستـانـەم تـا قـیـامـەت خـاکسار
نـاڵـەنـاڵـی (فـەیضی) یـە وا خـەڵـکی عـاجـز کردووە
هەر لە گۆشەی چاوەکەی جاری بووە سەد جۆیبار[٤٣]

(عـەتـا تـەرزی بـاشی)ش لـە (کـرکوك شاعـرلـری)یـدا ئـەو چـواریـنـە تورکییەمان بۆ دەخاتە پێش چاو کە وەڵامێکە، لە ئەنجامی ئەوەدا کە شێخ رەزا چەند شیعرێکی بۆ ناردووە و دەڵێ:

واصل اولـدی دسـتـمـە اشعـارکـز
پك گـوزلـدر گـوغـریسی افـکـارکـز
غـرق نـور مـفـخـرت اولـدی اوگـون
چـوق شکـر بـو عـبـد بـی مـقـدارکـز[٤٤]

**بـەرهـەمـەکانی ئـەمین فـەیزی:**

ئـیـبـنـولـئـەمین دەڵـێ: سەرو ژمـارەیـەکی لـە نووسراوەکـانی خـۆی بـۆ

هێناوم.[٤٥] ئەو بەرهەمانەی ئەمین فەیزیش کە باسیان دەکات، بەمجۆرەیە:

**أ – بەرهەمە چاپکراوەکان:**

**١ – هوای نسیمی:** (باسی هەوا دەکات، لەلایەن کاریگەریی کیمیایی و تەندروستی و هەندێك لایەنی ترەوە).


هوای نسیمی
محرری
بغداد رشدیه عسکریەسی قواعدعثمانیه معلمی طوپجی یوزباشیلرندن
سلیمانیەلی
امین فیضی
معارف نظارت جلیلەسنك (٢٢٧) نومرولو رخصتنامه
سیلە طبع اولنمشدر
هرحقی محررینه عائد اولمغله مهریله ممهور اولمیان نسخەلره
ساخته نظریله باقق لازم کلور
استانبول
(اختر) مطبعەسندە طبع اولنمشدر
١٣٠٨

**٢ – اجمال نتایج:** (کورتەی دە هونەری ماتماتیك دەگرێتەوە).

**٣ – شعاعات:** (کۆمەڵە شیعرە).

**٤ – ئەسەری حەیاتی فەیزی:** (ژیننامەی خۆیەتی).

**٥ – تفرقەء ریاضیە:** (هەندێك دەستووری زانستی جەبر دەگرێتەوە).


تفرقەء ریاضیه
مؤلفی
سیار طوپجی اوتوز بشنجی آلای قوماندانی میرآلای
سلیمانیەلی
امین فیضی
استانبول
[ شرکت طبعیه ] مطبعەسی
١٣٢٧

ب – بەرهەمە چاپنەکراوەکان:

١ – تۆپچو جزدانی: (لەبارەی تەقاندن – ئاگرکردنەوە بە چەك – و تاکتیکی

جەنگییەوە).س

٢ – حیوانات مائیة: (لەبارەی هەندێك گیانداری ئاوییەوە).

٣ – علم و ارادە: (لەبارەی بەڵگەی هونەری و ژیریی ڕێبازی ماتریالییەکان و بەرپەرچدانەوەیانەوەیە).

٤ – ئەنجوومەنی ئەدیبان: (بە کوردییە – بەرهەمی پازدە ئەدیبی کوردی هەڵبژاردەی تێدا کۆکردووەتەوە).

٥ – شۆون کردستان: (بە تورکییە – لەبارەی باری مێژوویی کوردستان و حوکمداریێتیی بابانەوەیە)[٤٦].

چەند سەرنجێك لەبارەی بەرهەمەکانییەوە:

١ – هوای نسیمی: لە ئەستەمبۆڵ – لە چاپخانەی ئەختەر – ساڵی ١٣٠٨ چاپ کراوە..

لەسەر بەرگی ناوەوەی ئەم کتێبە نووسراوە کە دانەرەکەی (ئەمین فەیزی)یە و خەڵکی سلێمانییە و لە یوزباشییە تۆپچییەکانە و مامۆستای ڕێزمانی عوسمانییە (واتە زمانی تورکیی عوسمانی)، لە ڕوشدییەی عەسکەریی بەغدا[٤٧].

٢ – ئیجمالی نتایج – لە ئەستەمبۆڵ – چاپخانەی قرەبت (واتە: گەرەبێت) – شەقامی (باب عالی) ساڵی ١٣٠٩ چاپ کراوە – لەسەریشی نووسراوە کە دانەرەکەی ئەمین فەیزییە و خەڵکی سلێمانییە و (قوڵ ئاغاسی)ی تۆپچی و بەڕێوەبەری ڕوشدییەی

عەسکەریی بەغدایە. هەروەها ئەو دانەیەی ئەم کتێبەی وا لەلامە، مۆری ئەمین فەیزییشی پێوەیە[٤٨].

٣ – شعاعات: ئەمین زەکی بەگ دەڵێ بەزمانی کوردی نووسراوە[٤٩] بەڵام ماموستا ڕەفیق حیلمی ڕەخنەی ئەوەی لێ دەگرێ و دەڵێ ئەویشیان بە زمانی تورکییە[٥٠]. ئەوەی شایانی باسە.. ماموستا مستەفا نەریمان لە ژمارە (٣٤)ی نیسانی ١٩٧٥ی کۆواری (بەیان)دا وتارێکی لەبارەی ئەم کۆمەڵە شیعرە تورکییەی ئەمین فەیزییەوە نووسیوە و لە لاپەڕە ١٣ی ئەم کۆوارکەدا ئەم زانیارییانەشی تۆمار کردووە و دەڵێت:

دیوانی (شعاعات)... لە ساڵی ١٣٢٧ی کۆچی لە چاپخانەی (نیشان بابکیان) لە ئەستەموول چاپ کراوە، دیوانەکە برێتییە لە ٤٧ پارچە شیعر کە هەمووی بە تورکییە و... نموونەشی لەو شیعرانە بڵاو کردووەتەوە.

٤ – ئەسەری حەیاتی ئەمین فەیزی – ئەگەر ئەم کتێبەی کە ئیبنولئەمین دەڵێت چاپ کراوە دەست بکەوێت.. زۆر شتی دیمان لەبارەی باری ژیانی ئەمین فەیزی و ئەو سەردەمەی کە تێیدا ژیاوە و کەسانی ئەو سەردەمەمان لەوانەیە بۆ ساغ بێتەوە.

٥ – تفرقەء ریاضیە – لە ئەستەمبۆڵ – چاپخانەی (شرکت طبیعیە) – لە ساڵی ١٣٢٧دا چاپ کراوەو لە سەری نووسراوە کە دانەرەکەی (ئەمین فەیزی)ی خەڵکی سلێمانییە و میرالایە و سەرکردەی ئالای تۆپچیی سی و پێنجی گەڕۆکە.

٦ – انجمن ادیبانی کورد: بە قسەی ئیبنولئەمین چاپ نەکراوە – دیارە ئەم کتێبە بەناوبانگە لە ڕەبیعولئەوەلی ساڵی ١٣٣٩ هـ – لە چاپخانەی (ترجمان حقیقت) لە ئەستەمبۆڵ چاپ کراوە. کاکەی فەلاحیش بۆ جاری دووەم – لە چاپخانەی کاکەی فەلاح لە

سلێمانی–[51] ساڵی ١٩٨٢ بە پێشەکییەکەوە لە چاپی داوەتەوە.

٧ – علم و ارادە: ئیبنولئەمین ئەم کتێبەشی لەناو چاپ نەکراوەکاندا داناوە.. بەڵام ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە کە مامۆستا گۆرگیس عەوواد ناوی ئەم کتێبەشی لە ڕیزی کتێبەکانی ئەمین فەیزی داناوە.. واتە: لەوە دەچێ کە چاپ کرابێ.

٨ – شؤون کردستان: ئەم کتێبەش لەلای ئیبنولئەمین لە ڕیزی چاپ نەکراوەکاندا دانراوە، بەڵام مامۆستا کاکەی فەلاح لە حوسێن حوزنی موکریانی دەگێڕێتەوە و دەڵێ: کتێبی (کوردستان) دێریکی کوردستانە و تەرجەمەی هەندێك پیاوانی کوردە چاپی کرد[52]. کەواتە ئەمەشیان دوور نییە چاپ کرابێت.

ئەم سەرنجانەی سەرەوە بۆمان دەردەخەن کە کتێبەکانی ئەمین فەیزی شایانی ئەوەن کە لێیان بپشکنین و لەوانەیە هەندێکی، یان هەموو ئەوانەی کە ناویان باس کراوە وەدەست بخرێن.

هەروەها دەمەوێ ئەوەش هەر بخەمە بەرچاو کە مامۆستا کاکەی فەلاح دیسانەوە کە لە حوزنی موکریانی دەگێڕێتەوە کە گوایە: کە (ئەمین فەیزی) نەخۆش کەوتووە هەندێك دراو و کتێب و ئەشیای لەلای هاوشارییەکی خۆی بەئەمانەت دانابوو هێشتا هەر مابوو کە ئەو هاوشارییە، هەموو کتێب و دراوەکەی هەڵگرت و گەڕاوە وڵاتی خۆی، گەلێك ئاساری گرانبایی نووسیبوونەوە و لەناوچوون[53].

بەشبەحاڵی خۆم ئەم وتەیەی ڕۆشنبیرێکی تورکی وەکو ئیبنولئەمینم هەر لەگوێدا دەزرنگێتەوە کە دەڵێ:

" نازانم پاشماوە چاپنەکراوەکانی چییان بەسەرهات. کاتێك کە ئەم پیاوە بێچارەیە لە نەخۆشخانەکان و پەککەوتەخانەکاندا بوو، کێ دەزانێ نووسراوەکانی لە بەردەستی کێدا مایەوە. بەسەرهاتی ناخۆشی

نووسەریش و نووسراوەکانیش... بەناوی زانستی ولاتەوە دەڵێم: جێی داخ و مخابنە[٥٤]. ئەگەر ڕۆشنبیرێکی تورك ئەم هەناسە ساردە بۆ زانایەکی کورد هەڵکێشێ... داخۆ دڵی ڕۆشنبیری کورد ئەگەر بەرد نەبێت.. دەبێ چ جۆرە وێڵبوونێك بەدوای دەنگوباس و بەرهەمەکانیدا وێڵ بێ...



هەندێك لە ئامادە بووانی کۆڕەکە

پەراوێز و سەرچاوەکان:


١ – شاعیرە ناو ونبووەکانی کورد – عەلی کەمال باپیر – چاپخانەی ڕاپەڕین – سلێمانی – ١٩٧٣ – ل / ٣٢.

٢ – صوك عصر تورك شاعرلری – ابن الامين محمود كمال (اينال) – چاپخانەی پەروەردەی میللی – ئەستەمبۆڵ – ١٩٦٩ – بەرگی یەکەم – ل / ٤٢٨ (بە تورکیی لاتینی).

– ئەنجوومەنی ئەدیبانی کورد – کاکەی فەلاح – پێشەکیی چاپی دووەم – چاپخانەی کاکەی فەلاح – سلێمانی – ١٩٨٢ – ل / ١٨.

٣ – صوك عصر تورك شاعرلری – ب / ١ – ل / ٤٢٨.

– خلاصه تاريخ الكرد وكردستان – محمد امين زكى – ترجمة: محمد على عونى – الطبعة الثانيه – مطبعة صلاح الدين – بغداد – ١٩٦١ – ص / ٣٤٩.

– مشاهير الكرد وكردستان – محمد امين زكى – مطبعة التفيض الاهلية – بغداد – ١٣٦٤هـ – ١٩٤٥ م – الجزء الاول – ص / ١١٩.

٤ – صوك عصر تورك شاعرلری – ب / ١ – ل / ٤٢٨.

- شاعیره ناو ونبووەکانی کورد – ل / ٣٢.

ئەوەی شایانی باسە، مامۆستا ڕەفیق حیلمی دەڵێ: ″ تەئریخی لەدایکبوون و مردنی نەنووسراوە″. بڕوانە: شیعر و ئەدەبیاتی کوردی – ڕەفیق حیلمی – چاپخانەی تفیض – بەغدا – ١٩٤١ – بەرگی یەکەم – ل / ٣٠.

٥ – ئەنجوومەنی ئەدیبانی کورد – پێشەکیی چاپی دووەم – کاکەی فەلاح – ل / ١٨ – ١٩.

٦ – صوك عصر تورك شاعرلری – ب / ١ – ل / ٤٢٨.

کەچی مامۆستا عەلی کەمال باپیر لە کتێبی شاعیره ناو ونبووەکانی کورددا دەڵێ: ″ دوا پلەی خوێندنی لە ساڵی ١٣١٠ی ڕۆمی – ١٨٩٤ی زایندا لە قوتابخانەی جەنگیی شاهانە، لە ئەستەمبۆڵ تەواو کردووە″. بڕوانە – ل / ٣٢.

٧ – صوك عصر تورك شاعرلری – ب / ١ – ل / ٤٢٨.

عەلی کەمال باپیر – لە شاعیره ناو ونبووەکانی کورددا دەڵێ: لە ١٣٢٠ی ڕۆمی – ١٩٠٤ی زایندا کراوە بەسەرکردەی فەوج و نێردراوەتە شاری مەدینە، لەوێوە بۆ مەککە و لە وێ زیارەتی کردووە و نێردراوە بۆ هیندستان. بڕوانە – ل / ٣٢.

٨ – صوك عصر تورك شاعرلری – ب / ٢ – ل / ١٤٧٩.

- کرکوك شاعرلری – عەتا تەرزی باشی – بەرگی دووەم – چاپخانەی (جمهوريت) – ساڵی ١٩٦٨ – کەرکوك – ل / ١٤٧.

٩ – تفرقەء رياضيه – امين فيضی – استامبول – چاپخانەی (شركت طبيعيه) – ساڵی ١٣٢٧.

١٠ – صوك عصر تورك شاعرلری – ب / ١ – ل / ٤٢٨.

١١ – شاعیره ناو ونبووەکانی کورد – ل / ٣٢.

شیعر و ئەدەبیاتی کوردی – ب / ١ – ل / ٢٤ – ٢٥.

١٢ – تاريخ السليمانية وانحاؤها – محمد امين زكی – تعريب وتعليق – محمد جميل بندي الروزبياني – ١٣٧٠هـ – ١٩٥١م. طبع شركه النشر والطباعة العراقية المحدودة – بغداد – ص / ٢٤٣.

- خلاصة تاريخ الكرد وكردستان – ص / ٣٤٩.

- مشاهير الكرد وكردستان – ج / ١ – ص / ١١٩.

١٣ – صوك عصر تورك شاعرلری – ب / ١ – ل / ٤٢٨.

١٤ – س. پ – ب / ١ – ل / ٤٢٩.
١٥ – س. پ – ب / ١ – ل / ٤٢٩.
١٦ – شعر و ادبياتى كوردى – ب / ١ – ل / ٣٠.
١٧ – صوك عصر تورك شاعرلرى – ب / ١ – ل / ٤٢٩.
١٨ – س. پ – هەر ئەو لاپەڕەیە.
١٩ – س. پ – هەر ئەو لاپەڕەیە.
هەروەها مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە باسی مێژووی مردنیدا دەڵێ: لە ساڵی (١٣٤٠ – ١٣٤١)ی ڕۆمی – ١٩٢٥ی زایندا مردووە. ساڵی ١٣٤١ی ڕۆمییەکەی ڕاستە بەڵام دەکاتە ١٩٢٩ی زاین نەك ١٩٢٥.
بڕوانە: شیعر و ئەدەبیاتی کوردی – ب / ١ – ل / ٢٥.
مامۆستا عەلی کەمال باپیریش – هەر ئەو قسەیەی کردووە.. بڕوانە: شاعیرە ناو ونبووەکانی کورد – ل / ٣٥.
ئەمین زەکیش ساڵی ١٩٢٨ی زاینیی بۆ مردنەکەی داناوە. بڕوانە: مشاهير الكرد وكردستان – ج / ١ – ص / ١٢٠.
٢٠ – صوك عصر تورك شاعرلرى – ب / ١ – ل / ٤٣٠.
٢١ – داوونەریتی ناو تورك وایە کە ژن پێویستییەکانی هاوسەرێتی ئامادە دەکات، ئەمین فەیزی وا دیارە نەیویستووە لە داوونەریتی کوردەواری لابدا و خۆی خەرجیی ژنهێنانەکەی داوە.
٢٢ – صوك عصر تورك شاعرلرى – ب / ١ – ل / ٤٣٠.
٢٣ – س. پ. – ب / ١ – ل / ٤٣١.
٢٤ – تاريخ السليمانية وانحاؤها – ص / ٢٤٣.
خلاصة تاريخ الكرد وكردستان – ص / ٣٤٩.
٢٥ – مشاهير الكرد وكردستان – ج / ١ – ص / ١٢٠.
٢٦ – شيعر و ادبياتى كوردى – ب / ١ – ل / ٢٥.
٢٧ – انجمن اديبانى كورد – امين فيضى – مطبعهء ترجمان حقيقت – استامبول – ربيع الأول – ١٣٣٩ – ل / ٧.
٢٨ – دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی – چاپخانەی مەعارف – بەغدا – ساڵی ١٩٤٦ – ل / ٢٥٤.

٢٩ – س. پ.... هەر ئەو لاپەڕەیە.
٣٠ – مشاهیر الكرد وكردستان – ج / ١ – ص / ١٢٠.
٣١ – شێخ ڕەزای تاڵەبانی – د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ – چاپخانەی عەلاء – بەغدا –ساڵی ١٩٧٩ – ل / ٨٣.
٣٢ – انجمن ادیبانی كورد – چاپی یەكەم – ل / ٦.
٣٣ – صوك عصر تورك شاعرلری – ب / ١ – ل / ٤٣١.
٣٤ – س. پ. – ب / ١ – ل / ٤٣٠.
٣٥ – بڕوانە: گۆڤاری دەفتەری كوردەواری – شێخ محەمەدی خاڵ – چاپخانەی ئەسعەد – بەغدا – مارت – نیسانی ١٩٧٠ – بەرگی دووەم – وتاری شێخ ڕەزای تاڵەبانی – ل / ٨٣ – ٨٤.

لەم گۆڤارەدا نووسراوە كازم پاشای برای سوڵتان عەبدولحەمیدە – منیش ئەمەم گواستەوە و لەو وتارەمدا باسم كرد كە بەناوی (ئەمین فەیزی – بەهرەوەرێكی كوردی لەبیر كراو)ەوە لە ژمارە ٣٥ی كۆواری بەیاندا بڵاوم كردەوە – دوای بڵاوكردنەوەی ئەو وتارەم.. مامۆستای زانامان شێخ محەمەدی خاڵ لە لاپەڕە ٤٨ی ژمارە ٣٦ی ئایاری ساڵی ١٩٧٦ی كۆواری بەیاندا ئەوەی ڕوون كردەوە كە نووسیویەتی (كازم پاشا) ژنبرای سوڵتان عەبدولحەمیدە، بەڵام لە دەفتەری كوردەواریدا بەهەڵە چاپ كراوە و نووسراوە كە برایەتی.

٣٦ – دەفتەری كوردەواری – بەرگی دووەم – ل / ٨٣ – ٨٤.
٣٧ – هەروەها – لە دیواندا دێری یەكەمی هۆنراوەكە بەمجۆرەیە:

أفتخار همه ایران بنطام العلماست

واتە: شانازیی هەموو ئێران بە نیزامولعولەماوەیە.

بڕوانە: دیوانی شێخ ڕەزا – چاپی ١٩٤٦ – ل / ١٤٩.

٣٨ – تاریخ العراق بین احتلالین – المحامی عباس العزاوی – شركة التجارة والطباعة المحدودة – بغداد – ١٣٧٦هـ – ١٩٥٦م – الجزء الثامن – العهد العثمانی الاخیر – ص / ٩٣، ٩٧، ٩٩.
٣٩ – شیعر و ادبیاتی كوردی – ب / ١ – ل / ٣٢.
٤٠ – س. پ. – ل / ٢٤.
٤١ – س. پ. – ل / ٢٩.

٤٢ – ئـەم نـیـوەدێرە لـە (شاعـیـرە نـاو ونـبـووەکـانـی کـورد)دا بـەمـجـۆرەی خـوارەوە نووسراوە، کە دیارە ڕاستەکەی ئەوەیە کە من لە دەقەکەدا نووسیومە:

دەك منت لەو قاپییە وێڵ کرد بەناحەق، وەك ڕەقیب

٤٣ – شاعیرە ناو ونبووەکانی کورد – ل / ٣٣.

٤٤ – واتە: شیعرەکانتان گەیشتنە دەستم، بیرەکانتان لە ڕاستیدا زۆر جوانن، ئیمڕۆ نوقمی ڕووناکیی شانازی بووین، زۆر سوپاس لە بەندەوە سوپاسێکی بێ پایان.

بڕوانە: کرکوك شاعرلری – ج / ١ – ص / ٣١.

٤٥ – صوك عصر تورك شاعرلری – ب / ١ – ل / ٤٣٠.

٤٦ – صوك عصر تورك شاعرلری – ب / ١ – ل / ٤٢٩ – ٤٣٠.

٤٧ – هوای نسیمی – امین فیضی – استامبول – چاپخانەی ئەختەر – ساڵی ١٣٠٨.

٤٨ – اجمال نتایج – امین فیضی – استامبول – چاپخانەی قرەبیت – شەقامی بابی عالی – ١٣٠٩.

٤٩ – تاریخ السلیمانیة وانحاؤها – ص / ٢٤٤.

٥٠ – شیعر و ادبیاتی کوردی – ب / ١ – ل / ٢٨.

٥١ – معجم المؤلفین العراقیین – في القرنین التاسع عشر والعشرین – گورگیس عواد – مطبعة الارشاد – ١٩٦٩ – المجلد الاول – ص / ١٥٠.

٥٢ – ئەنجوومەنی ئەدیبانی کورد – پێشەکیی چاپی دووەم – کاکەی فەلاح – چاپخانەی کاکەی فەلاح – سلێمانی – ١٩٨٢ – ل / ١٥.

٥٣ – س. پ. – ل / ١٤ – ١٥.

٥٤ – صوك عصر تورك شاعرلری – ب / ١ – ل / ٤٣٠.

## خاڵصی

١٢٩٢ – ١٣٤١ی کۆچی

١٨٧٥ / ١٨٧٦ – ١٩٢٢ / ١٩٢٣ی زاین

تا ئەمڕۆ لەبارەی خاڵصی –ی شاعیرەوە هیچ نووسراوێك بڵاو نەکراوەتەوە. هەندێك لە هۆنراوەکانی لە ناواخنی کۆمەڵە دەسنووسەکان و لە بان بەردەکێلە مەڕمەڕەکان و لە ڕۆژنامە و کۆوارە ناوەخۆییەکاندا بەرچاو دەکەوێت. کۆکردنەوەی باسوخواسی سەرگوزەشتی ژیانە کورتەکەی ڕاستەوڕاست لە دەمی خەڵکەوە، کەم و زۆر، لە تواناد‌ا بووە.

خاڵصی – کوڕی شێخ ڕەزای شاعیرە، ناوی محەمەد و نازناوی لە شیعردا خاڵصی –یە. لە کەرکووك، لە گەڕەکی (بوڵاق)دا هاتووەتە جیهانەوە و هەر لەوێشدا پەروەردە بووە. وا دەزانرێ کە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لەلای باوکی و زانایانی گەڕەکەکەیاندا بووە[١].

لەگەڵ (سلێمان نەزیف بەگ)ی والیدا – کە لە (١٣٢٩)ی. کۆچیدا والیی مووسڵ بووە[٢]، پێوەندییەکی بەتینی هەبووە. ئەم والییە، بە نرخ و پایەی ئەدەبیی خاڵصی زانیوە، لە قەزای (دهۆك) کە بە (ویلایەتی مووسڵ)ەوە بەسترابووەوە، بە قائیمەقامی دادەمەزرێنێ.

لە شەڕی جیهانیی یەکەمدا، گوێزراوەتە یەك لە قەزاکانی تورکیا و بەمجۆرە ناوچەیەکی فراوانی چاو پێ کەوتووە و بە کۆمەڵێك شاعیر و شیعردۆستی تورك گەیشتووە و دۆستایەتیی لە گەڵیاندا بەستووە.

هەر لەم کاتانەشدا و هەر بەهۆی سلێمان نەزیفی والییەوە ئاشنایەتی لەگەڵ (ئیبنولئەمین مەحموود کەمال)ی نووسەری بەناوبانگی تورکدا[٣] پەیدا کردووە. (صوك عصر تورك شاعرلری – ب٢ – ل / ١٤٩٩)[٤].

لە شەڕی سەربەخۆییی تورکیادا بە لایەنگری جێنشین (خەلیفە) دانراوە و کۆتاییی بە مووچەخۆرییەکەی هێنراوە. لە سەر ئەمەوە گەڕاوەتەوە شارەکەی، کە شاری کەرکووکە و بە قائیمەقامی قەزای (کفری) دامەزراوە. ئەمجارە بەهۆی دانانی هەڵبەستێکیەوە، کە دژی ئینگلیزەکانی داناوە لە کار خراوەتەوە ، لە کۆتاییدا لە ساڵی (١٣٤١)ی. هـ. دا دووچاری نەخۆشیی دیق (سیل) بووە و پێش ئەوەی تەمەنی پەنجا ساڵی بەسەربەرێ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گەیلانی –دا لە تەك گۆڕی شێخ ڕەزای بابییەوە نێژراوە..

″محەمەد سادق″[٥]، شاعیری هاودەمی، لاواندنەوەیەکی هەژدە دێریی بە بۆنەی مردنییەوە داناوە لە کۆتاییەکەیدا، ئەم دێرە مێژوویییە (ئەبجەدی)یەی دەڵێ:

ریاسز سویلدی صادق اونك جـوهرلی تاریخك

خلاص اولدی محمد خالصی بو بزم دنیادن...[٦]

کە دێینە سەر شیعرەکانی دەبینین کە لە ئاستێکی نین، ئەگەرچی لە وردەکاریدا (فائض)ی مامی[٧] و لە داشۆریندا لاساییی شێخ ڕەزای بابیشی کردبێ، سەرکەوتنێکی باشی نەنواندووە. شێوازی ناوچەیی بە ئاشکرا لە شیعرەکانیدا دیارە و جارجاریش زاراوەی عەجەمییانەی تێدا دەبینرێت. لەلایەکی تریشەوە هەڵەی دەستوور و ڕێزمانی

تێدا زۆر بەدی دەکرێت.

لەگەڵ ئەوەی کە (فائض) شیعری زۆریشی هەیە، تا ئێستا، وەکو چۆن لە شێوەی کۆمەڵە شیعردا نەخراوەتە بەرچاو، هەروەهاش زۆربەی زۆری هێشتا بڵاو نەکراوەتەوە. بێجگە لە تورکی بە زمانێکی تر شیعری نووسراوی بەرچاو نەکەوتووە[٨].

***

بەڵام وەکو ئێمە دەزانین... (تاقانە)..، خاڵصی – کەم و زۆر – شیعری کوردییشی هەیە، بۆ بەڵگەش لێرەدا چەند شیعرێکی بڵاو دەکەینەوە[9]. یەکەمیان ئەو چامە بەرزەیەتی کەساڵی (١٩٢٨)ی. ز. دا، بۆ شێخ مەحموودی مەلیکی ناردووە، لەمەوپێشیش چەند جارێك بڵاو کراوەتەوە[10]، شیعرەکەش ئەمەیە کە دەڵێ:

لە پاش دامان و پا ماچکردن و عەرزی دوعاخوانی
وەڕین دەست پێ دەکا بەچکەی گەماڵی پیری گەیلانی

ئەڵێ بۆچی دەرت کردم ئەگەر پاست نەکەم بە خوا
هەموو چەڵتووکەکەت ئەخوا بەرازی قوتبی ڕەببانی

ئەکانە و پەڵخ و ماڵووسی قەوی قوڵیان گەلێ زۆرە
بەری ملیان لە کوێ ئەگرێ پشیلەی کانی ئاسکانی

لە پاش تاڵان و عەزل و لانەواز و خانەوێرانی
حەواڵەی خۆت ئەکەم قوربان چلۆن بێم بۆ سلێمانی؟

لە بەرچاوت وەکو یەك وایە، بێ فەرقن لە خزمەت تۆ
شەهێن و حاجی لەقلەق، شێر و ڕێوی و مورشید و جانی

کەر و گا خەرجی بار و جووتە، ئێستر ماڵی کاروانە
ئەمانە نابنە کوێخا و ڕەئیس و میری دیوانی

بەیار کێلان و گای لەڕ، پیر و کچ خواستن، ژن و تەدبیر
سەگ و جۆ، ئەسپ و ئێسك، بۆق و سەردار، جرج و ناوکانی

عەبا و کەر، فێست و ڕێوی، ورچ و شەپقە، مێزەر و مەیموون
حەیا و کوێر، شەرم و دۆم، حیز و وەفا، نامووس و سڕزانی

لە کوێت دۆزینەوە ئەم کوێر و قۆڕانەی لە خواعاسی
چلۆنت کەوتە خاتر مشکەکوێرەی ورچی کوێستانی

هـەمـوو شێر و پڵـنگـن وەختـی نـان خـواردن لـە ئـەتـرافت
سمـێڵ بـابـڕ، کـفـن دڕ، کـەلـلـە خـڕ، پـەرچـەم مـەریـوانـی

دوعـات بـا بـۆ بکـەن ئـەمـجـا، بـە تـەدبـیـریـان نـەکـەی زینـهار
مـەلا و دەروێش و سۆفـی و شێخـەکـانـی لـوقـمـە بـاتـمـانـی

لــە ڕۆژی وا پــیــاوێ چــاتــرە بــۆ تــۆ لــە دووسەد کـەس
هـــەزاری لــیــرەیــەك نــاکــا دە پــارە و پــوولــی تــارانــی

لـەسەر ئـەم مـەسرەعـە لادەم بـچـم بـۆ مـەسرەعـی سانـی
بـڵـێم ئـەی پـاسەوانـی مـیـلـلـەت و ڕێگـەی مـوسڵـمـانـی

وجوودت فەخرە بۆ من چونکە لای من فەخری کوردانی
نەوەی کاك ئەحمەد و نەتفەی حوسەین و شێری یەزدانی

"ألا أی کشتـــۀ پـــیـــکـــان هـــجـــرانت دل أخـــوا"
"ألا أی کشتـــۀ جـــران رویت پـــیـــر کـــنـــعـــانـــی"

"تـو بـا یـاران چـنـان کـردی کـە بـایـد کـرد بـا دشمـن"
"تـو بـا دشمـن چـنـان کـردی کـە ویـرا رنجە نـتـوانـی"

هـەتـیـو چت وت زمـانـت وەرگـەڕێ غـەڵـتـێکی گـەورەت کرد
لـەلای خـۆت شاعـیـری هـێشتـا قسەی پـیـاوانـە نـازانـی

خـراپـەی چـاکـەیـە، زامـی شیـفـایـە، حـیـدەتـی حـیـلـمـە
جـنـێوی فـەخـرە، تـالانـی عـەتـایـە، عـەفـوە عـیـنـوانـی

کـەرەمـکـار و وەفـادار و وەلـی خـولـق و عـەلـی کـردار
تـەبـیـعـەت چـاك و تـیـنـەت پـاك و دڵ پـڕ نـوور و نـوورانـی

فەلەك مل شۆڕ ئەکا ئەمڕۆ لەژێر پێی ئەسپی شێخ مەحموود
مەلەك مەجبوور ئەبوو ئەمڕۆ لە تاعە و حوکم و فەرمانی

ئـەوەنـدەی بـاری تـەعـنـە کـەوت بـە مـلـدا (خـاڵـصی) ئـەمـڕۆ
ئـــەهـــاتـــە خـــزمـــەتت قـــوربـــان، وەلـــی زامـــدارە سەر شانـــی

***

شیعرێکی تری، ئەو پارچەیەیەتی کە لە کفری –یەوە ″کە قایمقام بووە لەوێ ″ ناردوویەتی بۆ (سەید ئەحمەدی خانەقا)ی کەرکووك و گلەییی ئەوەی لێ دەکا کە وەڵامی جەژنە پیرۆزەی نەداوەتەوە و دەڵێ:

ئـەو لـوتـفـە کـە بـووت، ئێستـە لـەگـەڵ بـەنـدە نـەمـاوە
وا تـێـمـەگـە هـەر کـەس کـە سمـێڵـی هـەبـوو پـیـاوە

ئـەو لـوقـمـە فـڕێـنـانـە چ ئـاغـا چ ئـەفـەنـدی
وا دەوری لـــە تـــۆ داوە لـــەبـــەر چـــایـــی و پـــلاوە

جووتێ بە تەمای جۆن و بڕێکیان بە تەمای کان
نیوەی بە هەوای گەندومی (مەڵحە) و (شیریناو)ە

هـەر (خـاڵـصی)یـە خـاڵـصە ئیخلاصی لەگەڵ تـۆ
بـێ فـێڵ و فـەرەج، بـێ تـەمـەع و بـێ بـەن و بـاوە

چەند ئەسپی لە شوێن خزمەتی تۆ ناڵی فڕێ دا
چـەنـد کـەوشی لـە ڕێی تـەکـیـە و نـاو خـاسە دڕاوە

چەند هاتووەتە (تەقتەق) و (شیرناو) لە دوای تۆ
چـەندجـار لـە (عـەلاغـەیر) و (ئـەبوخـورجـە) گـەڕاوە

ئـیستـاکـە مـن ئـەغـیـارم و ئـەغـیـارە ڕەفـیـقت
سابـێ بـە خـەفـەت خـۆت مـەکوژە، مـەمرە بـەبـاوە..

پارچە شیعرێکی تری (خاڵصی) ئەو پارچە شیعرەیەتی بەرامبەر بە

شێخ و سۆفی –یانی نووسیوە و دەڵێ:

چـۆن ئـەزانم خـوا بـەڕاستـی حـەق یـەکـە و نـیـمـە دووە
ئـــەی سلـــێمـــانـــی دەزانم تـــۆیش پـــەیت پـــێ بـــردووە
دەنگی دەف، نووکەی درۆی سۆفی لە تەکیە و خانەقا
ئـیستـەکـەیش هـەر مـاوە یـاخـوو ئـاشبـەتـاڵـیـان کردووە
حایوحووی بۆ نان و شۆربا، فاك و فیك بۆ ماست و چا
بـاوی جـارانـی هـەیـە، یـا خـەلـقـی عـەقـڵـی گردووە
ڕیشی سۆفی و پرچی دەروێش قیمەتی کۆنیان ئەکەن
سووکـەسووکـی زیـکـر و زیـکـەی خـەتمە وەرنـە پـێشووە
کەوشی زەرد جوببەی بنەوشە، یەك لە پێش و دوو لە پاش
چـــاوی ڕێژراو، مـــێزەری زل، زۆرە یـــاخـــوو کـەم بـووە
چـاك لـە فـێڵـیـان تـێگـەیشتـم، زوو لـە نـاویـان دەرپـەڕیم
بـەنـد و بـاوم پـێ نـە دەکرا، دامـە بـەر شەق ئـەم خـووە
غـەیـبـەتـی دەروێش و سۆفـی عـەیـبـە بـۆ تـۆ (خـاڵـصی)
تـۆ لـە ڕێگـە، وەرگـەڕاوی، یـا وەکـو لـێت تـێکچووە؟؟(٢).

***

ئەم شیعرە فارسییەشی لە لاواندنەوەی (سەید شێخ سەعید)ی حەفیددا وتووە:

نه در خورشید تاب مهر و نه در مه چیا باشد
نه در روی فلك شرم و نه دوران حیا باشد
گـهـی بـا ابـن مـلـجـم شیـر یـزدان را زند نـاوك
گــهـی بـا شمـر أنـدر قـتـل شاه کـربـلا بـاشد

سری ان نوجوان را از چه رو ببرید ان کافر
کـه مـیدانست رویش بـوسه‌گـاه مصطفـی بـاشد

سری کـز عـرش بـهـتـر پسرش آغـوش پیغمبر
بـخـاك انـداختن پـیش یـزیـد ایـن کـی روا بـاشد

گـذشتـیـم از یـد شایـان گذشتن نیست کردارش
پس از ان مـاجـرا اخـر چـه ایـن مـاجـرا بـاشد

حـفـیـد حضرت کـاك احـمد ان شیـخ سعید اپـار
ز مـاوایش پـدر کـردی بـریـده سر چـرا بـاشد

چـرا اتش زدی ای بـی مـروت در دل زهـرا
تـرا انـدیشه از بـرق تـیـغـی مـرتـضی بـاشد

تو گویی چرخ هم گهواره بو جهل ملعون است
کـه دایـم در خـیـال کشتن آل عـبـا بـاشد

خـراب آبـاد کـن یـارب سلـیـمـانـی و مـوصل را
که دنیا پاك گردد و گرنه این ناپاکها باشد

الا سنگین دلان اهل موصل این چه اشوب است
کسی برپا کند این را که دشمن با خدا باشد

نماز و روزه تـرهـانـدش را دردم اتش
نـهـان شو وعـده مـا و شمـا روز جـزا بـاشد

بریزان از دو دیده اشك حسرت خالصاً هردم
کـه آل فـخـر عـالـم بستـه در دام بـلا بـاشد

بــخــون دیـده جـوهــردار کــردم روی تــاریــخش
پــدر در کــربــلا و خــود شـهــیـدی نــیـنـوا بــاشد

۱۳۲٦. هـ

***

پەراوێزەکان:

١ – شێخ محەمەدی خاڵصی – بەپێی ئەوەی کە حوزنی موکریانی لە مەلا فەتاحی وەهبی دەگێڕێتەوە – گوایە لەگەڵ ئەم (وەهبی)یەدا – کە شاعیرێکی کەرکووکی بووە – پێکەوە لای مامۆستای گەورە (مەلا مەحموودی مەزناوایی) فەقێیەتییان کردووە و پێکەوەش ئیجازەی مەلایەتییان وەرگرتووە... (بڕوانە: دەنگی گێتیی تازە – ژمارە (٤) بەرگی (٤) ی تەمووزی ١٩٤٥ – ل (٣٤٢ – ٣٤٩)، نووسینەکەی حوزنی موکریانی – لەبارەی (مەلا فەتاح وەهبی – ١٢٩٦ – ١٣٥٩ی. هـ)ی شاعیرەوەیە.

٢ – سولەیمان نەزیف بەگ (١٨٧٠ – ١٩٢٧)ی. ز کوڕی شاعیر و مێژوونـاسی مەزن (سەعید پاشای دیاربەکری)یە... لە دیاربەکر هاتووەتە جیهان، دوابەدوای ڕووداوەکانی ڕێژیم گۆڕینی (١٩٠٨) لە تورکیا، لە (ترابزون) و (مووسڵ)دا و لە دواییشدا لە بەغدا کراوەتە والی.. (بڕوانە: تورکە ناودارەکان – ل/ ٢٧٦ – ٢٧٧).

٣ ، ٤ – ئیبنولئەمین مەحموود کەمال – کە نازناوی (ئینال)ە، کوڕی (ئەمین پاشای مەهردار ناسراوە). ساڵی (١٨٧٠)، لە ئەستەمبوڵ هاتووەتە جیهان.. یەکێکە لە زانایانی مێژوو و بیۆگرافیای تورکە بەناوبانگەکان. بە چاپکراو و چاپ نەکراوەوە (١٠) کتێبی هەیە.. یەك لەو کتێبانە (صوك عصر تورك شاعرلری – شاعیرانی دوایین چاخی تورکی عوسمانی)ە. بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو.. ل / ١٨٧.

٥ – محەمەد سادق – مەلا سادق (١٨٩١ – ١٩٦٧)ی.ز. لە کەرکووك، لە گەڕەکی بەگلەر هاتووەتە دنیا... لە وتووێژێکدا کە لەگەڵ ئەم شاعیرەدا کراوە، دەڵێ: ″ لە شاعیرە کوردەکان نالی و مستەفا بەگم بە دڵە. ″ بڕوانە: وتووێژێك لە گەڵ شاعیری گەورەمان محەمەد صادق.. لە ئامادەکردنی: شاکر صابر زراعتچی.. ل / ١٧ ی

ژماره / ٣ ی ساڵی حەوتەم – ١٩٦٧ی کۆواری (قارداشلق).
دیسان لە وتارێکی (ئەرشەد هرمزلی)دا کە بە ناونیشانی (کندی شعریلە محمد صادق – محەمەد سادق بەپێی شیعری خۆی)دا بۆمان دەردەکەوێت کە بە کوردییش شیعری هەیە). (بڕوانە: ل / ٢٤ ی – ژمارەی تایبەتی بە محەمەد صادقی شاعیر)ی کۆواری (قارداشلق) – ژمارە /٥ی ئەیلوولی ساڵی حەوتەم – ١٩٦٧. بەڵام داخمان ناچێ تا ئێستاش نە بە بڵاوکراوی و نە لەلای کەسێکدا دێڕێکمان لەو شیعرانە بەرچاو نەکەوتووە..
٦ – واتە: بێ مەرایی (سادق) مێژووی دەوهەرداری ئەوی وت... ڕزگاری بوو محەمەد خاڵصی لەم بەزمەی جیهانە.
بەپێی ژماردنی ئەبجەدیی گەوهەرداری ئەم دێرە تورکییە، مێژووی کۆچی دواییی خاڵصی –مان بۆ دەردەکەوێ کە دەکاتە (١٣٤١.ی. هـ.).
٧ – فائز (فائض) – (١٨٣٠ – ١٨٩٥)ی. ز. – عەبدولقادری کوڕی شێخ عەبدوڕەحمان (خاڵص)ی تاڵەبانی و برای شێخ ڕەزای تاڵەبانی –یە.. شاعیرێکی پایە بەرز بووە... تەنانەت بێجگە لە زمانی تورکی بە زمانێکی تر شیعری بەرچاو ناکەوێت. بۆ بەسەرهاتی ژیانی بڕوانە: ل (١٨٦ – ١٢٦)ی بەرگی دووەمی – کرکوك شاعرلری.
٨ – تا ئێرەی دەقی ئەم نووسراوە لە تورکییەوە وەرگیراوە. لە کتێبی (کرکوك شاعرلری – ب / ٢ ل (١٨٦ – ١٨٧). پەراوێزەکانیشی هەموو خۆم بۆم زیاد کردوون.
٩ – بڕوانە: ڕۆژنامەی (برایی) – ژمارە (٣١٤)ی ڕێکەوتی ٣ / ٨ / ١٩٦٨. دیسان بڕوانە کۆواری – نووسەری کورد – ژمارە (٢)ی ساڵی (١٩٧١).. ل / ٦٧. کە لە داوێنی ئەم پێشەکییەی خوارەوەدا، هەر ئەو چامەیە بڵاوکراوەتەوە:
″ محەمەدی خاڵسی کوڕی شاعیری بەناوبانگی کورد شێخ ڕەزای تاڵەبانییە، لە ساڵی ١٩٢٨ لە کفری کۆچی دوایی کردووە. لە ساڵی ١٩٢٤ ئەم شیعرەی خوارەوەی بۆ شێخ مەحموود ناردووە. قەسیدەکە، بۆ یەکەمین جار لە ڕۆژنامەی ″ برایی ″ لە بەغدا ساڵی ١٩٦٨ بڵاوکراوەتەوە، دووبارە لە ڕۆژنامەی ″ ژین ″ ژمارە (١٢)ی ساڵی ١٩٧١ بڵاو کراوەتەوە، هەندێ جیاوازی لە نێوانی تێکستە بڵاو کراوەکاندا هەیە″.
١٠ – بڕوانە: دیوانی طاهر فؤاد – ل / ٥٤.

ئەم پارچە شیعرەم لە دەستنووسێکی – ئەحمەد شوکری (د. شۆ) وەرگرتووە.. لە کاتی خۆیدا – لە مانگی شەعبانی ساڵی ١٣٤٩ی هیجری – کە فەقێ بووە نووسیویەتییەوەو.. ئێستا دەستنووسەکە لەلای مەلا (...) ە لە کەرکووك و.. ئەم دەسنووسەم لە ڕێی کاك محەمەد عەبدورەحمان زەنگنەوە دەست کەوت و بینیم .. شایانی سوپاسە.

***

تێبینی:

ئەم وتارە پێشتر لە کۆواری (دەنگی مامۆستا)– ژمارە / ٩ی ساڵی سێیەم – ئابی ١٩٧٣دا بڵاو کراوەتەوە.

## "محەمەد راسخ"ی شاعیری کەرکووکی

(١٣٠٥ی ڕۆمی – ١٩٣٦ی زاین)[١]

عەتا تەرزی باشی



لە تورکییەوە وەرگێڕاوە

بر زمان أغلر ایدم حالمه بن شمدی إیسه
أو گیچن أغلادیغم گونلر ایچون أغلیورم

واتە:

سەردەمێك بۆ حاڵی خۆم گریام و ئێستاکەش ئەوا
بۆ ئەوی ڕۆژانە دەگریم وا بەگریان بردمە سەر

سەرچاوەکان:

تێکڕای مێژووی ژیانی ڕاسخ تا ئێستا بە جۆرێکی گشتی نە نووسراوەتەوە. لە ژمارە (١٥)ی مایسی (١٩٤٣)ی کۆواری (تورك صنعتی

– هونەری تورك)دا كە لە ئەستەمبۆڵدا دەرچووە، دۆستی بەڕێزمان (ئەنوەر یەعقووب ئۆغڵو)، لەبارەی شاعیرەوە، وتارێكی كورتی بڵاو كردووەتەوە، بەگشتی، لە ژمارەی شوباتی (١٩٥٧)ی كوواری (فضولی – فوزوولی)دا، كە ئەمیش لە ئەستەمبۆڵدا دەرچووە، هەر ئەو زانیارییانەی دووبارە كردووەتەوە.

یەعقووب ئۆغڵو، لە هەردوو نووسینیدا، پتر شیعرەكانی شی كردووەتەوە و كەسایەتیی ئەدەبیی وەدەرخستووە، ئەگەرچی بە كورتییش بەسەرهاتی نووسیبێتەوە، لەبارەی نازناوی شاعیرەوە نەیتوانیوە خۆی لە بەهەڵەدا چوون بپارێزێ.

(شاكر سابیر)ی برادەرمان، لە ژمارەی تشرینی دووەمی (١٩٦٢)ی كۆواری (قارداشلق – الاخاء)دا، كە لە بەغدا بە توركی و عەرەبی دەردەچێ، گوێی بەوە نەداوە و سڵی لەوە نەكردووەتەوە كە وتاری ڕابردووی یەعقووب ئۆغڵو، وەك خۆی دووبارە بكاتەوە.

لە ژمارەی شوباتی (١٩٦٤)ی هەر ئەم كۆوارەدا نووسەری لاو (مەولوود تەها قایاجی) لەبارەی شاعیرەوە، وتارێكی كورتی بڵاو كردووەتەوە، هیچی ئەوتۆی تازەو بەبایەخی تێدا بەرچاو ناكەوێت. هەروەها (خدر لوتفی ئەفەندی)ی خوا لێخۆشبوو، لەكاتی خۆیدا لە ژمارە (١٤٢٨)ی (٢٦ / ٧ / ١٩٥٣)ی ڕۆژنامەی (كەركووك)دا غەزەلێكی (ڕاسخ)ی شی كردبووەوە، جگە لەمە، لەنێو ئەو سەرچاوانەدا كە لەبارەی ڕاسخەوە چاومان پێیاندا گێڕاوە و لە ناواخنی باسەكەدا پیشان دراوە و لە سەرووی هەموویانەوە دیوانی خودی شاعیر خۆیەتی.. ئەم دیوانەی كە لە هەشتا و پێنج لاپەڕەی قەوارە گچكە پێكهاتووە، لە ئەستەمبۆڵ لەلای ئەنوەر یەعقووب ئۆغڵوی بەڕێزدا بوو، بە ڕەزامەندیی بەڕێز (عومەر ئوێزتوركمەنی) كوڕی شاعیر بەمن سپێردرا، بەم بۆنەیەوە سوپاسی هەردوو برادەر بە ئەرك دەزانم.

لە لایەکی ترەوە، لەبارەی سەرگوزەشتی شاعیرەوە لە کوڕەکەی و لە دۆستی کۆن و هاوکار و هاوشاری شاعیر (محەمەد سادق)ی[٢] شاعیرەوە کەم تا زۆرێك توانای زانست وەرگرتنم ساغ کردووەتەوە. هەروەها توانیم لە بەڵگەی بڕوانامەی عەسکەریی شاعیرەوە ڕۆژی لەدایکبوون و هەندێك شتی تر تۆمار بکەم.

**ژیانی**:

ئەم شاعیرەمان کە ناوی (محەمەد ڕاسخ)ەو لە شیعردا تەنیا نازناوی (ڕاسخ)ی بەکار هێناوە، ئەوە لە ئارادایە کە بەڕەسەن لە نەوەی شاعیری گەورەی تورك (ڕاسخی بالیکەسیری)یە. وەك ئێمە دەزانین، شاعیرمان کوڕی عەبدولقادری کوڕی ئەحمەد بەگی یالاّوزادەی کوڕەزای مفتی بەکر ئەفەندیی کۆنە نائبی بەغدایە[٣]. لە دایکەوە دەچێتەوە سەر بنەماڵەی (نەفتچی)ی ناسراوی کەرکووك. هەروەها زاوای شێخ ڕەزای تاڵەبانیی شاعیرە.

ساڵی - ١٣٠٥ (دەبێ ڕۆمی بێ)، لە کەرکووك، لە گەڕەکی (بەگلەر)دا لەدایك بووە[٤]. خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی گەڕەکدا خوێندووە، دوایی لەگەڵ محەمەد سادقی شاعیری برادەریدا پێکەوە چوونەتە گوندی (هەرتەل) و لەوێ لەلای زانایەکی (مەلا فەتحوڵلا ناسر) ناو (عەرووز)یان خوێندووە.

هەر لەودەمەشدا لە کتێبی فارسی و ڕێزمانی عەرەبی و (جامی)یەوە وانەیان خوێندووە. لە تەمەنی بیست و یەکدا لە مەدرەسەی - خوێندگەی (حەسەن بەگ)دا، کە لە مزگەوتی (موسەلیم)دا بووە، تێکەڵ بەخوێندکارانی زانست بووە و لەلای (شێخ تاڵشی)دا دەستی بەخوێندن کردووە. لەم خوێندگەیەدا نزیکەی چوار ساڵ (نەحو - ڕێزمان) و سەرف و مەنتیق و هی تری خوێندووە، کە زانستی پێویستی ئەو سەردەمانە

بووەو، ئەزموونی تێیاندا کردووە و ئینجا لەبەر دەستپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی لەگەڵ (محەمەد سادق)ی برادەری دەچنە ویلایەتی حەلەب و لەوێ چوونەتە خوێندگەی جەنگ، لەم خوێندگەیەدا ماوەیەکی کورتی نۆ مانگی کۆرسێکی بینیوە و بە مولازیمی دووەم بووەتە ئەفسەر و دامەزراوە و گوێزراوەتە ناو کەرتە سەربازییەکانەوە. لە سەردەمی سەربازییدا، کە لە (١٨ / کانوونی یەکەمی / ١٣٣٢)ی ڕۆمیدا[٥] لە (گوێزتەپە)دا بریندار بووە و لە تیپی پێنجەمەوە بە پاداشت میداڵیای جەنگیی قردێلە سووری وەرگرتووە. لە (١٠/ تشرینی دووەمی/ ١٣٣٤)دا[٦] لە سوپاوە ڕێ بەدەرچوونی دراوە.

شاعیرمان، ماوەیەك کە گەڕاوەتەوە عیراق، ئەگەرچی پایەی موتەسەڕیفی خراوەتە پێش، ڕەتی کردووەتەوە و ئەم و (نازم بەگی نەفتچی)[٧]، لەلایەن خەڵکەوە بە (مەبعووث – نوێنەر یان نێرراو) دانراون و نێردراونەتە ئەستەمبوڵ. دوای دامەزرانی کۆماری تورکیا ئەو نێرراوانەی لە بنەچەدا تورکی دەرەوەی تورکیا بوون ڕێ نەدران بچنە ئەنجوومەنی باڵای میللەتەوە. بەو سامان و داهاتەی پێیان بەخشراوە دەستیان بە گوزەران کردووە. پێ بەخشراوەکان ئەمانەن.. دوو ساختمانی ناوچەی (سرە سەرویلەر)و (سەمتی حەربییە) و کۆشکێك لە (باغلار باشی)دا و سێ دووکانیش لە بازاڕی (وەزنەجیلەر)ی ئەستەمبۆڵ.

ڕاسخێك کە ڕۆژانی دواییی ژیانی لە ئەستەمبوڵدا بەسەر بردووە، ماوەیەك لە پەیمانگەی شاردا لەسەر کورسیی (موکریمین خەلیل)دا بووەتە مامۆستا و وانەی مێژووی وتووەتەوە و لە (١٩٢٥)ەوە بووەتە ئەندامی ڕێکخراوەکانی (تورك ئوجاغی – یانەی تورك).

ڕاسخ، کە لە ئەستەمبوڵ بووە، لەگەڵ گەلێك شاعیر و ئەدیبدا ناسیاریی پەیدا کردووە و دۆستایەتییەکی بەتینی لەگەڵیاندا بەستووە، وەك عومەر

ئوێزتورکمەنی کوڕی بۆمانی ڕوون کردووەتەوە، عەبدولحەق حامید، خەلیل نیهاد، بۆزتەپە، ئۆرخان سەیفی، عەلی نیهاد تەرلان و موکریمین خەلیل، لە دۆستە نزیکەکانی بوونە.

لەلایەکی ترەوە، سلێمان نەزیف و ئیبنولئەمین مەحموود کەمال لە نزیکەوە پێوەندیی چاکیان بەشاعیرەوە بووە. ئیبنولئەمینی نووسەری مەزنی تورك، کە لە ڕێی سلێمان نەزیفەوە ناسیویەتی دەڵێ: زاوای شێخ ڕەزا محەمەد ڕاسخ بەگ، ئەگەرچی هۆنراوە تورکییەکانی کەم و ناخۆشن، فارسییەکانی جوانن، شیعرێکی فارسیی زۆری لەبەر بوو، زاتێکی بەنرخ و بەڕەوشت بوو...»[٨].

هێشتا شەڕی یەکەمی جیهانی دەستی پێ نەکردبوو، لەو دەمەدا کە لە کەرکووك بووە، وا دیارە پایەیەکی ئەدەبیی هەبووە، ئەمە لەو پەسندنامانەوە تێدەگەین کە لە کاتی خۆیدا بۆ چەند کتێبێکی چاپکراوی نووسیوەتەوە[٩].

جگە لە زمانی زگماکی تورکیی خۆی، عەرەبی، فارسی، فرەنسایی بە تەواوی دەزانی و تەنانەت بە فارسی چەند شیعرێکی ورشەداریشی نووسیوەتەوە.

لە ڕۆژنامەی (حەوادیس – حوادث)ی تورکیدا کە (١٣٢٨)ی ڕۆمی[١٠] لە کەرکووك دەستی بەبڵاوبوونەوە کردووە، شیعری هەمەجۆری بڵاو کردووەتەوە. لە ئەستەمبوڵ، شیعر و نووسینەکانی بەردەوام لە کۆواری (ئەبەدی ئابیدەلەر) و (تورك یوردی)دا بڵاو کردووەتەوە...[١١] ئەو دیوانەی کە لە شیعری هەڵبژاردەی هەشتا و پێنج لاپەڕەیی پێکهاتووە، هێشتا لە چاپ نەدراوە.

ئەم شاعیرە، حەوت ساڵی دوایی ژیانی، بە هەناسە تەنگی بەسەر بردووە، دوایش دووچاری نەخۆشیی دیق (سیل) بووە و لە مانگی

شەعبانی ساڵی (١٣٥٥)ی کۆچی، (١٩٣٦)ی زاین لەوماڵەیدا مردووە کە لە گەڕەکی حەربییە (حەربییە سەمتی)دا بووە. لە گۆڕستانی (ئەدرنە قاپو مەزارلیغی – گۆڕستانی دەرگای ئەدرنە)دا نێژراوە[١٢].

بەبۆنەی مردنییەوە محەمەد سادقی کۆنە دۆستی، شیعرێکی لاواندنەوەی بۆ وتووە کە لە سەرەتایدا دەڵێ:

کمال أربابی بر بر گوچدی هپ أهل وفا گیتدی
حریم ملته بیگانه گیردی اشنا گیتدی[١٣]

بەم دێڕەی خوارەوەش کۆتایی پێ هێناوە کە تێیدا مێژووی کۆچی دوایی ڕاسخی تۆمار کردووە و دەڵێ:

صورنجه جوهر تاریخی صادق ألف اهمله
دیدم ڕاسخ گبی بر شاعر معجز أدا گیتدی[١٤]

خوا لێخۆشبوو، لە شەش منداڵ، تەنیا (عومەر ئوێزتورکمەن)ی کوڕی ماوە و لە ژیاندایە[١٥].

***

جگە لەو زانیارییانەی مامۆستای گەورە (تەرزی باشی) تۆماری کردوون، دەڵێم لەناو بنەماڵەی شاعیردا (کە خاڵۆی دایکمە – وەرگێڕ) وا بەناوبانگە کە (خالیدین)، واتە، لەنەوەی (خالیدی کوڕی وەلید)ن!. کەچی ئەوەی من بیستوومە ئەوەیە کە (خالیدی کوڕی وەلید) نەوەی نەماوە.... لە کەسانی نزیك و باوەڕپێکراویم بیستووە، دوو دەفتەری شیعری کوردیی بووە و لەناوچووە، تەنیا ئەم شیعرەی خوارەوەی نەبێ کە وەك دیارە هەر بە ناونیشانی (شیعری کوردی)یەوە بڵاو کراوەتەوە و... ئەوا دیسانەوە دەیخەمە پێش چاوی خوێنەران:

قسسەی وەتـــەنم بۆ مـــەکـــە ئـــەو قسسەیـــە جـیـــایـــە
ئـــیـــمـــڕۆ ئـــەوە سەربـــاسی کـــەلامـــی ئـــودەبـــایـــە

مـەکـتـەب کـە دەڵـێن جـێی ئـەدەب و فـەزڵ و کـەمـالـە
بـۆ عـیـلـلـەتی ئـەجسامـی وەتـەن عـەیـنـی شیـفـایـە

ئـەی دوشمـنـی عـیـلـم و ئـەدەب ئـەم هـاتـنـەکـەی تـۆ
هـــەر بۆ خـــەو و بۆ خـــواردنـــە ئـــایـــا لـــە تـــۆ وایـــە

عـالـەم هـەمـوو سەرمـەستـی کـەمـالات و ئـەدەب بـوو
تـــێفـــکـــرە، بـــنـــۆڕە لـــە هـــەمـــوو لا چـــە هـــەرایـــە

مـــەشغـــوولـــی سەنـــایـــیـــع هـــەمـــوو ئـــاسن دەفـــڕێـــنـــن
مـــەحـــروومـــی فـــەزای وەکـــو حـــەیـــوانـــی چـــیـــایـــە

ئـەو جـێ کـە مـەعـاریـف نـەبـوو، سنـعـەت نـەبـوو تێدا
بـــازیـــچـــەیـــی ئـــەفـــکـــاری سنـــووفـــی جـــوهـــەلایـــە!

ئـــەو سنـــعـــەتـــە، ئـــەو شوهـــرەتـــە خـــاڵـــی لـــە ئـــەدەب بـــێ
بـــێ لـــەززەت و بـــێ نـــەشئـــەیـــە، مـــەحـــکـــوومـــی فـــەنـــایـــە

بـۆ ئـەهـلـی ئـەدەب وەك دەدەی ئـەم نـەوعـە نـەسایـح
لای بـێ ئـەدەبـیش وەعـز و نـەسیـحـەت وەکـو بـایـە

ئـەو وەخـتـە کـە ئـەم شیـعـرە، وتم، بـێ هـەوەسم وت
قـــەسسەم دەخـۆم بـەو زاتـە کـە مـاڵـی لـە بـەغـدایـە

زوو بـــيـــبـــڕه ئـــه‌م قسسه‌یـــه‌ ڕاسخ قـــه‌ڵـــه‌مـــی تـــۆ
زۆر بێ هه‌وه‌س و بێ فه‌ڕ و بێ شه‌رم و حه‌یایه‌..[١٦]

پەراوێزەکان

١- مامۆستا عه‌تا ته‌رزی باشی، ئه‌و مێژووانه‌ی به‌و جۆره‌ تۆمار کردووه‌، (١٣٠٥)ی ڕۆمی، وه‌ك له‌ وتاره‌که‌دا ده‌رده‌که‌وێ، مێژووی له‌دایکبوونی شاعیره‌، که‌ ده‌کاته‌ (١٨٨٩)ی.ز، (١٩٠٦)ی زاینیش مێژووی کۆچی دواییه‌تی.. (وه‌رگێڕ)

٢- محه‌مه‌د صادق - (١/ته‌مووزی/١٩٦٧)، کۆچی دوایی کردووه‌، ده‌ستنووسه‌کانی کتێبه‌که‌م پێشتر ئاماده‌ کرابوو (ته‌رزی باشی) محه‌مه‌د سادق - مه‌لا سادق - کوڕی (حه‌سه‌ن)ه‌. له‌ گه‌ڕه‌کی (به‌گله‌ر)ی که‌رکووکدا له‌ دایك بووه‌.. له‌ سێ دێری شیعرێکیدا ده‌ڵێ:

بابامز إسمی (حسن) صاحب أدب
دینـی إسلام کندیسی عالی نسـب
.....
بابامــز (تورك) انه‌مز کرکوکلی در
أصلمر فضــل و شـــرفله یوکلی در
کــرکـــوك أولدی مسقط رأسـم بنم
دونــدی زندانه بــو یوزدن مسکنم

واته‌: باوکم ناوی (حه‌سه‌ن)ه‌ و خاوه‌نی ئه‌ده‌ب و ئاینی ئیسلام و سه‌ر به‌ بنه‌ماڵه‌یه‌کی به‌رز بووه‌... باوکم (تورك) و دایکم (که‌رکووکی..؟!) بووه‌ و ڕه‌سه‌نمان خاوه‌نی به‌رزی و چاکه‌ و ئابڕووه‌.... زێدم بووه‌ته‌ (که‌رکووك)و به‌مجۆره‌، خانه‌م بووه‌ته‌ زیندان.

بڕوانه‌: محمد صادق - کۆمه‌ڵه‌ شیعری - (دوشونجه‌لرم) - به‌ تورکی - چاپخانه‌ی (المعرفة)، (١٩٥٦ - ل/ ٩١ - ٩٢).

ئه‌م (محه‌مه‌د سادق)ه‌ (١٨٩١ - ١٩٦٧)ی.ز، له‌ که‌رکووکدا و له‌ گه‌ڕه‌کی (به‌گله‌ر)دا هاتووه‌ته‌ دنیا و.. وه‌ك خۆی ده‌ڵێ به‌چوار زمان (تورکی و کوردی و فارسی و عه‌ره‌بی) شیعری وتووه‌ که‌ له‌ دێرێکی هه‌ر ئه‌و شیعره‌ی له‌سه‌ره‌وه‌ ئاماژه‌مان بۆ کرد، ده‌ڵێ:

صادق ادلـی گـوکـلـی شن بـر شاعـرم
درت لسانــده نــظــم و نــپــره مــاهــرم

واته: شاعیرێکی دڵ شەن و شاد و (سادق) ناوم، لە هۆنینەوە و پەخشاندا بە چوار زمان توانا و بەهرەدارم.

هەروەها لە وتوویژێکدا کە لەگەڵ شاعیردا کراوە دەڵێ: بە زمانی فارسی و تورکی و کوردی و عەرەبی شیعرم وتووە.... دیسانەوە دەڵێ: لە شاعیرە کوردەکان (نالی و مستەفا بەگم بەدڵە..) بڕوانە: وتوویژێك لەگەڵ شاعیری مەزنمان محەمەد سادق (بە تورکی).. ئامادەکردنی: شاکر سابیر زراعەتچی.. ل / ٥١٧ – ژمارە / ٥٣ی ساڵی حەوتەم. ١٩٦٧ی کۆواری (قارداشلق) لە وتارێکی (ئەرشەد هرمزی)دا کە بەناونیشانی (محەمەد سادق بەپێی هەڵبەستی خۆی – بەتورکی – کندی شیعریلە محەمەد سادق)دا بۆمان دەردەکەوێ کە بە کوردییش هەڵبەستی هەیە.. (بڕوانە: ل / ٢٤ی ژمارەی تایبەت بە محەمەد سادق –ی بویێژ) – کۆواری (قارداشلق) ژمارە (٥)ی ئەیلوولی ساڵی حەوتەم – (١٩٦٧) شتێکی ئاساییە کە ئەم شاعیرە بە ڕەسەن تورك بێت و بە کوردی شیعری وتبێ ئەمەش لەوەوە هاتووە، کە شاعیر لە کەرکووکدا لە دایك بووە و ژیاوە و تێکەڵ بە کورد و ڕۆشنبیریی کوردیش بووە لە کەرکووکدا. (وەرگێڕ)

٣– بەسەرهاتی (بەکر ئەفەندیی کەرکووکی) لە سەرەتای ئەم بەرگەی کتێبەکەماندا تۆمار کراوە (تەرزی باشی)، واتە ل / ٤ – ٢٣ –ی کرکوك شاعرلری – ب / ٢,,. (وەرگێڕ).

٤– مێژووی (ڕۆژی) لەدایکبوونی لە بەڵگەی بڕوانامەی عەسکەریدا هەر بەمجۆرە نووسراوە، بێ ئەوەی دەستنیشانی ئەوە بکرێ ڕۆمییە یان کۆچییە... (ترزی باشی).

٥– دەکاتە (٣٠ /ی ك ١ / ١٩١٦ی.ز). (وەرگێڕ).

٦– دەکاتە (٢٢ /ی ت ١ / ١٩١٨ی.ز). (وەرگێڕ).

٧– نازم بەگی کوڕی حسێن بەگی نەفتچییە، لە کەرکووکدا لە دایك بووە و هەر لەم شارەدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی (بابا فەتحی)ی گەڕەکی (بەگلەر)دا نێژراوە کە گۆڕستانی ئەم بنەماڵەیەیە.. بنەماڵەی نەفتچی گەورەترین بنەماڵەی کەرکووك بووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم بنەماڵەیە بە تورکمان ناسراون، قسەیەکی زۆر هەیە کە سەر بە عەشیرەتی زەنگنەن... یەك لەو قسانەی ئەوە دەسەلمێنن کە

کوردن، ئەو قسەیەی (فەتحی بەگ)ە کە سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی گەورەی تورك بووە و لە کۆنگرەی (قوستەنتینییەدا) سەرۆکی وەفدی تورك بووە کە لەگەڵ بەریتانیا، بۆیەکلاکردنەوەی کێشەی ویلایەتی مووسڵ بەستراوە و لە دانیشتنی ڕۆژی (١٩ -ی مایسی ١٩٢٤)دا و لەسەر داواکردنی (سر پێرسی کۆکس)ی سەرۆکی وەفدی بەریتانیا، فەتحی بەگ ناوی ئەو نێرراوانەی وتووە کە کوردن و خەڵکی ویلایەتی مووسڵن و لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی گەورەی تورکدا ئەندامن، لەناو ئەو ناوانەدا ناوی (نازم بەگی نەفتچی زادط)شی وتووە. بڕوانە: الدکتور فاضل حسین - مشکلة الموصل - مطبعة الرابطه - بغداد - ١٩٥٥ - ل/ ٤٢ - ٤٣.

ناوی (نەفتچی) لەوەوە هاتووە کە ئەم بنەماڵەیە، هەر لە کۆنەوە لەو کانگای نەوتانە سوودیان بینیوە کە لەناو زەویی خۆیاندا بووە و دەوڵەتی عوسمانیش لە ساڵانی (١٠٤٩)ی کۆچی (١٦٣٩ - ١٦٤٠ی زاین)و (١١٩٦)ی کۆچی (١٧٨١ - ١٧٨٢ی زاین)دا فەرمانی ڕێدانی سوود لە نەوت وەرگرتنی بۆ ئەم بنەماڵەیە دەرکردووە و تێیدا روون کراوەتەوە کە کەسی تر ئەم مافەی نییە.

بڕوانە: شاکر صابر ضابط - کرکوکدە اجتماعی حیات (بە تورکی) - چاپخانەی (زمان) - بەغدا - ل / ٩٢ - ٩٣. کە ئەمیش لە کتێبی (عثمانلی دورندە ترکیا معدنلری - ٩٦٧ - ١٢٠٠ - دولت مطبعەسی - استامبول - ١٩٣١)ی وەرگرتووە.

وەرگێڕ

٨- صوك عصر تورك شاعرلری، ص ١٤٩٩ . (ترزی باشی).

٩- دەمەوێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە لەو دەمانەدا، پەسنێکی هۆنراوەی بۆ کتێبی (آثار حسن)ی (حەسەن حوسنی)ی تکریتیزادە نووسیوە. (ترزی باشی).

١٠- (١٣٢٨)ی ڕۆمی - دەکاتە (١٩١٢- ١٩١٣)ی زاین (وەرگێڕ).

١١- لەمانە، ئەو شیعرانەی کە لە ژمارەی (١٤ی تەمووزی ١٣٢٨ و ٢٨ی تەمووزی ١٣٢٨ و ٤ /ی ئەغستۆسی ١٣٢٨)ی ڕۆژنامەی ناوبراودا بڵاو کراونەتەوە، لە دیوانەکەیدا بەرچاو ناکەون.

١٢- ئیبنولئەمین، لە لاپەڕە (١٤٩٩)ی کتێبی ناوبراویدا، مێژووی کۆچی دوایی بەڕاستی تۆمار کردووە، بەڕێز ئەنوەر یەعقووب ئۆغلۆ، لە وتاری باسکراودا

کۆچی دوایی شاعیری بە (١٩٣٧) تۆمار کردووە. (ترزی باشی).

١٣- واتە: خاوەن هونەر و پێگەیشتووان، یەکە یەکە کۆچیان کرد و هەموو خاوەن وەفاکان ڕۆیشتن.... ئاشنا ڕۆیی و بێگانە هاتە ناو حەرەمی میللەتەوە. (وەرگێڕ).

١٤- واتە: کە سادق بە هەزار هەناسەی ساردەوە، لە مێژووی گەوهەرداری پرسی، وتم : شاعیرێکی زمانپاراوی سەراسای وەك ڕاسخ ڕۆیی (وەرگێڕ).

١٥- تا ئێرە، دەقەکەی مامۆستا (عەتا تەرزی باشی)یە کە لە ل / ٢٠١ - ٢٢٥ی ب / ٢ی کتێبی (کرکوك شاعرلری)دا بڵاو کراوەتەوە. (چاپخانەی - جمهوریت - کەرکووك - ١٩٦٨). لێرەش بەدواوە هەندێك نموونەی شیعری تورکی و فارسیی داناوە کە لێرەدا بە پێویستم نەزانی بڵاویان بکەمەوە. (وەرگێڕ).

١٦- ئەم شیعرە بەناوی (م. ڕاسخ)ەوە، لە ل / ٣ی ڕۆژنامەی (ژیانەوە)ی ژمارە (٢٥)ی پێنجشەمەی (٧ / ی شەوالی ١٣٤٣ - ٣٠ /ی نیسانی ١٩٢٥)دا بڵاو کراوەتەوە.

وەرگێڕ

# عەبدوڵڵا جەودەت



لە تورکییەوە

کراوەتە کوردی و ئامادە کراوە

عەبدوڵڵا جەودەت (نۆژدار) – لە (٩)ی ئەیلوولی (١٨٦٩)ی زاینی، لە (عەرەبگیر)دا لەدایك بووە.. کوڕی عومەر ئەفەندیی (کاتب) نووسەری تابوورە، بنەماڵەیان، قازی و ئیمام (پێشنوێژ) و خواجە (مامۆستا) و حاجی و زانا و خواپەرستی سەرڕاست و هەندێکی زۆر دەمارگیر و داوونەریت پەرستی بەخۆوە گرتووە. لە لای باوکی دەستی بە خوێندن کردووە، لەلای مامیشی کە پێشنوێژی گەڕەك بووە، لە قوتابخانەی گەڕەکدا خوێندوویەتی. لەبەرئەوەی باوکی لەگەڵ تابووری سەربازیدا، لە (ئەلعەزیز – ئەلآزگ)دا نیشتەجێ بووە، لەوێ لە قوتابخانەی (ڕوشدییە)ی سەربازیدا خوێندوویەتی... دوای وەرگرتنی بڕوانامە، چووەتە ئەستەمبوڵ و، لەبەرئەوەی داواکارییەکەی درەنگ داوە، لە (موهەندیسخانەی

موڵکی)دا وەرنەگیراوە و لە قوتابخانەی (نوژداریی موڵکی)دا ناونووس کراوە، کەچی لەبەر دەوام نەکردنی مامۆستایانەوە، ئەوێشی جێ هێشتووە و چووەتە قوتابخانەی (ئامادەیی نوژداریی سەربازی و دوای سێ ساڵ چووەتە نۆژداریی سەربازی، دوای شەش ساڵ بە نۆژداریی یوزباشی بڕوانامەی وەرگرتووە.

دوای ساڵ و نیویێك لە دامەزرانیەوە، لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیددا گیراوە و لە بەندیخانەدا توند کراوە، دواتر بە نۆژداری دوور خراوەتەوە بۆ (تەرابولس)، ساڵ و نیوێکیش لەوێدا مووچەخۆریی (نوژداریی چاو)ی کردووە. دوای ئەوە، کە خەریك بووە بیگرن، هەڵهاتووەو چووەتە (توونس)و لەوێشەوە بۆ (پاریس)و (جنێڤ)،.. لەوێدا دەستی بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیەك کردووە، کە بەناوی (عوسمانلی)یەوە بووە و دژی سوڵتان عەبدولحەمید بووە.. پاش ماوەیەك ئاشت بووەتەوە و بووەتە نۆژداری باڵیۆزخانەی (ڤیەننا).. عەبدوڵلاجەودەت بە خۆی دەڵێ:

ئەم کارەم بە مەرجی ئازادکردن و لێخۆشبوونەوە، لە حەفتا و پێنج سیاسەتمەداری هەڵبژاردە و دڵدانەوەیان، کە لە تەرابولسدا بەند کرابوون و لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەم مەرجە لە لایەن سوڵتان عەبدولحەمیدەوە پەسند کرد...

سێ ساڵ لەو کارەدا ماوەتەوە، کەچی لەسەر ئەو نووسینانەیەوە کە دژی سوڵتان عەبدولحەمیدی نووسیون، لە کار خراوە و بە تاوانی بەشداریکردن لە (بڵاوکراوەی خائینان!)دا بە (غیابی) فەرمانی (بەندکردنی هەتا هەتایی ناو قەڵات)ی بەسەردا دراوە... ساڵی ١٩٠٤ لە (جنێڤ)دا دەستی بە بڵاوکردنەوەی کۆواری (ئیجتیهاد)ی بە ناوبانگ کردووە، کە لە دوایدا لە (میسر)دا درێژەی بە بڵاوکردنەوەی داوە،....

هاوکاتیش نۆژداریێتیی (چاو)یشی هەر کردووە.

دوای کودەتای مەشرووتییەت، لە (١٩١٠)دا گەڕاوەتەوە ئەستەمبوڵ، چاپخانە و دەزگای (ئیجتیهاد)ی لێرەشدا دامەزراندووەتەوە و کۆوارەکەشی بە چالاکی و دڵسۆزییەوە، تا مردن بڵاو کردووەتەوە.. لە سەردەمی (ئاگربڕ)دا بووەتە بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی... هەروەها بووەتە ئەندامی کۆمەڵەی (إتحاد وترقی – یەکگرتن و پێشکەوتن)ی کوردی... هەندێك لە نووسەرە (تورك)ەکان وا

دیارە هەر لەسەر ئەمە و بیر و باوەڕی تر، ڕقیان لێی بووەتەوە.

(ئیبراهیم عەلائەدین)، لە کتێبی (پیاوە ناودارەکان)یدا، کە باسی عەبدوڵڵا جەودەت دەکا.. دەڵێ:

"بە چوونە ناو کۆمەڵەی (ئینگلیزدۆستان)و کۆمەڵەی (إتحاد و ترقی)ی کوردەوە، کەوتووەتە ناو ئەم جۆرە هەڵە میللی و ڕامیارییانەوە کە، دواتر.. تا مردن لەبەر ئەم هەڵسوکەوتانەیەوە، پەشیمانیی دەربڕیوە."...!!

(ئینالْ)یش لە کتێبی (صوك عصر تورك شاعرلری)دا، لە باسی ئەوەی کە عەبدوڵڵاجەودەت بە خۆی دەڵێ: (لە بنەماڵەیاندا... هەندێکی زۆر "متعصب" هەبووە).. پەلاری ئەوەی لێ دەدا و دەڵێ: (کوڕیش وەکوو باوك وایە)و هەروەها دوو دێرە شیعری تورکیی عەبدوڵڵا جەودەتی هێناوەتەوە کە دەڵێ:

بهارسز بیر ییله بکـــزەدی عـمرم

قورودی یاپراقلار، یاندی چیچکلر

گلمە خـــاگـرمە، گیرمە رۆیامـــە

جهنم بـــاغندە، گـزمـــز مـــلکلر..

واتە: تەمەنم لە ساڵێکی بێ بەهار دەچێ، گەڵا وشکەوە بوو، گولیلکەکان

سووتان، بە بیرمدا مەیێ، مەچۆرە خەونمەوە، پەری لە (باخی دۆزەخدا) ناگەڕێن..

(ئینال) توانجێك لەو (باخی دۆزەخە) داوە و نووسیویەتی: (هذا هو الحق – واتە – ڕاستییەکە ئەمەیە)... واتە دەیەوێ پێی بڵێ.. خەون و بیرت بە ڕاستی (باخی دۆزەخ)ە.

دوای ژیانێکی پڕ لە هەراوهوریاو گیران و دوور خران و هەڵاتن... لە (٢٨)ی کانوونی یەکەمی (١٩٣٢)دا، عەبدوڵڵا جەودەت چاوی لێکنایەوە و کۆچی دوایی کرد... تەنانەت لە ناشتنیشیدا و لەسەر تەرمەکەیدا دەمەقاڵێ و بگرە و بەردەیەکی زۆر ڕووی داوە.

عەبدوڵڵا جەودەت، پێنج کۆمەڵە شیعری بە تورکی بڵاو کردووەتەوە.. هەروەها بیست کتێبی لە زمانانی ترەوە کردووە بە تورکی و چەند کۆمەڵە شیعرێکیشی بە زمانی فەرەنسی داناوە و بڵاو کردووەتەوە.

کە کۆواری (ڕۆژی کورد) لە ئەستەمبۆڵ دەرچووە، عەبدوڵڵا جەودەت لە دوو ژمارەی (١ و ٢)یدا دوو وتاری بە تورکی تێدا بڵاو کردووەتەوە، دیارە لە ڕۆژانی لایەنگریی کۆمەڵەی (إتحاد و ترقی)ی کوردیدا بووە.. بە چاکم زانی هەردوو وتارەکە بکەمە کوردی و بیانخەمە پێش چاوی خوێندەوارانەوە:

سەرچاوەکان:

١ – محمد أمين زكي – مشاهير الكورد وكوردستان في الدور الأسلامي – الجزء الثاني – ترجمة كريمة المولف – راجعة ونقحة واخاف إليه الاستاژذ: محمد علي عوني – مطبعة السعادة – بجوار محافظة مصر – ١٩٤٧. ص / ٤٦ – ٤٧.ز

2- Sayit Karaalioglu - Türk Edebiyatı Tarihi - c.2- Inkilap ve Aka

Kitabevleri - Koll, Sti- Ankara Caddesi- NO- 95- Istanbul. s.701-704.
3- Inal (ibnülemin Mahmud Kemal)- Son Asır Türk S airleri- Milli Egitim Basimevi C.1 _ S. 244-247.
4- Ibrahim Alaettin- Meshur Adamlar _ çikaran Sedat Simavi - Istanbul - 1933-1935. c.1.s.10.

## چەند نموونەیەك لە نووسینەكانی

### پەیامێك

گەر بە پێنووس بێ، ئەگەر بە كردەوە بێ، هیچ بەرهەمێكی گەورە لە دنیادا نییە بەبێ یاریدەی زات و ئازایەتییەكی گەورە نەهاتبێتە بەرهەم. ئەمە بیرێكی بنەڕەتییە و بە جەخت لەسەركردنەوە دەینێمە بەردەمی لاوانی كوردەوە.

ئێمە لە سەردەمێكداین میللەتانی تێدا دەستنیشان و بەرجەستە دەبێ، كەسێك

خاوەنی كەسایەتییەكی دیارو تایبەتی نەبێ، وەك ئەوەی بایەخێكی كۆمەڵایەتیی نابێ، هەروەها میللەتێك خاوەنی كەسایەتیی خۆی نەبێ، لە گەلە ئاژەڵێكی «بێ ناو»ی بە زمان دوو پتر نابێ.

لەلای كەساندا توانای لەبەركردن هەر چۆنێك بێت، مێژووش بۆ میللەتان هەر ئەوەیە. ژیانی مرۆڤانە، تەنانەت ژیانی ئاژەڵانەش، بە دەستهێنانی بەردەوامی سامانی گەنجینەی لەبەركردن و پاراستن دەستنیشان دەكرێ.

ئەو مرۆڤەی دووچاری نەخۆشیی لە بیركردنەوەی تەواو دەبێ، جگە لە رووەكێكی ناو باخچەكانمان و، لە چیاكاندا لەو دارانە هیچی ترنین كە گەڵا سەوزەكانیان بەو لایەدا لار دەكەنەوە كە بای لێوە هەڵدەكا.

میللەتێك مێژوویەكی ڕێكوپێك و تەواوی نەبێ، ئەو میللەتە وەك ئەوەی هیچ نەژیا بێ وەهایە.

كورد مێژوویان هەیە؟ بە یەك (شەرەفنامە)وە میللەتێك ئابڕوو و سەربەرزیی مێژوو و مێژووی ئابڕوو و سەربەرزیی بەكار نابات و ناپارێزێ.

ئەم سەردەمەی تێیدا دەژین، گاڵتە نییە، سەدەی بیستەمە، ئەو میللەتەی خاوەنی مێژووی ڕابردوو و مێژووی داهاتوو و دواڕۆژی خۆی نەبێ خاونی خۆی نییە. ئەو میللەت و ئەو كەسانەی خۆیان خاوەنی خۆیان نەبن. دیل دەبن و، دەبنە هی خەڵكی تر.

گوتم مێژووی دواڕۆژی خۆی، ئەم جۆرە دەربڕینە نامۆیە، لەوانەیە زۆربەی

خوێندەواران سەرسام بكا. بەڵێ میللەتان پتر لە مێژووی ڕابردوویان دەبێ، گەلێ پتر خاوەنی مێژووی دواڕۆژی خۆیان بن. ڕاستتر میللەتان دەبێ خاوەنی مێژووی ڕابردوویان بن و موڵكی داهاتوو و دواڕۆژ بن. مێژووی دواڕۆژی میللەتێك، ئامانج و ئاواتی ئەو میللەتەیە.

ئەو بیرە بنەڕەتییەی پێشتر باسم لێوە كرد، ئا ئەم ئامانج و ئاواتەیە.

دەسا وەرن، با هەموو پێكەوە دان بەوەدا بنێین كە كورد خاوەنی كتێبێكی مێژوویی شایانی ئەم سەردەمە نییە. دوایی، ئایا كورد خاوەنی ئامانج و ئاواتێكە؟ ئەگەر خاوەنیشی بێت با لێی وردبینەوە.

یەك لە زانا گەورەكان دەیوت: هیچ لەوە ئاسانتر نییە كە بزانین میللەتێك لە داهاتوودا دەبێتە چی:

ئەوە تێبگەن كە لە دواڕۆژدا دەتانەوێ ببن بەچی، ئەوە دەبێ چی بێ؟ لەم بارەدا بۆ هەڵدانەوەی پەردە لەسەر دواڕۆی میللەتان مەبەست، نە پێویست بەوە دەكا ببن بە وەلی، نەپێویست بەوە دەكا ببن بە شێت.

دەمەوێ لە لاوانی کورد بپرسم و تێبگەم. دەیانەوێ ببن بە چی؟

یانیش، ئایا لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا، نایانەوێ ببن بە چی... بە ئەندامێك؟

ئەندامێك، بەڵام چۆن ئەندامێك؟ ئەندامێکی سیس و سیسکەرەوە، یان ئەندامێکی تازە بووەوە و تازەکەرەوە، ئەندامێکی زیندوو و زیندووکەرەوە؟

دەبێ وەڵامی ئەم پرسیارەم ڕاستەوخۆ زەق و بە شێوەیەکی براوە بدرێتەوە. ئەوسا ڕێنوێنی ئاسانە.

یەکەم: ڕێژەی خوێنەر و نووسەر دەبێ بەلایەنی کەمەوە بگەیەنرێتە لە سەدا چل.

دووەم: ئەو پەڕەکەی لەماوەی مانگێکدا ئەو پیتانە پەسند بکرێت و ببرێتەوە کە منداڵێکی حەوت هەشتساڵان پێی بخوێنێت و پێی بنووسێ و کە دەیانخوێنێتەوە بەڕاستیان بخوێنێتەوە و ئەو پیتانە تا ئێستا بەکاربراوە بخرێنە لاوەو دەستی لێ هەڵبگیرێ..

ئیتر هەموو دۆزێکی تر لە پلەی دووەمی بایەخ پێداندا دەمێنێتەوە.

٣ی مایسی ١٩١٣

عەبدوڵڵا جەودەت (نۆژدار)

ل / ٣ – ٤ ڕۆژی کورد – ژ / ١ – ب / ١ – ١٤ / ڕەجەب / ١٣٣١

٦ / حزیران / ١٣٢٩

## ڕێگەی یەکگرتن

دۆستێکی خۆشەویست و بەڕێزم، کۆواری (ڕۆژی کورد)ی لەسەر مێزی نووسینمدا بینی و یەکسەر پرسی:

گوتی: ئەم کۆوارە چییە؟

گـوتم: ئـۆرگـانـی ″کـوردولـۆجـی″، واتـە هـۆیـەکـی بـڵاوکـردنـەوەی لێکۆڵینـەوەی کۆمـەڵایـەتیی ڕەسەنی کوردایەتییە.

بـرادەرەکـەم کـۆواری هـەڵـدایـەوە، کـە چـاوی بـە وتـارێکـی بـە کـوردی نووسراو کەوت پرسی:

کە بە تورکی نەبێ، بە کوردی بێ، واتە کۆوارێکی نێوان تێکدەرە و ″ ڕۆژی کورد″ی لەسەر مێزەکە دانا.

ئەمە ڕووداوێکە، بە لای منەوە شایانی تۆمارکردن و سەرنجدانە. بەم شێوەیە بڕیاردان، گشتی و ناشییانەیە، بەمە من زۆر زویرم. بەم فەلسەفە ساختـەیـە کـە تـەنـانـەت شتە تـایبـەتییـەکـانمان دەخـاتـە نـاو چـەمبـەری دەستەڵاتییەوە خەفەت دەخۆم و دەسووتێم.

تورکیا، دوای لەدەستدانی ئەورووپای عوسمانیش، دیسانەوە لە شێوەی ئـیـمـپـراتـۆرییـەتێکی مـەزندا مـاوەتـەوە کـە، لـە چـەندان ڕەگـەزی جیـاواز پێکهاتووە. ئومێدی یەکگرتنەوەی ئەم ڕەگەزانە و، یان هەر هیچ نەبێ لە یـەکـتـریـیـان نـزیك خستنـەوە، هێشتـا لـەنـاو نـەچـووە. هێشتـا کـار لـەکـار نـەتـرازاوە. مـن نـەك بـەنـاوی، یـان وەکـو تـورکـێك، کـوردێك، بـگـرە وەکـو هـاونیشتمـانییەکی ئازاد و ئەندێشە ئازادی تورکیا دەڵێم. کاریگەرترین چاری یەکگرتن لێك جیاکردنەوەیە. بێگومان ئەم بڕیارە وەکو شتێکی سەیـر دێتـە بـەرچـاو. واتـە لـە کـاتـێکدا کـە ڕاستـیـیـەکـی ڕووتـە، وەکـو داواکارییەکی درۆزنە و داواکارییەکی وێڵانە دێتە بەرچاو. با ڕوونی بـکـەمـەوە، خـوا بـۆ ئـەوەی مرۆڤ بکـاتـە کـۆمـەڵێکی یـەکگـرتـوو، جـودای کردوونەتەوە و، لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی [ئەوانم لە شێوەی تیرە و هۆز خوڵقاندووە، بۆ ئەوەی یەکتری بناسنەوە][1]. لەمەشەوە، بە ئاشکرا تێدەگەین کە تا لە نێو ڕەگەزە جیاوازەکاندا یەکتری ناسینـەوە هـەبێ، دەبێ مـەیدانێکی هـەڵسوکەوت و جێبەجێ کاری بۆ هـەر ڕەگەزە و بە ئارەزووی

سروشتیی خۆی و ڕەگەزی دابین بکرێ.

ئـەو ئـیـمـپـراتـۆریـیـەتـانـەی لـە ڕەگـەزی جۆرەوجۆر پێکهـاتـوون، ئـەو بۆچوونانەی ڕێی یەکگرتنی ئەم ڕەگەزانە، بە، بەکارهێنانی یەك زمان و یەك قانوون و یەك جۆرە هەڵسوکەوت دەبینێ، بۆچوونێکی پووچەڵە.

دوو ساڵ لەمەوبەر لە یانەی (إتحاد و ترقی – ئیتتیحاد و تەرەقی)ی (قـازی کـوێیـی)دا داوام لـێ کـرا، کـۆڕێك بـبـەسـتـم و لـێدوانـێك لـەبـارەی یەکخستنی ڕەگەزەکانەوە پێشکێش بکەم. من ئەوسا گوتبووم کە یەکگرتنی ڕەگەزەکان، بە یەکگرتنی بەرژەوەندییەکان پێك دێت. بەم وتەیە ڕێگەی پێکهێنانی یەکگرتنی ڕەگەزە جیاوازەکانی تورکیام پێشنیاز کرد.

گەر دوو زەلام بەتوندی پێکەوە ببەستنەوە، هەر ئەو تاکە گوریسە با ئەم دوو زەلامە بە توندی ببەستێت و شەتەك بدا. دوو زەلامی تریش لێیان گەڕێن با بە سەربەستی و بە ئارەزووی خۆیان جموجووڵی خۆیان بکەن... ئایا دوو زەلامەکەی توند بەیەکەوە بەستراونەتەوە و شەتەك دراون، ئایا ئەم دووانە پتر پێوەندی یەکترین، یان ئەو دووانەی ترە کە بە سەربەستی پێکەوەن؟ تەنانەت وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش هەرزەکارییە. سویسرا، لە بیست (کـانـتـۆن) پێکـهـاتـووە. هـەر کـانـتـۆنـێك لـەلایـەن بـەڕێوەبـەرایـەتـیی شارسـتـانـی و دادوەریـیـەوە بـە تـەواوی سەربـەخـۆن. دەڵـێم لـەلایـەن دادوەرییەوە، بۆ وێنە لە کانتۆنی (جنێڤ)دا، بکوژ لە دار نادرێن. واتە سزای خـنـکـانـدن نـیـیـە دە ساڵ لـەمـەوبـەر کـابـرایـەکی (لۆکـەنـی) نـاوی ئیتـاڵـیـایـی تـیـرۆریست لـە (جـنـێڤ)دا (ئیلیزابێت)ی شاژنـە ئیمپراتۆری نەمسای بە خەنجەرێکی بچووك کوشت. میریی (بێرن)ی مەڵبەندی گشتیی (سویسرا) بۆ پێشکیش کردنی چاکەیەك بۆ (نەمسا)، ئارەزووی خنکاندنی (لۆکەنی)ی کرد.

کەچی میریی (جنێڤ) لە وەڵامدا گوتی، تاوانەکە لەسەر خاکی میریی

(جنێڤ)دا ڕووی داوە، سزای تاوانبار بەپێی فەرمانی دادوەریی جنێڤ دەبێ، بەمجۆرە بێزی لە خنکاندنی تاوانباریش و دانەوەی تاوانبارەکەش بە میریی نەمسا کرد. سویسرایەك کە ئەوەندەی ویلایەتێکی ئێمەیە، بە دەربڕینێکی تر ئەو کۆمارە ورد وردانەی کە میریی (هوڵوەتیا) پێکدەهێنن بە گوێرەی ئەوەی سەربەخۆن و بەیەکەوە پەیوەست نین، ئا بەو ڕێژەیەش دڵسۆزانە تر بە پێوەندییەکی بەهێزتر بە یەکەوە گرێ دراون. سویسرا، لە لایەن ڕەگەزیشەوە لە سێ میللەت پێکهاتووە: فرەنسی و ئیتاڵی و ئەڵمان... تەنانەت لەلایەن ئاینیشەوە هاونیشتمانانی سویسرا یەك ئاینیان نییە. کە، (پرۆتستانت)و (کاتۆلیك) و (ئەرتۆدۆکس) و (فالوینیست)یشیان تێدایە.

لە ئەنجام و سایەی سەربەخۆیی بەڕێوەبەرایەتی و دادوەرییاندا، جیاوازیی ڕەگەز و ئاینی و هەریەك لەم وڵاتانە و ڕێوشوێنی گەلەکان، بێ گیروگرفت و کێشە ماوەتەوە.

بێگومان، کار بەدەستانمان لە تێگەیشتن و ڕێز لێگرتنی ئەم لایەنانە دواناکەون، کە سەردەممان سەردەمی میللەتانە و، تەنانەت بەهێزترین و تواناترین و توندترین میری و کیشوەر نەیانتوانیوە بەرەنگاری ئەم لایەنە بن و ناشتوانن.

ڕێ نەدان بە ئارەزووی سروشتی هیچ شتێك ناکرێ، ئەنجام هەر دەبێ ددان بەو ئارەزووانەدا بنرێ و گوێڕایەڵی ویستەکان بکرێ. یەکگرتنی ڕەگەزە جیاجیاکانمان دەوێ، دەبێ بتوانین ڕەگەزەکان لێك جیابکەینەوە. ئەم دۆزە، بەپێی سۆسیۆلۆجیا، جیاکردنەوە، واتەی لێکدابڕین ناگەیەنێ، پەندی پێشینان: «خوا برای بەبرا ئەفراندووە و کیسەی جیا ئەفراندووە» هەروەها دەڵێ:

کورد، دەیانەوێ زمان و مێژوویان تۆمار بکەن، کەسایەتیی نەتەوەیان

بەرە و پلەیەکی بەرزتر ببەن کە پتر هەستی پێ بکەن و پتر هەستی پێ بکرێ. من دڵنیام، میریی ڕووناکبیرمان بە چاوێکی گەشبینەوە ئەمە بە بەرچاوەوە دەگرێ. هاونیشتمانییە کوردەکانمان شان بەشانی هاونیشتمانییە ئەرمەنییەکانمان دەژین. لە گوندەکانی ئەرمەنییە هاونیشتمانییەکانماندا، (هاملت) و (ماکبت) و (ژۆل سیزار) و (شالیر)ی (شکسپیر) دەخوێنرێت. لە گوندە ئەرمەنییەکاندا پەنجا ساڵ لەمەوبەر ″ بەڵێ پەنجا ساڵ لەمەوبەر ″ کتێبەکانی (ئالفیەری) و (دانتی) و (مۆنتسیکیۆ) و (داروین) دەخوێندرایەوە و دەخوێنرێت کە بە زمانی ئەرمەنی لە شاری (وەنەدیك) و لە قوتابخانەی (مەکیناریست)ەکاندا پەرچڤە کراوە و هەر لە چاپخانە گەورەکەی ئەو دەزگا ئەرمەنییەدا چاپ کراوە.

ئایا بەرزبوونەوە و دیار بوون، بەمەندە چەکە نایەکسانانەوە، بەیەکداچوون و هاتنەگۆڕێ و مەیدان، کاریگەرانە... لەناو ئیمپراتۆرییەتەکەماندا ئاسانە؟

من دڵم پڕ لە ئومێدە و ئەوانەی نائومێدن بابێنە لای من:

″ هر گلن شاد گیدر غملی گلیر یانمزە″[٢]

واتە: هەر کەسە و دێت و بە شادی جێمان دەهێڵێ (دەڕواتەوە)، بە غەمبارییەوە دێتە لامان.

٧ی تەمووزی ١٩١٣

عەبدوڵڵا جەودەت (نۆژدار)

ل / ٨ و ٩ و ١٠

ڕۆژی کورد – ژ / ٢ – ب – ١٤ / شعبان / ١٣٣١

٦ / تەمووزی ١٣٢٩.

پەراوێز

١- ئایەتی پیرۆزی قورئان (وجعلناكم شعوبا وقبائل لتعارفوا)

٢- فزووڵی دەڵێ:

اكسيك اولماز غممز بونجه كه بزدن غم الوب

هــر گــلن غملی گيدر شـــاد گلير يــــــانمزه

واتە: غەممان لێ کەم نابێتەوە، کە ئەمەندە غەممان لێ وەرگیراوە هەر کەسە و دێتە لامان، بە شادی دێتە لامان و بەغەمباری دەگەڕێتەوە.

کۆواری ڕامان - ژمارە / ٢٣ی ئایاری ١٩٩٨

# نابی

شاعیرێکی کوردی – تورکینووس

١٦٤٢ – ١٧١٢ی. ز



پەند بەکار بێنە، چ خەوشی نییە کاتێك دێتەدوو
لێ هونەر هەر ئەوەیە، تۆ پەندێك جێ بێڵی لەدوو[١]

**وتەیەك:**

– یوسف (١٦٤٢ – ١٧١٢)ی ز یەکێکە لە وەستایانی ئەدەبیاتی دیوان، لە شاری ئورفە لەدایك بووە، لەشارەکەی خۆیدا خوێندوویەتی و عەرەبی و فارسی زۆر چاك فێر بووە و هێشتا زۆر گەنج بووە، بەشاعیرێکی بەرز ناسراوە. (١٦٦٥) کە لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا بووە، بۆ یەکەم جار چووەتە ئەستەمبۆڵ، کە لە سەردەمی سوڵتان محەمەدی چوارەم[٢] بووە. مستەفا پاشای موساحیب[٣] کە ڕێزی لە زیرەکی و زانستی دەگرت لە فەرمانگەی خۆیدا دایمەزراندووە و کردوویەتییە نووسەری دیوان (مەکتووبچی) – قسەیەکی تازە ناکەین ئەگەر بڵێین: هەموو نووسینێك لە

شێوە و ناوەڕۆك پێكدێ.. لێرەدا من مەبەستم لە شێوە، لایەنە هەرە بەبایەخەكەیەتی، ئەویش زمانە! نەك لایەنەكانی تری شێوە. واتە: (تەنیا باسی زمان و ناوەڕۆكی ئەدەبی – داهێنراو)م مەبەستە و بەس. ئالێرەوە، دەكرێ بڵێم: یەكەم و گرینگترین تایبەتمەندیی نەتەوەییی هەر بەرهەمێك، ئەو زمانەیە، كە پێی نووسراوە و هەر بەو زمانەش ناودەبرێ، كە ئەو بەرهەمە دەخرێتە سەر خەرمانی داهێنانی..

من خۆم لەگەڵ ئەم بۆچوونەدام، ئەگەرچی بیر و بۆچوونی نوێی ئەوتۆش لە ئارادایە، كە ناوەڕۆك بە گرینگتر دادەنێ!! لە بۆچوونێكی كۆسمۆپۆلیتییانەوە. كە دەڵێین ئەدەبی (داهێنراو)ی نەتەوەیی، واتە لە بەرهەمی ئەدەبیی تری – بۆ نموونە وەك وەرگێڕاو –ی جیادەكەینەوە، بۆ ئەوەی بەوە لێك نەدرێتەوە، كە جۆرەكانی تر پێیان ناكرێ خزمەتی نەتەوە بكەن. دیسانەوە بۆ نموونەی بەڵگەنەویست دەڵێین، ئەگەر بەرهەمی ئەدەبیی كوردی وەربگێڕرێتە سەر زمانێكی تر، پرۆپاگاندەیەكی چاكە بۆ ناساندنی بەرهەمی نەتەوەیی بەگەلانی تر و وەرگێڕانی بەرهەمی گەلانی تریش بۆ كوردی، دەوڵەمەندكردنی ڕۆشنبیریی كوردییە، بەڵام بەرهەمەكان لە ڕەسەندا، هەر ناوی ئەو نەتەوەیەی پێوە دەمێنێ، كە بە زمانەكەی بەرهەم هێنراوە، ئەم پێشەكییانە، ئەگەر دووبارەكردنەوەش بێت و نوێش نەبێت، من بە پێویستم زانی بۆ چوونە ناو باسی ئەم شاعیرە كوردەی، بە زمانی توركیی عوسمانیی نووسیوە و یەكێكە لە شاعیرە هەرە بەناوبانگ و تواناكانی ئەدەبیاتی عوسمانی كە (نابی)یە.

دەمەوێ بڵێم سەرەڕای ئەوەی ئەم شاعیرە، هەر هەموو ژیانی خۆی لە بەرهەمهێنانی شیعری توركیی عوسمانیدا خەرج كردووە و وەكو دواتر دەردەكەوێ كاریگەریی بەسەر زۆربەی كەڵەشاعیرانی توركەوە هەبووە و ئەو ئەدەبییاتەی دەوڵەمەند كردووە.. كەچی لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوە بە بەرچاووە ناگیرێ و با بەگەمەشەوە بێت، كەسی وا پەیدا دەبن

بەبێ منەت پێی بڵێن:

نـابـی یـی، نـابـی ایدەن حسن نظر
اورفـا کـوردنـدە ظـرافت نـەگـزر[٤]

واتە: ئەوەی (نابی)ی کردووەتە ئەو (نابی) یە، وردەکاری و بەرچاو ڕوونییەتی.

ئـەگـەرنـا نـاسکـی و ڕەوشتـبـەرزی و هـەڵسوکـەوتـی چـاك، کـەی لـەلای (کوردی ئورفە)دا دەست دەکەوێ؟!

ئەم دێرە شیعرە، لەلایەکەوە بەڵگەی (کورد) بوونی نابی و (کوردی شاری ئـورفـە) شی تـێدایـە، لـەلایـەکـی تریشەوە ئـاوەزکزی و بێویژدانیـی خـاوەنـی ئـەو دێرە شیـعـرە ڕادەگـەیـەنـێ، کـە لـەگـەڵ ئـەو هـەمـوو خزمـەتـە گەورەیە، بەو شێوەیە هەڵبسەنگێنرێ و بەو چاوەوە تەماشا بکرێ.

**کورتـەیەك لـەبـارەی ژیـانی (نـابی)یـەوە:**

نابی ماوەیەك هەر لە ڕێی ئەو پاشایەوە، بە فەرمانێك، کە لە سوڵتانەوە بۆ والیی میسر دەرکرابوو، چووەتە حەج، لە گەڕانەوەدا ساڵی ١٦٧٨ بووەتە کەتخودای[٥] پاشای ناوبراو، مستەفا پاشا کە پارێزگاری (بوغاز حیسار) بووە کۆچی دوایی کردووە، نابیش دوای مردنی ئەو، ساڵی ١٦٨٥ چووەتە حەلەب و بیست و پێنج ساڵی لێ ماوەتەوە و بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی لەوێ نووسیوە، کە محەمەد پاشای بەڵتەچی[٦] والیی حەڵەب بووە گەلێك چاکەی لەگەڵ نابی کردووە و.. کە بۆ دووەم جار بووەتە سەدر ئەعزەم ئەمیشی بۆ دووەم جار لەگەڵ خۆیدا بردووەتە ئەستەمبۆڵ، بەڵتەچی ئەوی بـە پلـەی خـاجـەگـان[٧] کـردووەتـە مـوحـاسەبـەچـیی ئـەنـادۆڵ، دوای دەمێك کردوویەتییە سەرموحاسەبەچی (سەرۆکی ژمێریاران).

نابی دوای دوو ساڵ لەم هاتنەی دووەم جاری بۆ ئەستەمبۆڵ، کۆچی دوایی کردووە، گوایە لە سەرەمەرگدا بەخۆی گوتوویەتی (نابی بە حضور

امد) واتە: ئەوا نابی هاتە بەر چاودێریی خوا، کە ڕستەکە بەژمارەی ئەبجەدی دەکاتە (١١٢٤ی کۆچی) و (١٧١٢ی. ز) کە ساڵی مردنیەتی و[٨] لە گۆڕستانی (قەرەجە ئەحمەد)ی ئویسکویداردا نێژراوە[٩].

محەمەد ئەمین زەکی دەڵێ:

نابی شاعیرێکی چاك و نووسەرێکی بە توانا بووە، لە هەرسێ زمانە ڕۆهەڵاتییەکاندا زمانپاراو و وەڵام ئامادە و خۆشگوزەران و برادەرپەروەر بووە و لووتبەرزیی نەبووە و لە ژیانیدا گەیشتووەتە پتر لە نەوەد ساڵی تەمەن و نووسراوە بەناوبانگەکانیشی، بە تورکی برێتین لە (پەڕاوێز بۆ سەیرۆسی و غەزانامەی قەمانچە و توحفەتولحەرەمەین و خەیرییە، خەبەرئابادی مونشەئات و دیوانی نابی[١٠].

هەروەها دەڵێ: لە کتێبی (اوراق پریشان – لاپەڕە پەڕاگەندەکان)دا کە نامیق کەمال –ی شاعیری بەناوبانگی عوسمانی نووسەری ئەو کتێبەیە[١١] دەڵێ: نابی و نەفعی دوو شاعیری ناوداری عوسمانی، هەردووکیان کوردن.

**کەسایەتیی ئەدەبیی نابی**:

نابی ئەوەندەی شاعیرێکی فێرکاری گەورەیە، ئەوەندەش کۆمەڵخوازێکی زۆر بەتوانایە، لە شیعردا پەندی پێشینان بە پێودانگێکی فراوان بەکاردەهێنێ و سوودیان لێ وەردەگرێ، خەڵکی ئەو سەردەمە نووچ خواردووەی کۆمەڵگەی عوسمانی، لەناو بەدڕەوشتی و نزمی و ناڕێکی و ئاژاوەدا سەری لێ شێواوە.. شیعری ئەم شاعیرە لەتەك ئەمانەدا ناجێگیریی ژیان و پشت بە میتافیزیك بەستن و وەعزی ئاینی و چاکە و جوانی و ڕاستگۆیی، بیری سەرەکیی شیعرەکانی پێك دەهێنن، هەروەها بانگەوازی بەکارهێنانی پەندی پێشینان و فێرکاریی لە ئەدەبیات و شیعری (دیوان)دا جاڕ داوە. شیعرەکانی بەدرێژاییی سەدان ساڵ وەك

(پـەنـدی پـێشینـان) بـەسەر زمـانـانـەوە بـووە. لـە سەردەمـی خـۆیـدا بـە (شەیخوششوعەرا - پیری شاعیران) ناوبراوە و لە ڕیزی پێشەوەی ئەو شاعـیرانـەی شوێنـپـێیـان هـەڵگرتووە، ئـەمـانـەن: سابت (ثـابت)، سەیید وەهبی، قۆجە راغب پاشا، زیاد پاشا، ئەکرەمی ڕەجائی زادە، موعەللیم ناجی و.. هی تر.

***

ئەی مانگ لە شەوانی نیگەرانی ورووژێنی لێکدانەبڕاندا
کە تۆ نەیێیت؟ گەر بزانی، چی و چیم بەبیردا دێتەوە
گەر تەرازووی جوانی بێتە گۆڕێ ئەی (یوسف)ی جوان
داخۆ (ڕیس)ی گەلێك کەسانی دیکە هەڕمێنیان دەبێ؟!

***

ڕاستیی نهێنییەکانی جیهان لە من بپرسن
من نووسراوی ڕازنامەی ڕۆژگارم لەبەرە

***

نابی، شاعیر و مرۆڤێکی هەستپەروەر نەبووە، بگرە پیاوێکی بیرمەند بـووە، تـەکنیکی هـۆنینـەوەی بێ کـەموکوڕی لـە شیعریدا دەبینـرێ، کـە داهـێنـەری وتـەی سادە و ئـاسانـە، سەرەڕای ئـەوەی کـە زۆر گیـرۆدەی ناوەڕۆك و ڕەگەزدۆزی (جیناس) و هونەرە قسەییەکان و ڕەوانبێژی بـووە، زمـانـی شیـعریـی سادەیـە.. بـۆ ئـەوەی خـۆی لـەگـەڵ پشێویـی کۆمەڵایەتیدا بگونجێنێ هەنگاوی دەنا، لە شیعریدا جوانترین شێوەزاری تورکیی ئەستەمبۆڵی ئەو سەردەمەی بەکارهێناوە و زمانی تورکیی لە عەرەبی و فارسیش بە جوانتر دەزانی و حەیرانی شێوەزاری ئەستەمبۆڵ و شێوەی ئاخاوتنی ئەستەمبۆڵییان بووە:

لــه وشەی شەکـریـنـی ئـەسـتـەمـبـوولـیـیـانـەوە
تـاسەی نـاو دڵ لـە کەنـاری بیستندا دەمێنێتەوە

***

بـــــەتــــورکـــــی وەرگـــــێڕانــــی گــــوتـــــاری فــــــارسی
وەك ئەوە وایە بـەرگی بیانی تێك بدەیت و بیکەی بە عەنتاری[١٢]

لەگەڵ ئەوەشدا کە نابی بەهێزترینی شیعرەکانی لە شێوەی غەزەلدا بەرهەمهێناوە، چوارینە و چامە و مەسنەوی و پەخشانیشی نووسیوە، دیارترینی بەرهەمەکانی ئەمانەن:

لـە پـاڵ دیـوانـێکی گـەورەی کـە شیـعرە تورکی و فـارسییـەکـانـی لـەخۆ دەگـریٚ، ئـەو بـەرهـەمـە بـەنـاوی (خـەیـرییـە)وەیـە، بـۆچـوونـی فـێرکـاریـی سـەردەمـی خـۆی ڕادەگـەیـەنـیٚ و گـریـنـگـە. جـگـە لـەمـانـە: سوورنـامـە – شـایـییـەکـانـی بـەبـۆنـەی سونـنـەت (خـەتـەنـە)کردنـی سوڵـتـان مـحـەمـەدی چوارەم ڕادەگەیەنیٚ، خەیراباد–ەکەی کە کۆمەڵێك مەسنەوی، لەگەڵ بۆ زیـادکـردنـێکـی زۆری (فـەریـدودیـنـی عـەتـتـار)ی شاعـیـری ئـێرانـی. توحفەتولحەرەمەین–ەکەی کە باسی ڕێگەوبانی لە ئەستەمبۆڵەوەیە تا حیجاز. مونشەئات: کۆی نامەکانییەتی[١٣].

**لە نێوان (نـالی) و (نـابی) دا[١٤]**

مـامۆستا (عەلائەدین سەجادی)ی نەمر لە مێژووی ئەدەبی کوردی – یەکەیداو لە باسی (نالی)دا نووسیویەتی و دەڵێ:

ساڵی (١٨٣٥) بارگەی دەپێچێتەوە و دەچیٚ بۆ ئەستەمبۆڵ، لەویٚ لەلای ئـەحـمـەد پـاشای بـابـان دەبـیٚ، عـومـەر ئـەفـەنـدی ″ بـابـاجـان″یش لـەو سەردەمەکەدا لە ئەستەمبۆڵ دەبیٚ، لەگەڵ گەلیٚ لە پیاوە کوردەکانی تر ژیانێکی خۆش و ئەدیبانەیان لە دیوەخانی ئەحمەد پاشادا ڕابواردووە و

هەموویان بەماموّستا بانگیان کردووە. لەمەوە دەگاتە بارەگای سولّتان عەبدولمەجید خان، تەنانەت سولّتان لەگەڵ خوّی دەیباتەوە بوّ حەج و پێکەوە لە بەرامبەر ″ مەدینە ″ لە کەژاوەیەکدا دەبێ، عەبدولمەجید لە کەژاوەکەدا ڕاکشابوو، مەزاری پێغەمبەر (د.) دەردەکەوێ ئەویش قاچی ڕووبەڕووی مەزاری پاك ڕاکێشابوو، بەڵام نەیزانیبوو کە گەیشتوون، نالی دەیەوێ تێیبگەیەنێ و پڕکێشیش ناکا، کوتوپڕ ئەم شیعرەی بوّ دەڵێت و بوّی دەهێنێتەوە:

سقن ترکی ئەدەب در بارگاهی مصطفی در بو
نظرگاهی الهی جلوەگاهی کبریادر بو

سولّتان کە گوێی لەمە دەبێت، قاچی هەڵدەکێشێتەوە و شیعرەکەی نالی ـی زوّر پێ خوّش دەبێ... ″ سقن ″ زینهار ئاگادارەوە بە[١٥] د. مارف خەزنەدار چاکی بوّ چووە، کە گومانی لەم ڕووداو و شیعرە کردووە، ئەگەرچی هەر بەگومانەوە وەستاوە و هەنگاوێکی تری بەرەو ڕوونکردنەوەی مەسەلەکە نەهاویشتووە و دەڵێ: ″ چوونە حەجی نالی لەگەڵ سولّتان عەبدولعەزیزی[١٦] سایەی خوا لەسەر ڕووی زەوی و خەلیفەی موسڵمانان و ئیمپراتوّری عالەم!! ئەوەی سەجادی بوّمانی دەگێڕێتەوە لە ئەفسانەی دێوی ڕەش و سپی و کڵاوی سەخری جینی بەرگوێ ئاگردانی کوردەواری نەبێ لە هیچی تر ناکا، نازانم ئەم کوردە کەڵاش خوارەی کە پاشاکەی دیلی دەستی تورکە عوسمانییەکان بوو چوّن گەیشتە ناو کەژاوەی چوونە حەجی سایەی خوا لەسەر ڕووی زەوی؟..[١٧] بەڵێ ماموّستا سەجادی ئەوسا، بەر لە ساڵی (١٩٥٢)ی ساڵی چاپکردنی چاپی یەکەمی مێژووی ئەدەبی کوردی، وای پێ گەیشتووە و ئەویش توّماری کردووە، ئەگەرچی لە چاپی دووەمیشدا هەر ئەو باسەی دووبارە کردووەتەوە و منیش لێرەدا قسەکانیم هەر لەم چاپی دووەمەوە گوازتووەتەوە.

ئەدی کەوابێ مەسەلەی ئەو شیعرە و ڕووداوەکە چۆن و چییە؟! مامۆستا (حەسەن عیزەت چەرداغلی)، لە ڕۆژنامەی (یورد)ی تورکمانیدا لەژێر باسی (بناغەی شیعرێك - یوسف نابی) دا وتارێکی بڵاو کردووەتەوە، لە بەشێکی وتارەکەدا دەڵێ:

″ ساڵی ١٦٧٨، ئەو کاروانەی کە لە ئەستەمبۆڵەوە بەڕێ کەوت و ڕێی قۆنیە و ئورفە و حەلەب و شامی شەریف (دیمەشق) و قودسی دەبڕی و بۆ بەجێهێنانی حەجکردن دەگەیشتە خاکە پیرۆزەکان و کە دەگەیشتە نزیك شاری مەدینە، گومەزی سەوز بە هەموو شکۆیەکییەوە لێی دیار دەکەوت و ئەوانەی بۆ حەجکردن دەچوون بە بانگی (ئەڵڵاهوئەکبەر)ەوە لە وڵاخ و کەژاوەکانیان دادەبەزین و پیادە دەبوون... بەڵام سوڵتانی عوسمانی هێشتا لەناو ئەو کەژاوەیەدا، کە بەتایبەتی بۆی دروست کرابوو، لە خەوی خۆشی بەرەبەیاندا بوو و نووستبوو.. ئەم هەڵوێستەش شایانی نەریتەکانی حەجکردن نییە، چونکە: هەرکە ئەو گومەزەی کە بەسەر (ڕەوزەی موتەههەرە)وەیە دیاری دا، ئیتر پشتی حوشتر و ئەسپ و هەر وڵاخێکی تر لە ئادەمیزاد حەرام دەبێ! هەر لەو ساتەوە دەبێ بەپیادەیی ڕێ بکرێ.

لێپرسراوانی بەڕێوەبردنی کاروان، بە شێوەیەکی پەشۆکاو دەکەونە مقۆمقۆ و دەڵێن: چۆن دەبێ.. گومەزی سەوزمان لێ دیارکەوت و سوڵتان هێشتا نووستووە؟. لە دوا وتەکانیاندا لەسەر ئەوە ڕێکدەکەون، کە یوسف (نابی)ی شاعیر ڕاسپێرن تا سوڵتان بە ئاگا بێنێتەوە.

نابی، بێ ئەوەی خۆی لەم ڕاسپێرە بدزێتەوە، بەهەنگاوی پتەو و ئازایانە بەرەو کەژاوەی سوڵتان دەڕوا، کە دەگاتە نزیك سوڵتان بە دەنگێکی شاعیرانەوە ڕووی دوانی تێ دەکا و دەڵێ:

صاقن ترك ادبدن کویی محبوبی خدادیر بو
نظرگاهی الاهیدیر مقامی مصطفادیر بو

حبیبی کبریانین خوابگاهیدیر فضیلتده
تفوق کردهء عرش جناب کبریادیر بو

***

بو خاکین پرتوینـدن اولدی دیجور عدم زائل
(عمادن) اچدی موجودات (که) چشمه توتیادیر بو[18]

فلکده ماهی نو (باب السلام) ین سینه چاکیدیر
بونون قندیلیدیر خور، مطلع نور چیادیر بو

مراعاتی ادب شرگیلە گیر (نابی) بو درگاهە
مطافی قدسیاندیر بوسەگاهی اولیادیر بو

سوڵتان لە خەو بەئاگا دێتەوە، ئەو شیعرە پڕ جۆشە لە نابی دەبیستێ، هەر کە پەردەی ناو کەژاوەکە دەکاتەوە، چاوی بە گومەزی پیرۆز دەکەوێ، حوشترەکە ڕا دەگرێ، دێتە خوارێ و پیادە دەبێ و بە خۆشییەکی گەورەوە تێکەڵی زیارەتکاران دەبێ، لەم بارەیەوە سوپاسی نابی دەکات و زۆر ڕێزی لێ دەنێ[19].

پێم وایە مامۆستا سەجادی لەو شوێنەدا، یان لەو دەستنووسەدا ئەو شیعرەی تێدا بەرچاو کەوتووە، لە نێوان (نالی) و (نابی)دا، وەکو ناوی شاعیر لە دوو وشەی بەوێنەی نووسینیان زۆر لە یەك نزیك لێی تێکچوو بێ.

نموونە لە شیعرەکانی (نابی):

هەم زستان و هەم بەهاری باغی سەردەممان دیوە
ئێمە بای (خۆشی)ش و بای پەژارەشمان دیوە

زۆر لە خۆبایی مەبە کە لە مەیخانەی دوارۆژدا
بەدمەستیی هەزاران مەیخۆرەوەی لەخۆباییمان دیوە

تۆپی ئاخی، دیسانەوە شکست دابین ناکا
چەندین گەمارووی سەنگینی کیشوەری پلە و ڕێزمان دیوە

بەخرۆشێك هەزار خانەی دواڕۆژ دەڕووخێنێ
ئێمە لافاوی ئەسری دەردەدارانی چاکەکاریمان دیوە

سەرمایەکەی تاکە خەدەنگێکی ئاخی گیانلەناوبەرە
ئێمە چەندین سوارەی چالاکی ئەم مەیدانەمان دیوە

جامی نیازویستن بەکاسەی دەرۆزە دەگۆڕرێ
(نابییا) ئێمە گەلێك بادەخۆرەوەی ئەم بەزمەمان دیو

***

پەیامی نالەم با بگاتە یار و باسی ئاهوزارمی بۆ بکا
باسی ئاوی چاوی گریانی بێدەسەڵاتیمی بۆ بکا

خونچە با پێبکەنێ، گوڵ بپشکوێ و جۆگە با فریاد بکا
ئەی بلبل تۆ بۆستە هێشتا با کەمێکیش یارم لە گوڵشەندا بدوێ

لەتلەتی سینە با هەواڵی شەپۆلی خەم ڕابگەیەنێ
زامی خوێنپرژێنی دەروونم با داشکانەوەم باس بکا

با چاوی چاوەڕوانیم بە گریانی پڕ هەنیسکەوە
باسی شەو زیندووە بێ خەوەکانی ئارەزووی بە یەکگەیشتنم بکا.

(نابی) توانستی تاسە بەپیت دەربڕینم تێدا نییە
با (خامە)ی ڕەنگینم و چارپایەی بێئارامم باسیان لێوە بکا.

***

چووینە گوڵستانی سەردەم ڕەنگی نییە و بۆنی نەماوە

لە قوتووی پیرۆزەیی گەردووندا دەرمان نەماوە

لە چوارلای توانستدا تەرازوو و پێودانگ نەماوە

هەموو مروارییەکی کێشانەکراو (نرخزان)ی نەماوە

لە دەستی دارخورمایەکی دڵبەری تێدا نەماوە سێبەربەخشی میهرەبانی بێ

لێوی بەخواستی تینووان شەقار بووە

لەسەر چاوی بەزەییدا قومە ئاوێك نەماوە

پزیشکی (با) دەرگای دووکانەکەی پێوەداوە

لە لەشکری خەم داواکارانی نیاز با پەنا بۆ قەند ببەن

لە قەڵای دڵێریدا ئەی (نابی)، کەلوو و باروو نەماوە

***

پەراوێزەکان:

١ – ئەمە دێرێکی نابی – یەو من بەم جۆرەم کردووە بە کوردی، دەقە تورکییەکەی بەمجۆرەیە:

سوزدە چرب المثل ایرادینە سوز یوق اما

سوز اودیر عالمە سندن قالا بیر ضرب المثل

٢ – محمد امین زکی – مشاهیر الکرد وکردستان – ج / ٢ – ص / ٢١١ – ٢١٢

-Alakom: Eski Istanbul Kürtleri-s.99.

کە ئەویش لەم کتێبەی خوارەوەی وەرگرتووە:

- Mehmet Surayya _ Sicilli Osmani (yeni bask1).s.1919.

٣- سوڵتان محەمەدی چوارەم (١٦٤١ – ١٦٩٢ی. ز) کوڕی سوڵتان ئیبراهیم –ە (١٦٤٨ – ١٦٨٦)ی. ز – لەسەر تەختی سوڵتانی بووە.

- Gövsa: Türk meshurlar1 _ s.243.

٤ – مستەفا پاشای موساحیب (١٦٨٩ی. ز – کۆچی دوایی کردووە) چەند جارێك

بووەتە والی و سەدر ئەعزەم. - Gövsa: Türk meshurlar1 _ s.266.

٥ – کەتخودا: چاودێری تێکڕای کاروباری ئەو شوێنەی لێی دادەمەزرێنرا.. لە کوردیدا: کوێخا.

٦ – محەمەد پاشای بەڵتەچی (١٦٦٠ – ١٧١٢ی. ز) لەسەردەمی سوڵتان ئەحمەدی سێیەم –ی عوسمانی، دوو جار کراوەتە سەدر ئەعزەم (سەرەك وەزیران) و لە دووەم جاریدا (١٧١٠ی. ز) نابی –ی شاعیری لەگەڵ خۆیدا بردووەتە ئەستەمبۆڵ.

٧ - خاجەگان (خاجەکان): پایە و پلەیەکی فەرمیی عوسمانی بووە، ئەو نووسەر ئەفەندییانەی سەر بە بابی عالی کە پایەیەکی تایبەتییان دەبوو... واتە: مامۆستایان.

٨ – بەشێکی قامووسولئەعلام – ل / ١٩٣.

9- Gövsa: Türk meshurlar1 _ s.269.

- هەروەها (Alakom: Eski Istanbul Kürtler1- s.29). دەڵێ: لە قەبرستانی قەرەجە ئەحمەد – دا نێژراوە – هەروەها: محمد امین زکی –یش لە مشاهیر الکرد... دا– ج / ٢ – ص / ٢١١. هەروەها دەڵێ.

١٠ – محمد امین زکی – س. پ – هەر ئەو شوێنە.

- Gövsa: Türk meshurlar1 _ s.60.

١١ – س. پ – ل / ٢١٦.

١٢ – عەنتاری: جۆرە جلێکی تورکیی کۆنی ژنانە بووە، پیاوانیش لەبەریان کردووە. لە کاڵای سادە و بەنەخش دووراوە.

13- Karaalioglu _ Türk Edebiyat1 Tarihi1 c.2 _ s.285 _ 286.

١٤ – بەم ناونیشانەوە وتارێکم لە ژمارە (١٠٦٧) ی (١٣ / ٤ / ١٩٨٩)ی ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا بڵاو کردووەتەوە.

١٥ – سەجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – ل / ٢٤٣ – ٢٤٤.

١٦ – سەجادی لە دەقەکەیدا دەڵێ سوڵتان عەبدولمەجید، د. مارف کردوویەتی بە عەبدولعەزیز.

١٧ – د. مارف خەزنەدار – دیوانی نالی – ل / ١١ – ١٢.

١٨ – دێڕەکە بە تەخمیسی (سەیید مەحموود عورفی)ی شاعیری کەرکووکی لە لاپەڕە

(٥٢)ی ژماره (٦٠)ی چوارشەممە (١٠ ی تەمووزی ١٣٢٩)، (کە دەکاتە ساڵی ١٩١٣ - ١٩١٤ی. ز) ی کۆواری مەعاریف (معارف)دا بڵاوکراوەتەوە بەمجۆرەی خوارەوەیە:

(عمادن) اچدی موجودات چشمهء توتیادر بو

لە دەقی ڕۆژنامەی (یورد)دا نووسراوە (أعمادی).. من لەسەر دەقی (معارف) ڕاستم کردەوە و ئەو (کە)یەی ناو دێڕەکەشم لەبەر پێویستی کێش بۆ زیاد کرد.

١٩ - ڕۆژنامەی (یورد)ی تورکمانی - ژمارە (٨٩٢)ی ساڵی ١٨ - ٤ ی ك ١ - ١٩٨٧. وتاری (بناغەی شیعرێك - یوسف نابی)ی - حسن عزت چرداغلی.

سەرچاوەکان:


١ - محمد أمين زكي - مشاهير الكرد وكردستان - ج / ٢ - ترجمة: كريمة المولف - راجعه ونقحه وأضاف اليه الاستاذ محمد علي عوني - مطبعة السعادة - بجوار محافظة مصر - ١٩٤٧.

2- Rohat Alakom-Eski _stanbul Kürtleri-( 1453-1925) Avesta-1998-Istanbul.

3- Semseddin Sami-Kamusülalam.

ئەم چاپەی بەردەستم ئەو بەشانەیە کە پێوەندییان بە کورد و کوردستانەوە هەیە (محەمەد ئەمین بۆز ئەرسلان) وەك خۆی بەڵام بە لاتینی -ی تورکیی تازە - نووسیویەتییەوە و لەژێر ناونیشانی:

Tarihteki Ilk Türkce Ansiklopedisinde Kürdistan ve Kürdler.

ساڵی ٢٠٠١ لە ئەستەمبۆڵ لەلایەن دەزگای بڵاو کراوەکانی () ەوە بڵاوکراوەتەوە.

4- Seyit Kemal Karaalioglu-Türk Edebiyati Tarihi - 1 Inkilap ve Aka Bas1mevi 1973 - Istanbul.

٥ - ڕۆژنامەی هاوکاری - ژمارە (١٠٦٧)ی (١٣ / ٤ / ١٩٨٩) وتارێکی (ئەحمەد تاقانە) بەناونیشانی (لە نێوان نالی و نابی - دا).

٦ - عەلائەدین سەجادی - مێژووی ئەدەبی کوردی - چاپی دووەم - ١٩٧١ - چاپخانەی مەعاریف - بەغدا.

٧ - د. مارف خەزنەدار - دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی - لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوە

– چاپخانەی (دار الحرية للطباعة) – بەغدا – ١٩٧٧ – بڵاو کراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.

٨ – ڕۆژنامەی (یورد)ی تورکمانی – ژمارە (٨٩٢)ی ساڵی ١٨ – ٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٧.

٩ – کۆواری (معارف)ی ژمارە (٧)ی ٢٥ی تەمووزی ١٣٢٩ی ڕۆمی. (١٩١٣ – ١٩١٤ی. ز) کە لە کەرکووك دەرچووە.

***

کۆواری کاروان

ژمارە / ١٨٣ی حوزەیرانی ٢٠٠

## وێنەیەك و پێنج شاعیر

پێشەکییەکی کورت:

لە داهێنانی ئەدەبی و هونەریدا، باسی لە یەکچوون و لە یەك وەرگرتن و کارلێکردن، کێشەیەکی نەبڕاوەی هەیە.. باسێکی وەها پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد و فراوان و بەربڵاو و نموونە هێنانەوە هەیە.. کە من لێرەدا نامەوێت بچمە ناو ئەم باسە ئاڵۆزەوە.

ئەگەر ئەوە بەبەرچاوەوە بگرین کە لە بەرهەمی ئەدەبیی دنیادا لە یەك وەرگرتن و لە یەکچوون و شتی تر زۆرە... بێگومان نموونەش زۆرە و خوێندەوارە بەرێزەکان ئاگایان، هەر هیچ نەبێت، لە چەند بابەتێکی ئەمجۆرە هەیە و.. ئەمە تەنانەت لەلای ئەدیبە بەرزەکانیشدا بەرچاو دەکەوێت.. ئەگەر ئەمە بە بەرچاوەوە بگرین، باری باسەکە بە لایەکی تردا دەشکێتەوە.

ئەمەش نابێت ببێت بە بیانوو و هەموو کەسێك ڕێ بە خۆی بدات و بە کاڵ و کرچی و نەزانانە لەملا و لەو لاوە شت بقۆزێتەوە و بیکات بە ماڵی خۆی و کە یەخەی گیرا.. بڵێ: ئەدی بۆ فلان یا فیسار، کە کەڵە ئەدیبی جیهانین و شتیان لە خەڵك وەرگرتووە.

نامەوێ درێژە بەم پێشەکییە بدەم، بەڵام بە بڕوای من دەبێ لە لێکۆڵینەوەی ئەم جۆرە بابەتەدا (بەپێی توانا)، دوو خاڵ دەستنیشان بکرێ.

یەکەم: دەبێ ئەوە تۆمار بکرێ کە کام بەرهەمهێنیان بەر لەوانی تر پەیی بەو بابەتە بردووە و بناغەکەی داڕشتووە.

دووەم: باسی ئەوە بکرێ کە هەریەکە و ئەو بابەتەی چۆن وەرگرتووە و بە چ جۆرێ هەڵسوکەوتی ئەدیبانەی لە گەڵدا کردووە.

من لێرە، دەمەوێ هەوڵی ئەوە بدەم بەراوردێکی بەرهەمی شیعریی چەند شاعیرێك بکەم کە بە سێ زمان شیعریان گوتووە و هەمووشیان – لەو شیعرانەیاندا کە هەڵم بژاردوون – وێنەیەکیان بەکارهێناوە، بەڵام هەر شاعیرە و بە جۆرێکی جودا لەوانی تر وێنەکەی سوود لێ وەرگرتووە.

وێنەکە، تەرازوویەکە تایەکی لەبەر سەنگینی هاتووەتە خوارەوە و نزم بووەتەوە و نیشتووەتە سەر زەوی و تایەکەی تری لەبەر سووکی سەری کردووە و بەرز بووەتەوە و... بە ئاسماندا چووە و ئەم شاعیرانە، هەر یەکەیان شتێکی.. یان ڕاستتر دوو شتی بە دوو تای ئەم تەرازووە چواندووە.

***

یەکەم شاعیر و کۆنترینی ئەم شاعیرانە (مەنوچیهری) یە (ئەبوو – ئەلنەجم ئەحمەدی کوڕی قووسی کوڕی ئەحمەدی مەنوچیهری).. کە تا، یان تا پێش ساڵی ١٠٤١ی ز – ٤٣٣ی هـ ژیاوە[1]. لە دێری سێیەم و چوارەم و پێنجەمی سەرەتای ئەو چامەیەیدا کە بە یارەکەیدا هەڵیداوە، دەڵێ:

نماز شام نزديك است و امشب
مه و خورشيد را بينم مقابل
وليكن ماه دارد قصد بالا
فروشد افتاب از كوه بابل
چنان دو كفه سيمين ترازو
كه اين كفه شود زان كفه مايل[2]

واتە: نوێژی شێوان نزیکە و ئەم شەو، دەبینم وا مانگ و خۆر بەرامبەر یەکیان گرتووە، بەڵام مانگ نیازی بەرزبوونەوە و سەرکەوتنی هەیە و خۆریش لە کێوی بابلەوە بەرەو ئاوابوون و دابەزین دەچێ، وەکو دوو تای

تەرازوويەكی زيوين كە ئەم تايەيان لەو تايەيان لاسەنگ ببێتەوە وايە.

لێرەدا دەبينين (مەنوچيهری) وەكو سەرەتايەكی ڕۆمانسيئامێز باسی سروشت دەكا و وردەوردە خۆی ئامادە دەكا بۆ بە ياردا هەڵگوتن و باسی ڕۆرئـاوابـوون و هـەڵـهـاتـنـی مـانگ دەكـا و بـە دوو تـای تـەرازوويـان دەشوبهێنێ.

شاعـيـری دووەم ئـەو شاعـيـرەيـە كـە (بـراون) تـاكـە دێرێكی لـە كتێبـە بـەنـاوبـانگەكەيدا بڵاو كردووەتەوە[٣]، بـێ ئـەوەی بـاسی شاعـيـر و نـاو و بەسەرهاتی بكا. تاكە دێرەكەش ئەمەيە كە دەڵێ:

حسن ماه را با تو سنجيدم بميزان قياس
پلهء مه بر فلك شد و تو ماندی بر زمين

واتە: شاعير لێرەدا بە يارەكەی دەڵێ: جوانيی مانگم لەگەڵ تۆدا لە تەرازووی پێوانەدا كێشانە كرد، پلەی مانگ بە ئاسماندا چوو، تۆ لە زەويدا مايتەوە.

نـالـی (مـەلا خـدری شارەزووری)ی شاعـيـری بـلـيـمـەتـی كوردیش لـە شيعرێكيدا بەرامبەر بەو توانجەی لە (حەبيبە)ی خۆشەويستی دەگيرێ و پێی دەڵێن (مەحبووبە خێل و قيچە)، وەڵام دەداتەوە و بەرگری لە يارەكەی دەكا و دەڵێ:

پێم دەڵێن مەحبووبە خێل و قيچە مەيلی شەڕ دەكا
خێل و قيچە يا تەرازووی نازی نەختێ سەردەكا

نالی دەڵێ:

خێل و لارە، خێسە لە خەڵكی دەكات وەك بڵێی شەڕيان پێ بفرۆشێ – نەخەير نە خێلە و نە خێسەش لە كەس دەكا. تەنيا ئەوەندەيە (ترازووی) نازی، كە چاويەتی، كەمێك سەرئەكا و بەسەر لايەكا ناز ئەكا تا بەسەر لايەكی ترا[٤].

شێخ ڕەزای تاڵەبانیش، بەرامبەر بەو پرسیارەی کە کراوە و گوتراوە: ئەگەر (محەمەد)ی پێغەمبەری موسڵمانان پایەدارتر بوویێت، ئەدی بۆچی خوا عیسای پێغەمبەری کێشایە ئاسمان و محەمەدی لەسەر زەویدا بەجێ هێڵا؟!.. شێخ ڕەزا وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە و بەرگری لە محەمەد دەکا و لە پارچە شیعرێکیدا دەڵێ:

مسیح بر فلك و شاه انبیاء بتراب
دلم ز اتش این غصه بسی که بود کباب

سؤال کردم ازین ماجرا ز پیر خرد
چو غنچه لب بسخن بر گشود داد جواب

که قدر هردو بمیزان قدر سنجید
که چون گرانتر ازو بود در همه ابواب

نشست کفهء میزان مصطفی برزمین
بر آسمان چهارم مسیح شد بشتاب[5]

واتە: لە کاتێکدا کە مەسیح (عیسا) بە ئاسماندا بەرز بووەوە... شای پێغەمبەران کە (محەمەد)ە لەسەر زەویدا ماوەتەوە. دڵم بە ئاگری ئەم خەمەوە بوو بە کەباب. ئەم ڕووداوەم لە پیری دانا پرسی، کە لێوی ئاخاوتنی وەکو خونچە پشکووت و وەڵامی دایەوە، کە پایە و بەهای هەردووکیان بە تەرازووی پایەبەرزی کێشانە کرد و، کە ئەمیان لە هەموو ڕوویەکەوە لەویان گرانتر بوو، تای تەرازووی مستەفا (محەمەد) نیشتە سەر زەوی و تای مەسیح بە پەلە بەرەو ئاسمانی چوارەم بەرز بووەوە.

بەمجۆرە دەبینین شێخ ڕەزا ئەو وێنە شیعرییە بۆ مەبەستێکی تر بەکار دەهێنێ، کە بەرگریکردنە لە بیر و باوەڕی ئاینی و پایەی گرانبەهای محەمەدی پێغەمبەری خستووەتە تای ئەو تەرازووەوە کە دەنیشێتە سەر

زەوی و پایەی عیسا – لە ئاستی محەمەد – دا دەخاتە ئەو تایەوە کە لەبەر سووکیی لە ئاستی محەمەد – دا بەرز دەبێتەوە بۆ ئاسمانی چوارەم.

مامۆستای هێژا (تەرزی باشی) کە باسی ئەم پارچەیەی سەرەوەی شێخ ڕەزا دەکا..

دەست بۆ شاعیرێکی تر درێژ دەکا کە هەر ئەم وێنەیەی بەکارهێناوە، شاعیرەکەش (نامیق کەمال)ی تورکی هاودەمی شێخ ڕەزایە (١٨٤٠ – ١٨٨٤).

مامۆستا تەرزی باشی لە باسەکەیدا دەڵێ:

ئەم دێرە تاکەی خوارەوە کە نزیکی ئەم مەبەستەیە (واتە: مەبەستەکەی شێخ ڕەزا)، هی نامیق کەمال – ە:

جهان ارباب استعداده بر میزان عبرتدر
تنزلدر اغیر جوهرلرك شانی ترازووده[٦]

واتە: جیهان بۆ بەهرەداران تەرازوویەکی پەندبەخشە و، ئەوەی گەوهەری گران بێ، پایە و بەهای لەم تەرازووەدا دێتە خوارەوە.

ئەگەر ئەوەش بزانین کە نامیق کەمال شاعیرێکی شۆڕشگێڕی نیشتیمانپەروەر بووە، تێدەگەین کە مەبەستی شاعیر لەوە بووە کە ڕەخنە لەو کۆمەڵەی بگرێ کە نرخ و پایەی پیاوچاك و بەهرەدارانی لەلا نەبووە... واتە: مەبەستێکی کۆمەڵایەتیی هەبووە.

ئەنجام:

کە بەم نموونانەدا دەچینەوە، تەماشا دەکەین، هەریەکێك لەم شاعیرە بەهرەمەندانە، توانیویەتی..وێنەیەکی، بە شێوەیەکی جودا لەوانی تر و بۆ مەبەستێکی خۆی بەکار بهێنێ و...هەروەها نموونە شیعرییەکانی ئەم شاعیرانەی لێرەدا بەپێی کۆنی و نوێیی سەردەمیانەوە ریز کراوە، جۆرە

بەرەوپێشەوە چوونێکی بابەتی ئەدەبیشمان بۆ دەردەخەن.

(مەنوچیهری)، شاعیری بلیمەت کە بۆ یەکەم جار تەرازووی بۆ پێشوبهاندن بەکارهێناوە... بۆ پێشوبهاندنی دوو شتی ناو سروشت بەکارهێناوە کە مانگ و خۆرن.. کەچی شاعیری دووەم بۆ بەراوردکردنی مانگی (سروشت) و ڕووی یار بەکار هێناوە.. کەواتە: لە باسی سروشتی ڕووتی مەنوچیهرییەوە هەنگاوی بەرە و بەراوردکردنی مانگ و مرۆڤەوە ناوە..

لە کاتێکدا نالی بۆ باسکردنی تەنیا یارەکەی و وردتریش بڵێین بۆ باسکردنی دووچاوی یارەکەی بەکاری هێناوە.. کە دێینە سەر باسی شێخ ڕەزای تاڵەبانی.. دەبینین کە وێنەکەی لە خزمەتی بەرگریکردن لە بیر و باوەڕی ئاینی بەکارهێناوە.. بێگومان ئەمەش فراوانترە لە بیری ناو ئەو شیعرانەی ئەو شاعیرانەی پێش خۆیەوە.. چونکە بیر و باوەڕەکە نەك بۆ تاکە کەسێك... بگرە پەیوەندیی بە کۆمەڵێك خەڵکەوە هەیە کە (موسڵمانانن).

کەچی نامیق کەمال –ی تورك بۆ مەبەستێکی کۆمەلایەتیی گشتگیری بەکارهێناوە و هەوڵێکە بۆ بەرەو پێشەوە بردنی کۆمەڵ... نەك تەنیا کۆمەڵەکەی خۆیشی.. بگرە وەك پەیامی ئەدەب، دەبێ ئەوەی لێ تێبگەین کە داوای ئەوە دەکا لە هەموو کۆمەڵێکی مرۆڤانەدا زانا و بەهرەداران ڕێزیان لێ بگیرێ.. ئەمەش داواکارییەکی مرۆڤانەی مەبەست فراوانە.

پەڕاوێزەکان:

١– ادوارد گرانفیل براون – تاريخ الادب في ايران – نقله الي العربية – الدكتور ابراهيم الشواربي – مطبعة السعادة بمصر – ١٣٧٣ هـ – ١٩٥٤ م – المجلد الثاني – ص / ١٨٨.

٢– سەرچاوەی پێشوو – پەڕاوێزی لاپەڕە (٤٢ – ٤٣).

٣- سەرچاوەی پێشوو - ل / ٨٨.
٤- دیوانی نالی - لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد - چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد - بەغدا - ١٩٧٦. ل / ١٠٨.
٥- دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی - چاپخانەی مەعارف- بەغدا - ١٩٤٦- ل / ١٠٥
٦- عطا ترزی باشی - کرکوك شاعرلری - ایکینجی جلد - کرکوك - جمهوریت باصم ئەوی - ص / ١٤٢ - ١٤٣.

***

- لە کۆواری ڕۆژی کوردستان - ژ / ٧٤ ی ساڵی ١٩٨٧ - ل / ٣٨ - ٤٠. بڵاو کراوەتەوە.

- هەروەها: لە نووسەری کورد - خولی سێیەم - ژ / ٦ - ی ١٩٨٨ دا بڵاو کراوەتەوە.

***

# ژیانی کۆمەڵایەتی لە شیعری

## شێخ ڕەزای تاڵەبانی- دا

### وتەیەکی کورت

وتەیەکی کۆن هەیە دەڵێ: ئەدەب ئاوێنەی سەردەمی خۆیەتی، ئەگەر ئەمڕۆ شیعر و ئەدەبیاتی هاوچەرخ بەلای کەمەوە بە ڕواڵەت دوورکەوتبێتەوە لەوەی بەزەقی ئەمە بنوێنێ، ئەوا شیعری ئەو سەردەمەی شێخ ڕەزای تێدا ژیاوە، ئەو وتەیەمان بۆ دەسەلمێنێ. هەروەها ئەگەر ئەم جۆرە دەقانە، بەتایبەتی شیعر، نەکرێ وەکو دەقێکی مێژوویی پشتی پێ ببەسترێ، دەتوانرێ وەکو ئاماژە و پاڵپشتی دەقی نووسراوی تر، سوودی زۆری لێ ببینرێ و...تاد. هەروەها چونکە لەو سەردەمانەدا بواری ئەوە نەبووە، یان کەشی ڕۆشنبیری بەو شێوەیە نەبووە گەلێك لایەنی کۆمەڵایەتیی وردی ئەو سەردەمانە بنووسرێنەوە، ئەم دەقانە وەکو سەرچاوەی بەهێزی پشت پێبەستراوی گەلێك لەو لایەنانە خۆیان دەچەسپێنن و گەلێك لایەنی شاراوە و نادیار و وردمان بۆ ڕوون دەکەنەوە.

لە لایەکی ترەوە، لەو سەردەمانەدا، ڕۆشنبیری و زمانی فەرمیی دەوڵەتی دەسەڵاتداری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، تورکی بووە و گەلێك شیعریشی پێ گوتراوە، کە فەرمانبەر و کاربەدەستان بە زۆری یان تورك بوون یانیش ڕۆشنبیرییەکی تورکییان بووە. بۆیە یەکێکی وەکو شێخ ڕەزا، بەتایبەتی شیعری ڕەخنە ئامێز و توانجهاوێژ و ئاڕاستە کراوی ئەو کاربەدەستانەی بە تورکی گوتووە کە دەکرێ بۆ لێکۆڵینەوەی فراوانتر سوودێکی گەورە لە دەقەکانی شێخ و شاعیرانی تر وەربگیرێ.

لەگەڵ ئەوەشدا کە من لێرەدا وەکو نموونە باسم لە هەندێك لایەنی کۆمەڵایەتی کردووە لە شیعری شێخ ڕەزادا، دەمەوێ بڵێم ئەمەی من

کردوومە نە هەموو لایەنێکی بە تێروتەسەلی گرتووەتەوە و نە لە بەرنامەی ئەم نووسینەشمدا بوو ئەو کارە بکەم، چونکە خۆم بە سنوورێکی دەستنیشان کراوەوە بەستووەتەوە. دەکرێ لە باسێکی تێروتەسەل و فراوانتردا ناوی لێکۆڵینەوەیەکی لەم جۆرە بگۆڕێ و ناونیشانی (ژیانی کۆمەڵایەتی لە سەردەمی شێخ ڕەزادا)ی بۆ دابنرێ و سوود لە سەرچاوەی تر و شیعر و دەقی شاعیرانی تریش وەربگیرێ، بۆ تێگەیشتنێکی باشتر و قووڵتری پێکهاتەی بیری کۆمەڵایەتیی، بەتایبەتی شاری کەرکووکی ئەو سەردەمە؛ جا ئەو دەقانە بە کوردی بن یان بە زمانانی تر.

**شیعری شێخ ڕەزا**
**لە دەوروبەری مێژووی کۆمەڵایەتیدا**

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە، هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی، کاریان بۆ ئەوە کردووە کە دەسەڵاتە خۆجێییەکان کەم بکەنەوە و میرنشینەکان لەناو ببەن. بەمجۆرە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە زۆری بەسەردا ڕەت نەبووبوو کە میرنشینییەکانی ئەردەڵان و سۆران و بابان لەناوبرا بوون و ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی دەوڵەتە ناوەندییەکانیان بەسەردا سەپێنرابوو.

شێخ ڕەزا کە لە میرنشینیی بابان نزیکتر بوو، بگرە خۆی بە کەسێکی ناو میرنشینییەکە دەزانی، تەنانەت تا کۆتایی ژیانیشی پێوەندییەکی باشی لەگەڵ میرو میرزادەکانی باباندا هەبووە، ئەم پێوەندیی دۆستایەتییانە لەم شیعرانەی شێخدا ڕەنگیان داوەتەوە کە بۆ کەسایەتیی وەکو ئەحمەد پاشا (ل ٩٧ ، ١٣٤ی دیوان) و حەمدی پاشا (ل ٨٨ی دیوان) و مستەفا زهنی پاشا (ل ٩٥، ١٣٠ی دیوان) و مەجید پاشا (ل ٢٠٨ی هیدا دەڵێ: دیوان) و گەلێك وردەباس و ئاماژەی تری تۆمار کردووە و هەرگیز باسی سەردەمی دەسەڵاتی میرنشینییەکە و بیرەوەرییە خۆشەکانی لەبیر

نەکردووە. ئەمەش لەو شیعرەیدا خۆی دەنوێنێ. کە لە سەرەتا دەڵێ:

لــەبــیــرم دێ سلــێمــانــی کــە دارولمولــکــی بــابــان بــوو
نە مەحکوومی عەجەم، نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو

ئەوەی ڕاستی بێ لێرەدا من پتر مەبەستم ئەو سێ دێرە شیعرەی دوای ئەم دێرەیانە کە وێنەیەکی کۆمەڵایەتیی ڕێکوپێکی ڕێورەسمی چوونە سەرای مـیـری بـابـان و هـەڵسوکـەوتـی مـیـللـەتـەکـەیـە کە لـە پێشوازی و لەسەرەڕێی میردا وەستانمان بۆ بەرجەستە دەکا کە دەڵێ:

لە بەرقاپیی سەرا سەفیان دەبەست شێخ و مەلا و زاهید
مەتافی کەعبە بۆ ئەربابی حاجەت گردی سەیوان بوو

لەبەر تابووری عەسکەر ڕێ نەبوو بۆ مەجلیسی پاشا
سەدای مـۆزیـقـەو و نـەقـقـارە تـا ئـەیوانی کـەیوان بـوو

دریغ بۆ ئەو زەمانە، ئەو دەمە، ئەو عەسرە ئەو ڕۆژە
کە مەیدانی جریدبازی لە دەوری کانی ئاسکان بوو[١]

دیارە ئەم لابردنی میرنشینانە و ڕاستەوخۆ دەسەڵات گرتنە دەستە، چارەسەرێکی بنەڕەتیی گیروگرفتەکانی دەوڵەتی عوسمانیی نەکردووە و پیرە دەوڵەت بەرەو کۆتاییەکانی بووەتەوە و سەردەمەکە پڕاوپڕ بووە لە گێرەوکێشە. نەهاتی دەوڵەت بووەتە باری قورسی سەرشانی گەلانی ژێر دەسەڵات و ئاڵۆزی و ناخۆشیی ژیان.

هەر لەو سەردەمەدا هەڵسوکەوتی عوسمانی، سەر لێشێواوییەکی پێوە دیاربووە و بەوەی کە بەڕێوەبەرێتییەکان ڕێك دەخا، سەری لە خۆشی و لە خەڵکیش شێواندبوو و تووشی نیگەرانی و ناخۆشیی کردبوون. ساڵی (١٢٩٦)ی کـۆچـی (١٨٧٨ – ١٨٧٩ی زایـن) دوای ئـەوەی کـەرکـووك مـەڵـبـەندی مـوتـەسەریـفـێتییـەکی سەر بە ویلایـەتی بـەغدا بووە، جیـا

كراوەتەوە و كراوەتە ویلایەت، كەچی دواتر هەر لەو ساڵەدا كەركووكیان خستووەتە سەر ویلایەتی مووسڵ و (نافیع ئەفەندی)یەكیشیان كردووەتە والی كە شێخ ڕەزا ڕقی لێ بووەتەوە و گوتوویەتی:

موصل أولدی ویلایەت، نافع افندی والی
ویـل لـكـم رعـیت، كـول بـاشوە أهـالـی[2]

واتـە: مـووسڵ بـووە ویـلایـەت و نـافـیـع ئـەفـەندیش كرایـە والـی.. ئـەی هـاووڵاتینە بزانن چیتان بەسەرهات، خاكتان بەسەر خەڵكینە.

سەڵتەنەتی عوسمانی وەك دەسەڵاتی ناوەندی، باجی دەستنیشانكراوی خۆی هەر ویستووە و لە سەرەوە تا خوارەوە، هەر لە سوڵتان و (بابی عـالـی)یـەوە بـگـرە تـا دەگـاتـە والـیـیـەكـان و مـیـر و ئـاغـا و كـوێـخـا و سەركارەكان.. هەرچۆنێك بێ هەریەكە و بڕی بۆ دەستنیشانكراوی خۆی لە باج و سەرانە و هی تر لە میللەت وەرگرتووە و هەر كەسێكیش ئەو بڕەی پێ نەدراوە و یان نەیویستووە بیدا، بە یاخی یان بێدەسەڵات دانراوە و لـەكـارخـراوە یـان لابـراوە، یـانـیش لـەشكری كراوەتـە سەر. بـەم شێوەیە، هـەركـەسە و بـاجـی دەوڵـەتـی وەرگـرتـووە، بەشی خۆشی بە بەرچاوەوە گرتووە و لە پارووی دەمی ڕەشوڕووتی گرتووەتەوە. ئیتر دەوڵەتی ناوەندی بەلایەوە گرینگ نەبووە زۆرداری و زۆرەملێیی و ڕێگری و باجگریی تر پەیدا دەبێ پەیدا نابێ و هەر مەبەستیشی نەبووە. لەلایەكی ترەوە، ژیان هەندێك بەرەو پێشەوە چووە، بارودۆخەكە ئاڵۆزتر بووە. فەرمانبەران و دەستڕۆیان هەر وایان پیشان داوە كە وڵات و ئەو خاكەی ژێر دەسەڵاتی عـوسمـانـی بـووە، (شامی شەریف)ە، تـەنـانـەت ڕۆژنـامـەی ئـەوساش هـەر پرۆپاگەندە درۆزنانەی خۆی كردووە.. مامۆستا (عەتا تەرزی باشی)ی لـێكـۆڵـەرەوە و نـووسەری توركمـان دەڵـێ: لەكـاتێكدا لـە هـەموو لایـەكی ویلایەتی مووسڵدا تاوان ئەنجام دەدرا، هەموو هەفتەیەك لە ڕۆژنامەی

ویلایەتدا دەستەواژەی (لەژێر سێبەر و سایەی پادشادا ئاسایش لە هەموو لایەکی ویلایەتدا بەرکەماڵە)... شێخ ڕەزاش وەڵامی ئەوە بەم تاکە دێرە تورکییە دەداتەوە کە دەڵێ:

قتل و نهب اشقیادن ملت اولدی پایمال

أمن و اسایش ینه الحمد لله بر کمال[٣]

واتە: بە کوشتن و تاڵانکردنی ڕێگر و یاخیبووانەوە میللەت بوو بە ژێرپێیانەوە. دیسانەوە هێمنی و ئاسایش – سوپاس بۆ خوا – چەسپاو و بەرکەماڵە.

لەو شیعرەشیدا کە داوای تووتن لە (حاجی ئەسعەد ئاغا) دەکا و لە سەرەتایدا دەڵێ:

تۆ کەم نەزەری دەرحەقی من ئیستێکە ئاغا

من ماوە هەوای سوحبەتی تۆم هەر لە دەماغا

لە دێری پێنجەمدا کە لێرەدا مەبەستمانە دەڵێ:

ڕێی نەوتەکە باجگیری ئەگەر زۆرە دەفەرمووی

ڕێی خاسە بە شەو خاڵییە، بابێ بە بلاغا[٤]

بەمجۆرە ئەوەمان بۆ دەردەخا کە ڕێی (نەوتەکە) کە مەبەستی ئەو ڕێیەی پردێ کەرکووکەیە کە لە ڕۆئاوای کەرکووکەوە بەناو ئەو ناوچەیەدا دەڕۆی کە ئێستا جێی بیرە نەوتەکان و کۆمپانیاکانی نەوتە[٥]، هەموو زوورگ و هەڵەتە و جێی تەڕاتێنی ڕێگر و چەتە بووە و بووەتە مایەی مەترسیی خەڵکی لە هاتووچۆدا و... ڕێی خاسەش ئەوەیە کە لە باکوری ڕۆهەڵاتی کەرکووکەوە بەرەو گەڕەکی بلاغ دێت کە ئەم (بلاغ)ە واتە: کانی یان سەرچاوە (بەتورکی)، ئاوێکی لێ بووە کە ئێستا لەلای کەنیسەی سووری دێرینی بەرامبەر نەقلییات (ئێستگەی گواستنەوەی

باكور) یان (سلێمانی)یەوەیە.

عەونوڵڵاهولكازمی – ی موتەسەریفی كەركووك، لە یادداشتەكانیدا كە بەناوی (دیوانی عورفی و عەونوڵلاهولكازمی)یەوە بە توركیی عوسمانی چاپ كراوە، باسی ئەو ساڵە دەكا كە بووەتە موتەسەریف كە ساڵی (١٩١٠)ی ساڵی كۆچی دواییی شێخ ڕەزاشە، باسی ئەو ڕێیە و گێرە و كێشە و ناخۆشی و مەترسی و باج و سەرانەی چ میری و چ عەشایەر و هەڵمەت و هێرشبردنە سەر یەكتری و تالانبردن و ڕووتكردنەوانەمان بۆ دەگێڕێتەوە[٦].

عەونوڵلاهولكازمی كە موتەسەریف بووە و كابرایەكی ئاسایی نەبووە و بە كۆمەڵێك پاسەوانی جەندرمە و نیزامی و یاوەرەوە بەوێدا ڕەت بووە و لە پردێوە بەرەو كەركووك هاتووە، باسی گەلێك ترس و لەرزی پاسەوان و یاوەر و خەڵكەكە دەكا و بارودۆخی ئەو ڕۆژانەمان بۆ ڕوون دەكاتەوە.

ئەو خەڵكەش خۆ وەنەبێ لە گوێی گادا نووستبن، بگرە ئەوەندە ژیر بوون تا بزانن (ماسی لەسەریەوە بۆگەن دەبێ) و هەموو ناخۆشی و ناڕێكییەكی ژیان و گوزەران لە ئەنجامدا هەر دەكەوێتەوە سەر ئەستۆی سوڵتانی زەمان. خۆ ئەگەر بەرپرسە لەو خوارترەكانیش خراپ و بەدكار بن ئەوا ئەوانەش هەر سوڵتان دایانی ناوە و هەر خۆی بەرپرسە. بۆیە ساڵی (١٩٠٥) كە بۆمبێك بۆ سوڵتان عەبدولحەمید دادەنرێ و دەتەقێتەوە، بەڵام هیچی لێ نایێ، شێخ ڕەزا بەداخەوە ئەم تاكە دێرە شیعرە توركییە دەڵێ:

نەدیم حكم خدادر، (هو یحیی ویمیت)

یوقسە مقصودیمیزی حاصل ایدردی دینامیت

واتە: بڵێم چی، ئەمە فەرمان و كاری خوایە، خۆی خەڵكی دەژیێنێ و هەر خۆشی دەیانكوژێ و دەیانمرێنێ، ئەگەرنا (دینامیت) مەبەستمانی

بەدی دەهێنا... کە کوژران و لە کۆڵبوونەوەی سوڵتانە.

ئەگەرچی وەکو باس کراوە، شێخ کە ئەم شیعرە دەڵێ: ئەمین فەیزی-ی برادەری بەگاڵتەوە پێی دەڵێ: ئەگەر پاشا ئەمە ببیستێتەوە، بۆ تاراوگەیەکی زۆر دوور، دوورت دەخاتەوە.. شێخیش یەکسەر بادەداتەوە و دێرەکە دەئاخنێتە قاڵبێکی ترەوە دەڵێ:

جملەنك حافظی حقدر، (هو یحیی و یمیت)
پادشاه ظل خدادر، اونە نەیلر دینامیت[7]

واتە: پارێزەری هەر هەمووان خوایە، خۆی دەژیێنێت و هەر خۆشی دەیانکوژێ، پادشا (سوڵتان)مان سێبەری خوایە لەسەر زەویدا، دینامیت چی دەتوانێ لەو بکا؟!

ئەمانەی باس کران، باسی هەندێك لایەنی دەوروبەری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی سەردەمی شێخ ڕەزا بوون، بە کورتی. کە دێینە ناو باسەکە و وردەکاریی ژیانەکە، هێشتا هەڵسوکەوتی میری و بارودۆخی گەلەکەمان بەرچاو دەکەوێت و دەکرێ هەندێك نموونە بۆ ئەم لایەنانەش لە شیعری شێخ بهێنینەوە.

دەبێ بڵێین سەرەڕای ئەو هەموو مەینەتی و نەهامەتی و باج و سەرانەیەی لە میللەت وەردەگیرا و هەندێکی دەچووە ناو گیرفانی وردە بەرپرسان و پلەپلە پێی دەژیان و پاروویان پێ چەورتر دەکرد، بەشە زۆرە دەستنیشانکراوەکەی سوڵتانیش هەر دەبوو ئامادە بکرێ و بۆی بچێ تا کۆشك و تەلار و سەرا و شوورە و قەڵا و هی تری پێ دروست بکرێ، لۆنگریك کە باسی میریی عیراقمان بۆ دەگێڕێتەوە، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا دەڵێ: پارەیەکی زۆری بۆ ڕابواردنی لە تام بەدەری سوڵتان عەبدولعەزیز دابین دەکرد[8]. هەروەها کە باسی (نامیق پاشا)ی والیی بەغدا دەکا، دەڵێ: چیرۆکێکی زۆری لێ دەگێڕنەوە لە بارەی توانای

ڕێکخستنی کاروباری داراییەوە، کە توانیویەتی پارەیەکی زۆر بۆ سوڵتان عەبدولعەزیز بنێرێ بۆ ئەستەمبۆڵ تا کۆشکەکەی پێ دروست بکا[٩]. ئەم باسە، (عەباسولعەززاوی)ش دووبارەی دەکاتەوە[١٠].

لە کاتێکدا ئەمە حاڵی سوڵتان و دەسەڵاتدارەکان بووە، ژیان و گوزەرانی میللەتانی ژێردەستە، گەلێك دژوار و نالەبار بووە، شێخ ڕەزا وەکو یەکێك لەمانە، باسی خانووەکەی خۆی دەکات و دەبێتە نموونەیەك بۆ ئەو سەردەمە و دەڵێ:

حەوشەیەکم هەیە بە قەدەر لەپێ
ڕۆژ عیلاجی ئەکەم، بە شەو ئەتەپێ

مەنفەز و درز و ئاودزی هەرچەند
دەیگرم، دەیکوتم، بە دەست و بە پێ

شەو کە دێم دەم دەکاتەوە وەکو هار
وا ئەزانم سەگە و بەمن ئەحەپێ

سەر و ڕیشم لە تۆز و قسڵ و گەچا
وەك پەڵاسێکە پڕ لە ڕشك و سپێ[١١]

هەر لەگەڵ ئەمانەشدا، سوڵتان و میری، بەشە سەرباز و شەڕکەری لە ڕۆڵەی ئەم گەلانە هەر دەویست و لە سەردەمی شێخ ڕەزادا بەزمی قورعە (تیروپشك)یان داهێناوە. وا دیارە ئەو کاغەزی تیروپشکەی هێمای پیتی قاف (ق)ی پێوە بووە، خاوەنەکەیان بۆ سەربازی بردووە، سەربازیی ئەو سەردەمەش بۆ سەفەر بیرلگ (سەفەربەرلك) بووە کە ڕێی هات و نەهات بووە و هەزاران لاوی بێتاوان، بێ ئەوەی هیچ پێوەندی و بەرژەوەندییەکیان لەو جەنگانە بووبێ، چوونیان بووە و هاتنیان نەبووە.

لەو سەردەمەی شێخ ڕەزادا، شاهین بەگ ناوێکی بینباشی، کە ناوەکەی

بە کوردی شاهۆ دەگەیەنێ، بەڕێوەبەری قورعەی سەربازگرتن بووە لە کەرکووك و دیارە قورعەش بەرتیل و سەرانە و فڕوفێڵی تریش کاری تێدا کردووە. یەك لە پیاوانی شێخ ڕەزا ناوی لە قورعەی سەربازیدا دەرچووە و (قاف) کراوە.. شێخ ڕەزاش بەم دوو دێرە تورکییە جنێو و توانج لە کابرا دەگرێ و دەڵێ:

قاف ایدوب عسکر ایدردی سنی ألبت یراغم
زیر دستنده ملازم وار ایکن ایکی معین

أعوریت سکابر فیض خدا در یوقسه
أو قزل باشکه بر پنجه وواردی شاهین[١٢]

واتە: شێخ قسە لەگەڵ (هین)، قەڵەمە قامیشەکەی خۆی دەکا و دەڵێ: ئەم قەڵەمە، (شاهین بەگ) هەڵبەتە ناوی تۆی لە (قاف)دا دەردەکرد و دەی کردیتە سەرباز، کە لەژێر دەستت (ژێرت)دا دوو (مولازم)ی ئەفسەری یاریدەدەریشت هەیە، بەڵام چاو خێلیت (یان تاك چاویت) چاکەیەکی خواییە لەگەڵتدا کراوە دەنا، شاهین (وەك مەل و وەك شاهین بەگ) پەنجە و چڕنووکێکی لەسەرە ڕووتە سوورەکەی گیر دەکردی.

هەر ئەم بەزمی قورعە و سەربازگرتنە تۆبزییەی ئەوسەردەمە، چ لە زماندا و چ لە نەستی کۆمەڵایەتیی فۆلکلۆردا، دەکرێ لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ و فراوانی لەبارەوە بکرێ. بۆ نموونە دەستەواژەی (لە قافدا گیراوە)و ئەو دێرە شیعرە فۆلکلۆرییەی لە کۆنەوە ماوەتەوە و دەڵێ: (منداڵم بەخێو کرد، بەچای و شەکەر.. ڕەزاشا بردی کردی بە عەسکەر) و لەلای تورکمانەکانی کەرکووکدا کە دەڵێن: (قورعەسی قەرە چیخوپ) واتە: قورعەکەی ڕەش دەرچووە.. کە وشەی قەرە (واتە: ڕەش) لە تورکمانیدا وەکو قورعە و قاف بەپیتی (قاف) دەست پێ دەکەن... ئەمانە و گەلێکی تریش لەو بڕوایەدام، کە پاشماوەی ئەو سەردەمانە بن.

هەروەها ئەم بەزمی قورعەیە، ئەو گۆرانییە میللییە تورکمانییەشمان بیردەخاتەوە کە جۆرە هەستێکی سەرەتایی جیاوازیی چینایەتیشمان پیشان دەدا کە دەڵێ:

أمـان طـابـور، یـار... یـامـان طـابـور
زنگینلره بدل قبول، فقرایه الله صابر

واتە: ئەمان سەرکردەی تابوور، ئەی سەرکردەی بەدکاری تابوور[١٣]، دەوڵەمەندەکان بۆیان هەیە (بەدەل)ی پارە لەجیاتیی سەربازیکردن بدەن.. فەقیر و هەژاریش خوا سەبووریيان بدا.

لە سەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیزدا (١٨٣٠ – ١٨٧٦) کە لە سەردەمی سوڵتان عەبدولمەجیدی سوڵتانی پێش خۆیەوە، دەوڵەتی عوسمانی تووشی قەرزێکی زۆر بووە. خۆی و فوئاد پاشای سەدر ئەعزەم (واتە سەرەك وەزیرانی عوسمانی)، (١٨١٥ – ١٨٦٨) ویستوویانە و هەوڵی ئەوەیان داوە، ئەم قەرزانە بدەنەوە یان کەمیان بکەنەوە[١٤]. بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارە داکەوتووەی دارایی عوسمانییە، هەندێك یاسا دەرکراوە، ساڵی (١٨٧٢ – ١٨٧٣) بەپێی یاسا، کاروباری تاپۆ دامەزراوە[١٥]. ساڵی (١٨٧٤) یاسای باجی مەڕ و ماڵات جێبەجێ کراوە.. هەر لەم ساڵەوە لە بەغداش کەوتووەتە گەڕ[١٦] ئیتر هەر ڕۆژە و چەشنە باجێك لەم ڕەشوڕووتە وەرگیراوە، کەرانە و مەڕانە و سەرانە و سوورانە و گەلێکی تر، ناوی باجی جۆرەوجۆر و زاراوەی ئەو ڕۆژگارانەن، بۆمان ماونەتەوە.

شێخ ڕەزا لەجیاتیی خۆی و خەڵکیش، بێزاریی لەم باجانە دەربڕیوە و بە شیعر بەرەنگاری بووەتەوە و گاڵتە و قەشمەریی پێ کردووە. ساڵی (١٨٩٩ – ١٩٠٠) باجی مەڕ یان (مەڕانە) بە زێدەڕۆییيەوە یەخەی شێخیش دەگرێ و شێخ بەمجۆرە باسی دەکا:

یـا پشور گـردەنــە ساقـز گـبـی ایـرلمسی یـوق
صیـچـمـەمشدر بـو فـلك ذمت مـیری گبی بـوق
یـوق ایمش اون قـویـونم مـدت عـمـرمـده بـنـم
نـرەدن گـچـدی بـنم بـوینـومـە یـارب شو طوق[١٧]

واتـە: وەکو بنێشت بـە گـەردندا دەنووسیٚ و لێی نـابێتـەوە.. زەمـانـە (فـەلـەك) پیسایی وەك ویژدانی میریی نەکردووە، من کە بـە درێژاییی تـەمـەنم دە سـەر مـەڕم نـەبووە، لە کوێوە ئەم تـەوقە کرا بـە ملمدا خوایـە.!؟

خۆ مـەسـەلـەی کـەرانـە لە شیعری شێخدا جێیـەکی دیـار و بـەرینـی گرتووە.. ئـەم زاراوەی کـەرانـەیـە، دواتر، ئێستاشی لـەگـەڵدا بیٚ، هـەر لـەسـەر زاراندا بـووە و واتــای بــاجێکی لـە خـوتـوخـۆڕایـی وەرگـیراو دەگـەیـەنیٚ.. شێخ لـە شیعرێکیدا بـاسی سـەرانـە و کـەرانـە دەکات و لـە دێری یـەکـەمیدا دەڵیٚ:

شرعــا یــوغـیـکـن مـلـت إسلامــە سرانــە
قـانوونـە إطاعت دییـەرك أولدی بـهانـە

واتـە: بـەپێی شـەرعی ئیسلامـەتی، میللـەتی موسڵمـان سـەرانـەیـان لـەسـەر نییـە و نـابیٚ لێیـان وەربگیریٚ، بـەڵام گوێڕایـەڵیی قـانوون کرایـە بیـانوو بۆ وەرگرتنـەوەی، ئینجا لـە دێرێکی تردا دەڵیٚ:

أمــر حــق ایــلــە واجب أولـوالأمـرە إطـاعت
بــو نسبت ویـرمسی فـرض أولـدی کـرانـە[١٨]

واتـە: بـەپێی فـەرمـانی خوا گوێڕایـەڵی بـەرامبـەر کـاربـەدەستـان پێویستـە، بـەم پێیـەش (کـەرانـە) بوو بـە فـەرز و دەبیٚ بدریٚ..

لـە دێرێکی تریدا شێخ بـەتوانجـەوە دەڵیٚ:

خر نـادان فقیری دیلە گوتمشدی جهان
قویمدی دور فلك أنی دە راحت یشاسون

واتە: جیهان کەری نەزان و بەستەزمانی خستە سەر زارانەوە. زەمانە و دەور نەیهێشت ئەویش بە ئاسوودەییی بژی و ئەویش وەك ئەو خەڵکە تووش بوو. یانیش دەڵێ:

عـالمە عـام اولـدیـغـنـدن إلـتـفـات پـادشاه
خر دخی بر اد قزاندی سایەء شاهانەدن[١٩]

واتە: چونکە چاودێری و چاکەی پادشا (واتە سوڵتان) گشتگیرە و بۆ هەمووانە، بۆیە لە سایەی شاهانەدا کەریش ناوێکی پەیدا کرد.

ڕوو دەکاتە خەڵکی و دەڵێ:

جناب حق سزی حفظ ایلسون بر محض شر گلدی
أهالی صاقلاسون مرکبلری مأمور خر گلدی[٢٠]

واتە: جەنابی خوا بتانپارێزێ، شەڕ و خراپەیەکی ڕووت هات، خەڵکی با گوێدرێژەکانیان بشارنەوە، ئەوا بەرپرسی کەران پەیدا بووەوە.

تەنانەت شێخ ڕەزا ئەوەندەی باسی (حەمزە پاشا)ی موتەسەریفی کەرکووکی کردووە کە باجی کەرانە لە سەردەمی ئەودا پەیدابووە، بە تورکی و کوردی هەر قسەی پێ گوتووە.. تا ناوی لێ نراوە (حەمزە حیماری).. شێخ دەڵێ:

ئـاوازی تـڕی، بـۆنـی تسی، حـەمـزە حـیـمـاری
ئافاقی هەموو گرتووە، وەك هەوری بەهاری[٢١]

یان لە شیعرێکی دوو دێریدا دەڵێ:

بـابـکـەم هـەجـوی (حـیـمـاری) ڕەگـی جـەرگـی ببـڕم
هـەروەکـو چـاوی نـەشۆرا و کـوزی دایـکـی بـدڕم

شەهوەتم هاتووتە جونبوش وەکو دەریایی (عومان)
لازمـە مـاچـەکـەرێ مـیسلـی حـیـمـاری بـکـڕم[٢٢]

کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەی شێخ بە زۆری ژیانی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بووە، گوند و زەویی دەوروبەر گەلێك بە بایەخ بووە. لەگەڵ بازرگانییەکی کەمدا، ئەمانەش باجی میری و ڕێگر و چەتە هەڕەشەی زۆری لێ کردوون، بۆیە لەم جۆرە شیعرانەدا ڕەنگیان داوەتەوە و گەلێکی ناوشاریش هەر سەرچاوەی ژیان و بژێوی و گوزەرانیان لەوێوە بووە... ئەوانیش لەبەر دوورەدەستیی میری، چەوسانەوەی کاربەدەست و تاڵان و بڕۆ پتر کاری لێ کردوون.

کە دێینەوە ناو شار، بەو هەڵسوکەوت و بەزم و ڕەزمی ڕابواردنی ڕۆژانەوە بۆمان دەردەکەوێ کە بێکارییەکی زۆر لە ئارادا بووە.. سستی و بێزاری، کاری خۆیان کردووە و جۆری گوزەرانی دەستنیشان کردووە. ئەو جۆرە کات بەسەربردن و ڕابواردنانەش بۆ هەموو کەسێك نەبووە و شێخ کە باسی گوزەرانی ناو شاری کەرکووك دەکا دەڵێ:

کەبابی گۆشتی بزن، فاکیهەی بەری خڕنووك
لە من بپرسە سەفای شارە حیزەکەی کەرکووك[٢٣]

هەندێك لەو جۆری ڕابواردنانە. لە شیعری شێخ ڕەزادا ڕەنگیان داوەتەوە. لە هەندێك شوێن و کۆڕدا، هەندێك گاڵتەباز و قسەخۆشیان هێناوە و پێیان ڕابواردووە یەك لەوانە (خلەی کەزی) ناوێك بووە کە لە شاری کەرکووکدا تا ئێستاش ناوی هەر ماوە و وەکو قەشمەرێك بووەتە زاراوە، شێخ لە شیعرێکیدا ئاماژەی بۆ کردووە و دەڵێ:

ڕووم کردە بەزمی خاسی برازا ئەزیزەکەم
ئەم شەو بەسەد تەوازوع و ئیخلاس و سەرکزی

ڕوانیم لە درزی قاپییەوە، خۆی و تابیعان
دانیشتبوون دوو ریزە لە دەوری (خلەی کەزی)[٢٤]

هەروەها دەبینین لەو سەردەمەدا ئەو یارییە کراوە کە ئێستا لە

کەرکووك (سینی زەرف) و لە هەولێر (سینییانێ)ی پێ دەگوترێ، وەك لە شیعرەکەدا شێخ ڕەزا باسی لێوە کردووە دیارە ئەوسا لە کۆیە ئەو یارییە کراوە و پێیان گوتووە زەرفێن. شێخ ڕەزا دەیەوێ جنێو بە کابرایەك بدات و دێ ئەم یارییە باس دەکا و بەم هۆیەوە گەلێك قسەی پێ دەڵێ و یارییەکە و ئامرازەکانی بە دوو واتا بەکاردێنێ و لە چەند دێڕێکیدا دەڵێ:

ئەی مەلا قەت تۆ لە (زەرفێن)دا وەها خێرا نەبووی
یا لە حیزیی بەختی من یا مۆرەکەت مووی پێوە بوو

حاڵ لە سێ حاڵی نییە توخودا بەڕاستی پێم بڵێ
مووی سمێڵت، یا بەرت، یا کلکی یابووی پێوەبوو..[٢٥]

شیعرەکانی شێخ ڕەزا ئەوەشمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە شەڕە کەڵەشێریش باوی هەبووە و یەکێك بووە لە هۆیەکانی ڕابواردن کە بۆ گرە و لەسەرکردنیش هەر دەکرا، شێخ دەڵێ:

کەڵەشێرێ بە (ڕەزا) لازمە کرماشانی
زیرەك و چابوك و دەم گەرم و دڕ و شەڕانی

کەڵەشێرێ، کە قەپی گرت لە بناگوێی کەڵەشێر
پڕ بەدەم بیپچڕێ وەك سەگی هەورامانی

کەڵەشێرێ کە ئەگەر شێری نەڕی بێتە مەساف
ڕایڕفێنێ بەشەقێ میسلی کەری تالانی[٢٦]

لەم شیعرەدا کە شێخ ڕەزا داوای کەڵەشێری تێدا دەکا، بڕوانە چۆن ناڕاستەوخۆ تایبەتمەندییەکانی کەڵەشێری شەڕمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.. هەروەها ئەوەشمان بۆ دەردەخا کە ئەوسا کەڵەشێری کرماشانی و سەگی هەورامان ناوبانگییان هەبووە، جگە لەوەش کە تالان و بەتالان بردنی هەر لە بەرچاودا بووە.

هەر لە شیعری شێخ ڕەزاوە دەردەکەوێ کە چوونە ڕاو و نیشانشکێنی، یەك لە جۆرەکانی ڕابواردن و وەرزشی ئەو سەردەمە بووە، لەوانەیە بۆمان بلوێ ئەمەش بە پاشماوەی سەردەمی ڕاووشکاری کۆمەڵگەکە دابنێین. شێخ دەڵێ:

شێخ محەمەد عەلی یو چەند نەفەرێ چووینە ئۆجاغ
گشت بەکەیف و بە نیشات و بەسروور و بەدەماغ

گەرچی چەند ڕۆژێ بوو تەعلیمی تفەنگبازیی ئەکرد
ڕۆستەم ئاسا چووە پارێز لە یەکێ تیتلەبوجاغ

هەر کە ئەنگاوتی وتم دەك دەس و بازووت نەڕزێ
هەر کەسێ پێت نەڵێ ڕۆستەم، تەرەسە و قوڕمساغ[٢٧]

لەو سەردەمانەدا کەرکووك وەك کۆمەڵگایەکی پارێزگار و بەداوونەریت، کە ئاینیش کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەردا هەبووە. بۆیە بۆ ژن نەبوو سەما بکا یان گۆرانی لە شوێنێکی گشتیی لە ژن و پیاو تێکەڵدا بڵێ.. مەگەر لە بۆنە تایبەتییەکاندا و تەنیا بە ئامادەبوونی دەستە خوشك و خزمە ئافرەتەکانی خۆی و لە دەرەتانێکی تەسکدا نەبێ. لەبەر ئەوە، هەروەکو تا چەند ساڵێك لەمەوبەر لە شانۆی کوردیدا دەکرا، پیاو جلی ژنانەی لەبەر کردووە و لە شایی و زەماوەند و بۆنەکاندا سەمایان کردووە.. یەك لەو سەماکەرانەی سەردەمی شێخ (شەوقی) ناوێك بووە ئەو ڕۆڵەی بینیوە. شێخ بەدوو دێرە شیعری تورکی باسی کردووە و کاری ئەو سەماکەرەیەی لەو خەڵکە ئاماژە پێ کردووە:

قورقرم قبری ایچرە (شوقی)نك أو نازك پیکری
باشقە بر افکارە سوق ایتسون نکیر و منکری

بن گبی چوق کیمسەیی یولدن چیقارمشدر، براق
ایلسون الودە دامان اول ایکی اخر شری[٢٨]

واتە: دەترسم پەیکەری ناسکی شەوقی لەناو قەبرەکەیدا

نەکیر و مونکەر بەلارێیەکی تردا ببات و بیری پێشووتریان بگۆڕێ

گەلێك کەسی وەك منی لە ڕێ دەرکردووە، لێگەڕێ

با داوێنی ئەو دوو (ئاخر شەڕ)ەش ئالوودە و پیس بکا.

پێم وایە بێ جێیی نابێ هەندێك لە بەرنامەی وتارەکەم دەرچم و بڵێم: شێخ عەبدولقادر (فائض)ی تاڵەبانی (١٢٥٠ ی کۆچی / ١٨٣٤ – ١٨٣٥ی ز = ١٣١٥ی کۆچی / ١٨٩٧ – ١٨٩٨ی زاین)ی برا گەورەی شێخ ڕەزا کە شاعیرێکی سۆفیی خواپەرست بووە، مامۆستا عەتا تەرزی باشیی لێکۆڵەرەوەی تورکمان دەڵێ: لە شاعیرانی پلە یەکی کەرکووك دەژمێررێ، هێشتا جێی شایستەی خۆی لە مێژووی ئەدەبی تورکیدا وەرنەگرتووە[٢٩]. هەروەها هەندێك لە شارەزایانی ئەدەبی تورکی دەڵێن: لە هەموو شیعری کلاسیکی تورکدا. تەنیا (فزووڵی)ی شاعیری لێ دەرچێ هاوتای نییە. ئەم شێخ (فایز)ەش باسی یەك لەو سەماکەرانەی کردووە، ناوی کوچوك ئیبراهیم، واتە (ئیبراهیمی گچکە) بووە و لەو شیعرەیدا وێنەیەکی تێکڕای جلوبەرگ و چارپارەی پەنجەکانی و گەلێك لە جۆرەکانی سەمای ئەو سەردەمە دەکێشێ و ئەو ئامرازە مۆسیقاییانەی لەگەڵ سەمادا بەکار هاتووە باس کردووە. یەکەم دێری شیعرەکە ئەمەیە:

أمـــان أول شوخ رقـــاصك اويـــونـــده چـــرخ دورانـــی

بـاتیردی چرخی، نەچرخی؟! بـیتوردی دوری دورانی[٣٠]

واتـە: ئـەمـان چـەرخـی سووڕانـەوەی ئـەو شۆخـە سەمـاکـەرەیـە، لـە سەماکردندا

چـەرخـی (زەمـانـە)ی نـوقـم کـرد، چـەرخـی چـی، سووڕی گـەردوونـی لەناوبرد.

ئەم بەزمی جل گۆڕینە نەك هەر لە کەرکووکدا، بگرە لە بەغداشدا هەر

لەو سەردەمەی شێخدا هەبووە، قاوەخانەیەك لە گەڕەکی (مەیدان)ی بەغدادا کە ناوی (قاوەخانەی سەبع) بووە، کوڕە سوورياييیەکی لاوی جوانکیلە دەهێنن ناوی (نەعیم) دەبێ و جلی ژنانەی لەبەر کردووە و شەوانە لەو قاوەخانەیەدا سەمای کردووە کە بەیەکەم شەویانەی بەغدا دەژمێررێ.

شێخ ڕەزا ئەوسا لە بەغدا دەبێ، دیارە لە کاتی سەماکردنیدا چاوی پێ کەوتووە و شیعرێکی پێدا گوتووە، لە دێری یەکەمی ئەم شیعرە تورکییەدا دەڵێ:

برنعیم أدلو صنم گلمش دیار شامدن

زن او زن کیم بویله محبوبی چیقارمش امدن[31]

واتە: پەیکەرێکی نەعیم ناو لە وڵاتی شامەوە هاتووە

ژن ئەو ژنە، کە خۆشەویستێکی وەهای لە (هین)ەوە دەرهێناوە.

ئەم (نەعیم)ە زۆر کاری لە خەڵکی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە کوڕێکی داوێنپاك بووە و تەنیا بۆ نان پەیداکردن ئەوکارەی کردووە، کابرایەك عاشقی دەبێ و داوای کاری خراپی لێ دەکا و نەعیم دەستی ناداتێ، شەوێك بە سەرخۆشی دێتە سەری و دەیداتە بەر گوللە و دەیکوژێ.. شێخ ڕەزا شیعرێکی تر بۆ لاواندنەوەی دەڵێ و تێیدا هێرش دەباتە سەر کابرای بکوژ[32].

ئەو سەردەمەی شێخ ڕەزای تێدا ژیاوە، بارودۆخێك بووە، کێشەی ڕێبازی ئاینی و عەشایەریی تێدا پەرەی سەندووە، ئەمەش وەنەبێ لە خۆیەوە هاتبێ، لەبەر ئەوە پێویستی بە لێوردبوونەوە و لێکۆڵینەوەی ورد و زیرەکانە هەیە و پێویستە بە جۆرێك هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێ کە چارەسەری شوێنەواری ناکۆکییەکانی پێ بکرێ، بۆ ئەوەی کۆمەڵگاکەمان پترو پتر بەرە و ژیانی مەدەنیی هاوچەرخ بڕوا، کە من

لێرەدا نەمویستووە خۆمیان لێ بدەم.

بەر لەوەی کۆتاییی بە باسەکەم بهێنم، دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە شیعر لەو سەردەمانەدا ڕۆڵێکی گرینگی ڕاگەیاندنی هەبووە و کاریگەرییەکی تەواوی بووە.

هەندێك کەسیش تەنانەت بۆ مەبەستی خودی خۆیان بەکاریان بردووە و تەنانەت پارەشیان پێ داوە. نموونەی ئەمەمان لەو چەند دێرە شیعرە تورکییەدا خۆی دەنوێنێ کە لە دەستنووسێکی (شێخ محەمەد نەجیبی شێخ عەلی-ی شێخ عەبدولڕەحمانی خاڵص-ی تاڵەبانی)دا نووسراوەتەوە و تا ئێستا بە بڵاو کراوی بەرچاو نەکەوتووە و لە سەرەوەی شیعرەکەدا ئەم ڕوونکردنەوەیەی لە بارەوە تۆمار کراوە: ئەو دەمەی ڕەفیق پاشای میر لیوا فەرماندەی تیپ (فرقە) بووە لە کەرکوك، لە کەریم بەگ ناوێکی قایمقامی سەربازی تووڕە دەبێ و بڕیاری یەك مانگ بەندکردنی دەدا، دوای بەسەرچوونی مانگەکە، سواری کەرە سپییەکەی دەبێ کە گوێدرێژێکی چاك بووە و دێتە لای شێخ ڕەزا ئەفەندی و پێی ڕادەگەیەنێ کە میر لیوا بەناهەق بەندی کردووە، بۆیە ئەگەر شێخ بە غەزەلێکی شیعری بە کەرەکەیدا هەڵبدا و لەگەڵیدا میر لیواشی تێدا دابشۆرێ، یان کەرەکەی یان نرخی کەرەکەی کە پازدە لیرە بووە- دەدا بەشێخ، لەسەر ئەمە، شێخ ڕەزا ئەم غەزەلە دەڵێ و بە کەرەکەدا هەڵدەدا و میر لیوا دادەشۆرێ، کە غەزەلەکە بڵاو دەبێتەوە، کەریم بەگ پازدە لیرەکە دەداتە شێخ. دێری یەکەمی شیعرەکە دەڵێ:

صالسه صیاد قضا اردینه گورگی أجلی
تا قیامت بوخرك خایەسنه ایرمز ألی

واتە: ئەگەر ڕاوکەری فەرمانی خوا گورگی (ئەجەل)ی بەدوو بخا، تا قیامەت دەستی ناگاتە گونی ئەم گوێدرێژە.

له دێری کۆتاییدا دەڵێ:

حاضر ایت جائزەیی عهد و وفا ایله بگم
ایشته سن، ایشته رضا، ایشته رضانك غزلی

واته: پاداشتەکە ئامادەکە بەگم، بەڵێن بەجێ بهێنە، ئەوە تۆ و ئەوەش ڕەزا و ئەوەش غەزەلەکەی ڕەزا.

کەسێکی وەکو شێخ ڕەزا، لەگەڵ ئەوەشدا کە زانیویەتی و بەخۆی دەڵێ:

زوبدەی مەتاعی حیکمەتە ئەم شیعری کوردییە
هەرزانە بێ موبالەغە حەرفی بەگەوهەرێ

جامەی حەیاتی عاریەت کورتە زینهار
ئاڵوودە دامەنی مەکە بۆ پێچی مێزەرێ[٣٣]

ئەوەش دەزانێ، لە سەردەمێکی ئاڵۆز و پڕ کێشە و دواکەوتووی وەك سەردەمەکەی خۆی قەدری شیعر گرتن خەیاڵێك بووەو سوودی نەبووە، بۆیە لەو شیعرەیدا کە بۆ زانایەکی وەك مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە (بە فارسی) دەنووسێ و دەڵێ:

عیب در ذرات تو ای کان کرم معدوم است
مگر این عیب که لحم علما مسموم است

شعر من، در هرسو از همه کشور ساری
علم تو، در همه جا بر همەکس معلوم است

میرود شعر من و علم جهانگیر شما..
هرد و بی فائده، تا جای اقامت روم است[٣٤]

واتە: کەموکووڕی لە خودی تۆدا – ئەی کانی میهرەبانی – هەر نییە. مەگەر ئەوەی کە دەڵێن گۆشتی زانایان ژەهراوییە و تاڵە و بەمار و

مووری ناو گۆڕ ناخورێ.

شیعری من لە هەموو لایەکدا و بە هەموو کیشوەرێکدا بڵاوە.

زانستی تۆ لە هەموو جێیەك، لای هەموو کەس ئاشکرایە.

شیعری من و زانستی جیهانگیری ئێوە هەردووك بەبێ سوود دەڕۆن، تا جێی دانیشتنمان ولاتی ڕۆمە (مەبەست لە ولاتی ڕۆم ئەو خاکەیە کە لەژێر دەسەلاتی عوسمانیدا بووە و لە ڕۆمە بیزەنتییەکانیان گرتووە.)

شێخ لەو شیعرە فارسییەشیدا کە بۆ عالی پاشا (١٨١٥ – ١٨٧١ ی. ز)ی سەدر ئەعزەم–ی عوسمانیی گوتووە[٣٥]، لە دێری یەکەمدا دەڵێ:

مزن بیهوده از فضل و هنر ای یــار همدم دم
که از فضل و هنر بهتر بود دینار و درهم هم

واتە: ئەی یاری هاودەم، بێ سوود دەم لە هونەر و داهێنان مەدە، کە دیناریش و درهەمیش لە هونەر و داهێنان باشترە.

لە دێری چوارەمدا دەڵێ:

بهر جا شاعری خوش لهجەی شرین زبان بینی
بـود اوضاع او چـون قـوەی گـفـتـار ابـکـم کم[٣٦]

واتە: لە هەر کوێیەك شاعیرێکی شێوازخۆش و زمان شیرینت بینی، گوزەران و باری ژیانی کەمی وەك هێزی قسەکردن و ئاخاوتنی زمانە لاڵەکانە.

کەواتە شیعر و شاعیر لەناو کۆمەڵگە دواکەوتووەکانی ژێر دەسەلاتە زۆردارە دیکتاتۆرییەکاندا هیچ بایەخێکیان نییە، مەگەر بۆ بەکارهێنانیان لە خزمەتی ڕاگەیاندن و ناو بەرزکردنەوەی خۆیان. شێخ زۆر چاك ئەمە دەزانێ و هەستی بەوە کردووە کە لە سەرەتاوە شەونخوونیی کردووە و ژیان و گوزەرانی خۆی بۆ ناوبانگ دەرکردن یان بۆ خزمەتکردن کردووەتە قوربانی.. گەلێك جاریش سەیری ژیان و

گوزەرانی خۆی کردووە. لەوانەیە جاروبار پەشیمان بووبێتەوە و ئەم پەشیمانییە وای لێ کرد بێ کە بڵێ:

بر قوری نامی قز انمقده (کرضا) فائده نه
استخوان ریزه شطرنجه دخی شاه دینر[37]

واتە: شێخ ڕەزای شاعیر خۆی دەدوێنێ و دەڵێ: تۆ وەکو شاعیر، وەدەستخستنی ناوێکی وشك و ڕەق و تەق چ سوودێکی هەیە، خۆ پارچە ئێسقانێك کەوا بۆ شەترەنج کراوەتە شا، هەر شای پێ دەڵێن.. بەڵام ئەوەش هەر ناوە و بەس.

پەراوێزەکان:

١- دیوانی شێخ ڕەزا، ل ٣٤ .

٢- ترزی باشی، کرکوك شاعرلری - جـ ٢ - ص ١٤٤ - ١٤٥.

٣- سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٨.

٤- دیوان، ل ٣.

٥- ادموندس، کرد وترك و عرب، ص ٢٦٥.

٦- عون اللّه الکاظمي، دیوان عرفی و، ص ٣٥ - ٤٢.

7- Inal- Son Asir Turk ,sairleri-c-2- s.1479

٨ - لونگریك، أربعة قرون من تاریخ العراق الحدیث، ص ٣٧٤.

٩- هەمان سەرچاوە، ص ٣٤١ .

١٠- عباس العزاوي، تاریخ العراق بین احتلالین، جـ ٧، ص ١٣٥ - ١٣٦.

١١- دیوان، ل ٥٢ - ٥٣.

١٢- ترزی باشی، س. پ - ب ٢ - ل ١٥٢.

١٣- تابوور: لە ٨٠٠ سەرباز پێك دەهات.

١٤- أحمد رشدی، تاریخ عثمانی، ایکنجی قسم - ص ٥٠٧ .

١٥- العزاوي، هەمان سەرچاوە - ب ٨ - ل ١١ - ١٢.

١٦- هەمان، ص٢٤.

١٧- ترزی باشی، هەمان سەرچاوە- جـ ٢، ص ١٦٣ - ١٦٤.

١٨– هەمان، ص ١٦٤ – ١٦٥.
١٩– هەمان، ص١٦٦.
٢٠– هەمان هەر ئەو شوێنە.
٢١– دیوان، ل ٧٩.
٢٢– هەمان، ل ٦١.
٢٣– هەمان، ل ٨٠.
٢٤– هەمان، ل ٥٤.
٢٥– هەمان، ل ٣٥.
٢٦– هەمان، ل ٥٠.
٢٧– هەمان، ل ٧٣٣٧.
٢٨– ترزی باشی، هەمان، جـ ٢، ص ١٦٤.
٢٩– هەمان، جـ٢، ص ٨٧.
٣٠– هەمان، ص ١٠٤.
٣١– دیوان، ل ٢٣٤.
٣٢– ترزی باشی – هەمان، جـ ٢، ص ١٧٠ و پەراوێزەکەی.
٣٣– دیوان، ل ٦٥.
٣٤– هەمان، ل ١١٣.
٣٥– Inal هەمان، هەر ئەو شوێنە.
٣٦– دیوان، ل١٥٠ – ١٥١.
٣٧– هەمان، ل ٣١٤.

سەرچاوەکان:


١– دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، کۆکەرەوە و لە چاپ دەرەوەی: عەلی تاڵەبانی، چاپخانەی مەعارف، بەغدا (١٩٤٦).
٢– عطا ترزی باشی (أوقات)، کرکوك شاعرلری، ایکینجی جلد، زمان باصم ئەوی، بغداد، (١٩٦٣).
٣– أحمد رشدی، مکمل تاریخ عثمانی، ایکنجی قسم، ارتین اصادوریان و مخدوملری مطبعه سنده طبع اولنمشدر، استانبول، (١٣٢٧).

٤- عون الله الكاظمى، ديوان عرفى و عون الله الكاظمى، السلام مطبعه سنده طبع اولنمشدر، بغداد (١٣٢٩).

5- Inal (Ibnul, Emin Mahmut kemal, Son As1r Türk Sairleri, Milli Egitim Basgmevi, Istanbul, 1969.

٦- ادموندس (سيسيل جون ادموندس)، كرد و ترك و عرب، ترجمة- جرجيس فتح الله، مطبعة التايمس، بغداد، (١٩٧١).

٧- عباس العزاوي، تاريخ العراق بين إحتلالين، الجزئين السابع و الثامن، شركة التجارة و الطباعة المحدودة، بغداد، (١٩٥٥).

٨- لونگريك (س.ه. لونگريك) أربعة قرون من تاريخ العراق، ترجمة: جعفر الخياط، الطبعة الخامسة، نشر مكتبة التحرير، بغداد (بدون سنة الطبع).

٩- دەستنووسێكی شێخ محەمەد نەجیبی شێخ عەلی-ی شێخ عەبدورەحمانی (خاڵس)ی تاڵەبانی، كە برازای شێخ ڕەزایە، ئەم دەستنووسە دەفتەرێكە، كۆمەڵە شیعرێكی شێخ ڕەزای تێدا نووسراوەتەوە كە هەموو بەتوركین. چەند شیعرێكی بڵاو نەكراونەتەوە.

***

ڕۆژی چوارشەمە ١٢ / ٥ / ٢٠٠٤ لە میهرەجانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی-ی وەزارەتی ڕۆشنبیری - لە سلێمانی - لە هۆڵی دیالۆگ خوێنراوەتەوە و.. لە ژمارە (٩٨)ی تەمووزی ٢٠٠٥ی كۆواری ڕامان-دا بڵاو كراوەتەوە.